Kurdistannet کوردستان نێت

# تیرۆرو تیرۆریزم

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی مێژوویی‌و سیاسییە

کارزان محەمەد

##ستراکتوری لێکۆڵینەوەکە

**بەشی یەکەم: چەمك و مێژووی تیرۆریزم**

فەسڵی یەکەم: چەمك و مانای تیرۆریزم

-لەڕووی زانستی زمانەوانی

-لەڕووی زانستی یاسایی

-لەڕووی زاستی سیاسی

فەسڵی دووەم: ڕەهەندو قۆناغە مێژووییەکانی تیرۆریزم

-قۆناغی یەکەم.

-قۆناغی دووەم.

-قۆناغی سێیەم.

فەسڵی سێیەم: شەپۆلەکانی تیرۆریزم

-شەپۆلی یەکەم.

-شەپۆلی دووەم.

-شەپۆلی سێیەم.

-شەپۆلی چوارەم.

فەسڵی چوارەم: خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزم

فەسڵی پێنجەم: فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم

**بەشی دووەم: پێکهاتەو ستراکتوری تیرۆریزم**

فەسڵی یەکەم: تیرۆریست و قوربانی

فەسڵی دووەم: ڕێگاکانی تیرۆر

**بەشی سێیەم: ئاست و کات و مۆدیلەکانی تیرۆریزم**

فەسڵی یەکەم: بەپێی دابەشبوونی جیۆگرافی

-ناوچەیی و نەتەوەیی

- نێودەوڵەتی

فەسڵی دووەم: بەپێی جۆرو مۆدیلەکانی

١) تیرۆریزمی چەکدارانە

٢)تیرۆریزمی سیاسی

٣) تیرۆریزمی کۆمەڵایەتی

٤) تیرۆریزمی فکریی و جەستەیی

٥)تیرۆریزمی دەوڵەتی

Kurdistannet كوردستان نێت

٦) تیرۆریزمی ئایدیۆلۆژیو مەزهەبی
٧) جۆریتری تیرۆریزم
فەسڵی سێیەم: بەپێی دەرکەوتنی
-هەمیشەیی
-کاتی یاخود ناوبەناو
فەسڵی چوارەم: بەپێی ستراتیژو ئامانج
-ئاراستەکراو
- ئاژاوەگێڕیو پەشێوی
**بەشی چوارەم: بەگژداچوونەوەو بنەبڕکردنی تیرۆریزم**
فەسڵی یەکەم: یاسایی
فەسڵی دووەم: سەربازی
فەسڵی سێیەم: ڕاگەیاندنو ماس میدیا
فەسڵی چوارەم: دیالۆگو بەکلتورکردنی هزری ناتوندوتیژی
**ئەنجام**
**پاشکۆ:** دەقی بڕیاری (١٣٧٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر

# پێشەکی

لەئەدەبیاتی کوردیدا چەردەیەکی زۆری لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی تیرۆریزم نابینریٚو ئەوەی لەم بارەیەوە نوسراوە، زیاتر ڕاپۆرتی رۆژنامەگەریو وتاری ئایدیۆلۆژییە، نەك لێکۆڵینەوەی زانستی. نوسین لەسەر ئەم بابەتە بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە بۆ یەکەمجار لەمێژوی سیاسیماندا لەکۆتایی سەدەی رابردوو وسەرەتای ئەم سەدەیە پەیدابونی چەند گروپێکی توندڕەوی لەکوردستاندا بەخۆوە بینی وەك گروپەکانی جیهاد، تەوحید، حەماسو جوندولئیسلام کەدواتر ناوی خۆی کردە پشتیوانانی ئیسلام ئەو گروپانەی کە رەفتارو هەڵسوکەوتو شێوەی کارکردنو پێکهاتەی ئایدیۆلۆژییان هاندەرن بۆ دانانیان بەگروپی تیرۆریست.

تیرۆریزم بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوە، تەنها دیاردەیەك نییە کە کاریگەریی خراپ لەسەر ئاسایش بەجیٚدێڵێت، بەڵکو بەشێوەیەکی کاریگەرترو قوڵتر کاریگەریی خراپ لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان بەجیٚ دێڵیٚو لەم روانگەیەوە هەر سیاسەتێك کە ئامانجەکەی نەهێشتنی یاخود بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمە، لەگەوهەردا سیاسەتێکە بۆ فەراهەم کردنی گونجاوترین هەلومەرج بۆ پرۆسەی پەرەپێدان بەهەموو دوراییەکانییەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە کارزان محەمەد پێشکەشی کردووە، بەوە لەنوسینەکانی پێش خۆی جیا دەکرێتەوە کە تێروتەسەلترەو تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەنە گرنگەکانی دیاردەکەی بەوردی کۆڵیوەتەوەو پشتی بەچەردەیەك سەرچاوەی گرنگ بەهەر سیٚ زمانی کوردیو عەرەبیو فارسی بەستووە. کتێبخانەی کوردی بەختەوەرە بەوەی کە ئیتر کتێبێکی وا لەخۆدەگریٚ.

وەرچەرخان بەلای تیرۆریزمدا بەبیانوی ستەملێکراویو بەمەبەستی پیادەکردنی لەبارترین ڕێوشوێن بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە سیاسییە ئاڵۆزەکانو سزادانی زەوتکەرانی ماف، جگە لەوەی لەڕووی لۆجیکەوە پشت بەپاساوی پتەو نابەستیٚ، تێکەڵیو شێواوییەك لەنێوان تیرۆریزمو خەباتی چەکداریش دروست دەکات، وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە.

فەلەستینییەکانو کورد لەم بارەیەوە دوو نمونەی زۆر لێك جیاوازن. لەکاتێکدا دەشیٚ تیرۆرکردنی وەلی عەهدی نەمسا لەساڵی ١٩١٤دا بەسەرەتای دەستپێکی تیرۆریزمی مۆدێرن بژمێردریٚ، دەشیٚ ساڵی ١٩٦٨، کاتێك چەکدارەکانی بەرە مارکسیستەکەی رزگاریی گەلی فەلەستین کەوتنە ڕفاندنی فڕۆکەکانی ئیسرائیل، بەسەرەتای دەستپێکی سەردەمی تازەی تیرۆریزمی هاوچەرخ بژمێردریٚ. لەدوا دە ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، فەلەستینییەکان بەبیانوی بیٚ ئومێدبون لەچارەسەری مەسەلەکەیانو پەنگ خواردنەوەی رقو کینەیان بەرامبەر بەئیسرائیل، گۆڕانێکی ریشەییان بەسەر پێکهاتەی تیرۆریزمدا هێناو هانایان بردەبەر رێوشوێنێك کە لەمەوبەر هیچ لایەنێك، لانی کەم بەو سیستماتیکییە، بەکاری نەهێنابوو، ئەویش هێرشی فراوانی خۆکوژییە. ئەگەرچی تاکتیکی بەکارهێنانی هێرشی خۆکوژی لەزۆر شوێندا پێشینەی هەیەو لەزۆر شوێن تاقی کراوەتەوە، بەڵام پەرەدانی فەلەستینییەکان بەو رێوشوێنە سیٚ ئاستی گرتەوە:

ئاستی یەکەم کە لەهەمویان گرنگترو سەرنج ڕاکێشترە، کردنی تاکتیکی هێرشە خۆکوژییەکانە بەتاکتیکی سەرەکیی تێکۆشان لەدژی ئیسرائیلو ئافەرۆزکردنی تەواوی شێوەکانیتری رووبەڕووبونەوەی توندوتیژانەیە. بەمشێوەیە، فەلەستینییەکان جەنگێکی تازەیان داهێنا کە ئامڕازە سەرەکییەکەی سەربازێکە کە بەشێوەی خۆکوژو بۆ یەك جار خۆی دەنوێنیٚ.

ئاستی دووەم، فراوان کردنی پانتایی چەمکی دوژمنە بەڕادەیەك کە ڕووخسارێکی گشتلاییو سەرتاپاگیر بەخۆیەوە بگرێ. بەم پێیە چەمکەکە تەنها بەوە داناکەوێ کە دوژمن تەنها تاك، دەسەڵات، سوپا، دامودەزگای داپڵۆسێنەر، کاربەدەستانی دەوڵەت بگرێتەوە بەڵکو تەواوی کۆمەڵ دەگرێتەوە، بەمپێیە بەکارهێنانی زەبروزەنگ هیچ سنورێکی نامێنێو ململانێ توندوتیژەکە بەرەهایی هەموو چەشنە بەهایەکی ئەخلاقیی لێ دادەماڵدرێ.

ئاستی سێیەم، پشت بەستنی تیرۆریزمی فەلەستنییە بەهەرزەکارانو مێردمندالانی توندڕەو بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە خۆکوژییەکان بەبێ ئەوەی پەی بەوە ببرێ کە ئەم چەشنە شێوە کارکردنە، دەبێتەمایەی کلۆرکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی فەلەستینییەکانو ڕاهێنانی نەوەیەکی تەواو لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە پێکەوەژیانو تێگەیشتنێکی مەدەنیو ئاشتیخوازانە.

کورد بەپێچەوانەی فەلەستینییەکانەوە، سەرەڕای شکستە یەك لەدوای یەکەکانیو سەرەڕای ئەوەی کە قەسابخانەی ترسناك دەرهەقی کراوە، توانی بالانسی سایکۆلۆژیی خۆی ڕاگرێو نەکەوێتە نێو تەڵەی تیرۆریزمەوە. ئەم ئاکارە لێی ڕادەبینرێ هەمیشە مایەی پێوە نازینو دڵخۆشیی کورد بێ، جگە لەوەی کە ئەمە هیچ بیانوویەك بۆ ئەوانە ناهێڵێتەوە کە بانگەشە بۆ ئەوەی دەکەن گوایە ئەوان لەسۆنگەی بێ هیواییەوەو بەناچارییەوە هانایان بردۆتە بەر تیرۆریزم.

لەڕاستیدا نوسین لەسەر تیرۆریزم لەبەر چەندین هۆ، کارێکی ئاسان نییەو هەڵبژاردنی بابەتێکی وا بەڵگەی لەخۆ دڵنیاییە. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە پێشبینی دەکرێ بڕەو بەرەوتی شیکردنەوەی دیاردەی تیرۆریزم بدا، کەرەستەی پێویست بۆ تێگەیشتنی دیاردەکە دەخاتە بەر دەستی خوێنەرەوە.

**فەرید ئەسەسەرد**

**سلێمانی ٢٠٠٥/١١/١٢**

# کورتەیەك

تیرۆریزم وەك دیاردەیەكی سیاسی– كۆمەڵایەتی مەترسیداری ئێستای جیهان، لەناو هەناوی كۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە لەدایكبووەو بەردەوامیش لەپرۆسەی خۆبەرهەمهێنانەوەدایە. ئەم بەرهەمهێنانەوەیە لەڕەتكردنەوەی گفتوگۆو دیالۆگەوە بگرە تادەگاتە بەكارهێنانی هێز بۆ یەكلاكردنەوەی ململانێكان‌و لەناوبردنی جەستەو بیری مرۆڤ، نیشاندەری ئەو هەقیقەتەیە كە تاچ ئەندازەیەك لەگەڵ گەشەی خێرای قۆناغەكانی كۆمەڵگادا" ڕۆڵ‌و كاریگەری لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە بەتایبەت لەم چەند سەدەیەی دوایی‌دا.
هەرچەندە لێكۆڵینەوە لە تیرۆریزم بەپێی مۆدیل‌و خەسڵەتەكانی دەگۆڕێت، بەڵام ئێمە وەك لێتوێژەر لێرەدا ستراكتوری دیاردەی تیرۆرمان بەشێوەیەكی گشتیانە هەڵبژارد، بەتایبەت ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەكی باوی كۆمەڵگای جیهانی‌و لەزۆرینەی وڵاتانی جیهاندا سەریهەڵداوە. هەروەكچۆن كۆمەڵگاكانی عیراق بەگەڵی كوردیشەوە، ئێستا لەبەردەم ئەم مەترسییەدایەو بەدڵنیایشەوە پێویستمان بەشەنوكەوكردنی هەموو لایەنەكانی ئەم دیاردە مەترسیدارە هەیە. لەسەرووهەموانیشەوە ئاشنابوون‌و شیكاركردنی ئەكادیمی‌و زانستیانەی مێژووی سەرهەڵدان‌و گەشەكردن‌و مۆدیل‌و شێوازو میكانیزمی بەگژداچوونەوەی مەسەلەی تیرۆریزم.
توێژینەوە لەدۆسیەی تیرۆریزم‌و مەترسییەكانی‌و هاوكات ڕەوتی فۆرمەڵەبوونی ئەم دیاردەیە لەچەمكێكەوە بۆ بەرەیەكی بەرفراوانی وەك بەرەی تیرۆریزم بەسەركردایەتی ڕێكخراوی ئەلقاعیدە، هەروا ململانێ‌و جەنگی بەردەوامی نێوان ئەم بەرەیەو بەرەی دژبەتیرۆریزم لەگەڵ یەكتردا، دەریدەخات كە بۆ ئێمەی كۆمەڵگای كوردو تەنانەت عیراقیش، مەسەلەیەكی هەستیارەو پێویستە لەڕوانگەیەكی ئەكادیمییەوە بنۆڕینە هەموو ئەو كێشمەكێشانە، تا بە بەدەستهێنانی مەعریفەیەكی هەمەلایەنە لەسەر سەرجەم لایەنەكانی، دەرئەنجامێكی باش لەو مەسەلەیە بەدەستبهێنین.
هەرچەندە دۆسییەی تیرۆریزم، ڕۆژبەڕۆژ لەژێرباری گۆڕانی چەندایەتی‌و چۆنایەتیدایەو پتر وابەستن بەوهەلومەرجە نوێیانەی لەسیستەمی سیاسەتی جیهانیدا ڕوودەدەن، بەڵام لەڕووی تیۆرییەوە هەردوو بەرەكە (تیرۆرو بەرەی دژەتیرۆر) خاوەنی چەند بنەماو پرەنسیپێكی نەگۆڕن‌و لەباری مەیدانیشەوە گۆڕان لەبەگژداچوونەوەی یەكتردا ڕوودەدات، ئەمەش جێی هەڵوێستەكردنی ئەم توێژینەوەیەیە.

## دەروازەی توێژینەوەکە

**ئامـــانجی توێژینەوەکـــە:** مەبەســتی ســەرەکی توێژینەوەکــە خســتنەڕوو و باســکردنی دۆســییەی تیرۆریــزم‌و هەڕەشەکانییەتی بۆسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌و دەستنیشانکردنی میکانیزمی بەگژداچوونەوەی ئەم مەترسییە جیهانییــە. هــەروا کێشــەی نێــوان هــەردوو جەمســەری تیرۆریــزم‌و بــەرەی دژبــەتیرۆریزم‌و ئــەو ململانێیانــەی لەبەرامبەر یەکتردا پراکتیزەی دەکەن، بخەینە بەرباس‌و لێدوانێکی ئەکادیمیانە. ئامانجەکانیش بەشێوەیەکی چڕکراوە لەم تەوەرانەدا کۆدەبنەوە:

١-باسـکردنێکی شـیکاریانەی قۆنـاغ‌و شـەپۆلەکانی مێـژووی تیرۆریـزم، شـیکردنەوەی ئـەو چـەمکە لەڕوانگـەی زانستی زمانەوانی‌و یاسایی‌و سیاسییەوە. هەروا باسکردنی فاکتەرەکانی سەرهەڵدان‌و ئەو تایبەتمەندییانـەش کە دیاردەکەی پێدەناسرێتەوە.

٢-خستنەڕووی ستراکتور و ڕێگاکانی ئەنجامدانی تیرۆر بەپێی خەسڵەتەکانی ئەمڕۆ، واتا لەسەربنەمای ئەو مۆدیلانەی کەئەمڕۆ لەوڵاتە ئاڵودەبووەکان بەتیرۆریزمدا پەیڕەو دەکرێن.

٣-شیکارکردنی دیاردەی تیرۆریزم بەپێی ئاست‌و کات‌و مۆدیل‌و ستراتیژی کردەکە

٤- لێدوان لەمەڕ میکانیزمی بەگژداچوونەوەو بنەبڕکردنی دیاردەی تیرۆریزم لەسەر ئاستی جیهان.

***هۆکارو گرنگی توێژینەوەکە:** بەگرنگیزانینی ئەم توێژینەوەیە لەبارەی تیرۆریزمـەوە، بەرئـەنجامی ئـەم هۆکارانـەی خوارەوەیە:

١-پەرەسەندنی تیرۆریزم لەچەمکێکی سادەوە بۆ مۆدیلێکی مەترسیدارو ترسناکی جیهانی لەزۆرینـەی وڵاتـانی جیهاندا، بەجۆرێك کە ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە

٢-خستنەڕووی ئەکادیمیانـەی فاکتـەرو خەسڵەت‌و تایبەتمەندییە دیارەکانی تیرۆریـزم‌و سـتراکتورو ڕێگاکانی ئەنجامدانی ئەو دیاردەیە.

٣- بەبایەخبوونی ئەم جۆرە توێژینەوانە بۆ کورد، بەجۆرێك کە زۆر بەکەمی لەبارەیەوە توێژینەوەی ئەکادیمی‌و زانستیانە ئەنجام دراوە.

٤-دەستنیشـانکردنی هـەموو ئـەو هەڕەشـە دیـارو شـاراوانەی کـە تیرۆریـزم دەیکاتـە سـەر کۆمـەڵگاو دەخوازێت بەرەو ئانارشیزم راپێچی دەکات.

٥-هەڵوێستەکردن لەسەر ململانێی دوولایەنەی (تیرۆرو بەرەی دژەتیرۆر)،و ئەو کاردانەوەو دەرئەنجامانـەش کـە لەم ململانێیەوە دەکەونەوە.

٦-دیاریکردنی ڕێوشوێنی یاسایی، سەربازی، میدیایی، دیالۆگ‌و ئاشتیخوازانە بۆ لەڕیشەدەرهێنانی دیـاردەی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهاندا کە بایەخێکی گرنگی بۆ گەلی کوردو گەلانی عیراق هەیە، بەتایبـەتی عیـراق بەهـەموو نەتەوەکانییەوە لەپرۆسەی شەڕی تیرۆردایە.

***کێشـەو ئاسـتەنگەکانی توێژینەوەکـە:** بێگومـان هەوڵـدان بـۆ بەرهـەمهێنانی توێژینەوەیـەکی ئەکادیمی‌و زانسـتی سەبارەت بەهەر مەسەلەیەکی گرنگ، بەئەندازەی ئەو توێژینەوەیە کێشەو ئاستەنگ دێتەبەردەم لێتوێژەر. ئەمەی لــەخوارەوەش ئاماژەیــان بــۆ دەکرێــت، دیــارترین ئــەو کێشــانەن کــە لــەڕەوتی توێژینەوەکــەدا هاتنەڕێگــەی توێژینەوەکە:

١-هەژاری کتێبخانەی کوردیی لەمەڕ سەرچاوەو بابەتی پەیوەندیدار بە تیرۆریزم. هەروەها ئەو سەرچاوە کەمەی کە هەن، کەمتر میتۆدی ئەکادیمیانەیان پێوەدیارە یان پتر بەرهەمی وەرگێڕدراون لەزمانەکانیترەوە بۆ سەرزمانی کوردیی،و بەسەرچاوەی دەستی دووەمی و سێیەمی دەژمێردرێن.

٢- نوێبوونی چەمکی تیرۆریزم وەك هەڕەشەیەکی جیهانی و هەروەها ساوایی دیاردەکەش لای کورد بەم ئەندازەیەی ئێستای، ناچاری کردین پەنابەرینە بەر سەرچاوەی بیانی کە ڕاستەقینەو واقیعیانەتر باسیان لەو کێشە مەترسیدارە کردووە.

٣-ئاڵۆزیو نهێنیبوونی میکانیزمی کارکردنی تیرۆریزم، بەتایبەت لەڕووی پراکتیزەکردنییەوە. هەروا جۆراوجۆری مۆدیلی تیرۆریزمو فرەچەشنەیی تێڕوانینەکان بۆ تیرۆریزم و بەپێچەوانەشەوە. ئەم ئاڵۆزییە بەشێوەیەکە کە بەدژواریی دەتوانرێ خاڵەکانی ململانێ و پرۆسەی مامەڵەوپەیوەندیکردنیان لەگەڵ یەکتردا دەستنیشان بکرێت.

٤-ڕێژەیی‌بوونی تیۆرو مەیدانی تیرۆریزم لەڕووی هەقیقەتو ماناوە، وادەکات نەگەینە هەقیقەتی ڕەهاو تەنانەت ئەو سەرچاوەو تیۆرانەی هەشن، هەر بەڕێژەییانە باسیان لێوەکردووە.

وابەستەبوونی تیرۆریزم بەگەشەی تەکنەلۆژیاو گرێخواردنی تیرۆریش بەهەلومەرجی هەمیشە گۆڕاوی سیاسەتەوە، دەبێتەمایەی ئەوەی ڕەوتی توێژینەوەکەش وابەستەبێت بەو هەلومەرجەوە.

## *هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان:

پێوەری زانستیانەو بەئەکادیمیبوونی هەر توێژینەوەیەك، بەندە بە بەکارهێنانی سەرچاوەو ژێدەری بڕواپێکراوەوە. بەجۆرێك تا ئەو سەرچاوانە ئەکادیمیترو جێ‌متمانەتربن، ئەوا توێژینەوەکەش بەهەمان ئاست دەبێت.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەشدا، چەندین سەرچاوە بەزمانی جۆراوجۆر بەکارهێنراون بۆ خستنەڕووی تێڕوانینی ئەوانیترو پشتڕاستکردنەوەی ئەو لایەنە شاراوانەی لەتوێژینەوەکەدا باسکراون. سەرچاوەکانیش بۆ دوو جۆر پۆلێنبەندی دەکرێن:

**١-سەرچاوە ڕاستەوخۆکان:** ئەم جۆرە سەرچاوانە کە بۆ توێژینەوەکە بەکارهاتوون، بەهەرچوارزمانی (کوردی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی) نوسراونو بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ تایبەتە بەتیرۆریزم. ئەمانیش بۆ دوو دەستە پۆلێنبەندی دەکرێن:

**ا-سەرچاوەی دەستی یەکەمی:** بریتین لەوسەرچاوانەی بەزمانی کوردی نوسراونو بەڕاستەوخۆش باس تیرۆریزم دەکەن. وەك کتێبی (فەرید ئەسەسەرد: سەید قوتبو تیۆری تەکفیرکردنی کۆمەڵو دەوڵەت).

**ب-سەرچاوەی دەستی دووەمی:** ئەو سەرچاوانەن بۆسەرزمانی کوردی وەرگێڕدراون، بەڵام بەڕاستەوخۆ باس لەتیرۆریزم دەکەن. وەك پەرتوکەکەی (بروس هۆفمان) بەناوی (تیرۆریزم) کە لەلایەن (ئاوات ئەحمەد)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانیکوردی.

**٢-سەرچاوە ناڕاستەوخۆکان:** ئەم جۆرە سەرچاوانەش کە بۆ توێژینەوەکە بەکارهاتوون، بەهەرچوارزمانی (کوردی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی) نوسراونو بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ باسیان لە تیرۆریزم کردووە. ئەمانیش بۆ دوو دەستە پۆلێنبەندی دەکرێن:

**ا-سەرچاوەی دەستی یەکەمی:** بریتین لەچەند کتێبو وتارێك بەکوردی نوسرابوون، بەڵام بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ یاخود بەشێکی تایبەت بوو بە تیرۆریزم. وەك کتێبەکەی (ڕێبوار سیوەیلی) بەناوی (نەتەوەو حیکایەت).

**ب: سەرچاوەی دەستی دووەمی:** چەند سەرچاوەیەکن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، باسیان لەتیرۆریزم کردووە. ئەم سەرچاوانە پتر بەزمانە بیانییەکان (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی) سودیان لێوەرگیردراوە. وەك کتێبی (جامعەشناسی) کە لەنوسینی (ئەنتۆنی گیدنز)ەو (منوچهر سەبوری) وەریگێڕاوەتە سەرزمانی فارسی.

بەشێوەیەکی گشتی، گیروگرفتی سەرجەم ئەم سەرچاوانە لەتێروتەسەل نەبوونیان بوو یاخود تەنها لایەنێکی دیاریکراوی مەسەلەکەیان باس کردبوو.

***میتۆدو نەخشەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، بۆ بەشی یەکەمی باسەکە کەتایبەتە بەمێژوویی تیرۆریزم‌و شەپۆلە مێژووییەکانی ئەو سیستەمە، میتۆدی مێژوویی‌و بۆ بەشی دووەم‌و سێیەم‌و چوارەمی توێژینەوەکەش کە باسکردن‌و شیکردنەوەیە، میتۆدی شیکاریی (Analytic Method)مان بەکارهێناوە.

نەخشەو ستراکتوری توێژینەوەکە، بریتییە لە چوار بەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:**

**چەمك‌و مێژووی تیرۆریزم:** دابەشکراوەتە پێنج فەسڵ.

لەفەسڵی یەکەمدا چەمك‌و زاراوەی تیرۆریزم لەڕوانگەی زانستی زمانەوانی‌و یاسایی‌و سیاسییەوە لێکدراوەتەوە. لەفەسڵی دووەمدا رەهەندو مێژووی تیرۆریزم لەسەردەمە کۆنەکانەوە تائێستا باسکراوە‌و دابەشکراوەتەسەر (٣) قۆناغ. لەفەسڵی سێیەمدا (٤) شەپۆلەکەی تیرۆریزم خراوەتەڕوو. لەفەسڵی چوارەمدا بەتێروتەسەلی باس لە خەسڵەت‌و تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزم کراوە. لەفەسڵی پێنجەمیشدا ئەو فاکتەرانە شیکراونەتەوە کە زەمینەی لەدایکبوونی دیاردەی تیرۆریزم خۆش دەکەن.

**بەشی دووەم:**

**پێکهاتەو ستراکتوری تیرۆریزم:** ئەم بەشە دابەشکراوەتە سەر دوو فەسڵ.

لەفەسڵی یەکەمدا هەردوو جەمسەرە پێکهێنەرەکەی تیرۆر واتا (تیرۆریست، قوربانی) خراوەتەڕوو. هەروەها لەفەسڵی دووەمدا ڕێگاکانی تیرۆر (تیرۆرکردن، فڕاندن‌و بەبارمتەگرتن، تەقینەوەوخۆتەقاندنەوە، هەڕەشەو ترساندن) دەستنیشانکراوە.

**بەشی سێیەم:**

**ئاست و کات‌و مۆدیلەکانی تیرۆریزم:** ئەم بەشە دابەشکراوەتە سەر چوار فەسڵ.

فەسڵی یەکەم تەرخانکراوە بۆ دابەشبوونی جیۆگرافی (ناوچەیی، نێودەوڵەتی)ی تیرۆریزم.

لەفەسڵی دووەمدا (٦) مۆدیلی تیرۆریزم شیکراونەتەوە.

لەفەسڵی سێیەمدا، تیرۆریزم بەپێی دەرکەوتنی (هەمیشەیی، کاتی یاخود ناوبەناو) باسکراوە.

لەفەسڵی چوارەمدا، ئامانج‌و ستراتیژە گشتییەکانی تیرۆریزم باس کراوە.

**بەشی چوارەم:**

**بەگژداچوونەوەو بنەبڕکردنی تیرۆریزم:** دابەشکراوەتە سەر چوار فەسڵ.

لەفەسڵی یەکەمدا، ڕێوشوێنە یاساییەکان بۆ لەڕیشەهەڵکێشانی دیاردەی تیرۆریزم باسکراوە لەڕوانگەیەکی نێودەوڵەتییانەوە.

لەفەسڵی دووەمدا، میکانیزمی بەگژداچوونەوەی سەربازییانە باسکراوە، بەتایبەت لەمڕۆدا شێوازی سەربازییانە بۆتە دیارترین پلان بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر لەجیهاندا.

**لەفەسڵی سێیەمدا، ڕۆڵ‌و ئەرکەکانی راگەیاندن‌و ماس میدیا لە دوو ئاستدا شیکراوەتەوە، تا لەڕێگەی هۆو ئامرازەکانییەوە کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەو نەهێشتنی دیاردەی تیرۆر دابنێت.**

**لەفەسڵی چوارەمدا، شێوازی دیالۆگ‌و فەلسەفەکەی (مەهاتما گاندی)ی بەکلتورکردنی هزری ناتوندوتیژی لەکۆمەڵگاکانی جیهاندا، شیکراوەتەوە کە دەتوانرێ بەوهۆیەوە بەشێوەیەکی یەکجاری هەموو جۆرەکانی جەنگ نەهێڵین.**

**لەدەرئەنجامی سەرجەم توێژینەوەکەشدا، ئەو خاڵانەی بەهۆی توێژینەوەکە بەرهەمهاتووە، بەکورتی خراونەتەڕوو.**

## بەشی یەکەم: چەمك و مێژووی تیرۆریزم

فەسڵی یەکەم: چەمك و مانای تیرۆریزم

–لەڕووی زانستی زمانەوانی

–لەڕووی زانستی یاسایی

–لەڕووی زاستی سیاسی

فەسڵی دووەم: ڕەهەندو قۆناغە مێژووییەکانی تیرۆریزم

–قۆناغی یەکەم.

–قۆناغی دووەم.

–قۆناغی سێیەم.

فەسڵی سێیەم: شەپۆلەکانی تیرۆریزم

–شەپۆلی یەکەم.

–شەپۆلی دووەم.

–شەپۆلی سێیەم.

–شەپۆلی چوارەم.

فەسڵی چوارەم: ڕەگەزو خەسڵەتەکانی تیرۆریزم

فەسڵی پێنجەم: هەلومەرج و فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم

## بەشی یەکەم:

### فەسڵی یەکەم: چەمك و پێناسی تیرۆریزم

خستنەبەرباس و پێناسکردنی دیاردەی تیرۆریزم (Terrorism) بەشێوازێکی ئەکادیمیانەی دروست، تائێستا مشتومڕی زۆری لەناو پسپۆڕو شارەزایانی ئەم بوارە دروست کردووە. بەجۆرێك هەر پسپۆڕ یاخود لایەن و دەوڵەتێك بەپێی هەلومەرجی تیرۆریزم لەولاتەکەی خۆیدا، پێناسی بۆ دەکات و لێکدانەوە بۆ مانا و دەلالەتەکانی دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە زۆرترین پێناسی تیۆریی و سیاسی و یاسایی بۆ چەمکی تیرۆر بکرێت تاوەکو لەکۆی هەموویاندا، مانایەکی گشتگیرترو ڕاستەقینەتر بدەین بەدەستەوە.

پەرەسەندنی ڕۆژبەڕۆژی تیرۆر لەڕووی شێوازەکانی پیادەکردن و ئەو ئامانجانەی لەپشتییەوەیەتی، هۆکارێکیترە بۆ جیاوازیی بیروڕاو فرەیی لەبۆچوونەکاندا بەجۆرێك کە نەتوانرێ پێناسێکی هەمەگیری بکرێت.

**-چەمکی تیرۆر لەڕووی زانستی زمانناسییەوە (Philology):** تیرۆر لەبنەڕەتدا لەوشەی (Terrorisme)ی فەرەنسیەوە هاتووە لەزمانەوانیدا بەمانای ترسێکی زۆر، تۆقاندن، دڕندەیی و تێکدانی باری دەروونی دێت[1].

هەروەها ئینسکلۆپیدیای (روبێر) بەمشێوەیە پێناسی دەکات کە: کاری توندوتیژیانەیە بۆ گەیشتن بەئامانجێکی سیاسی (بەدەستهێنان، پاراستن و مومارەسەکردنی دەسەڵات)ە. تایبەتمەندییەکەشی بریتییە لە کۆمەڵێ کاروکردەوەی توندوتیژی بەشێوەی تاك یان کۆمەڵ کە کاریگەریی لەسەر دانیشتوان دادەنێت و بارودۆخێکی ئانارشیستی و نائارام دروست دەکات[2].

لەزمانی ئینگلیزیدا ئینسکلۆپیدیای بەریتانیکا (The New Encyclopedia Britanica, ١٩٨٦) چەمکی تیرۆری بەمجۆرە پێناس کردووە:"بەکارهێنانی سیستەماتیکیانەی ڕووتکردنەوە یان توندوتیژییە دژ بە حکومەتەکان، مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بەئامانجێکی سیاسی"[3]. زۆربەی جاریش، وشەی توندوتیژی (violence)ش کە بەمانای پەنابردنە بەر کاری دڵڕەقی و چەك دێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان یاخود خۆسەپاندن، لەبری وشەی تیرۆر (Terror) بەکارهاتووە. چونکە لەشێوازی پیادەکردن و مەبەستەکانیاندا تائەندازەیەك هاوشێوەی یەکترن.

**-چەمکی تیرۆر لەڕووی یاساییەوە (Law):** باشترین چوارچێوە بۆ پێناسێکی دیاریکراوانەی تیرۆریزم، ئەو پێناس و خەسڵەتانەیە کە یاسا بۆ ناسینەوەی تیرۆر دەستنیشانی کردووە.

هەر کاروکردەوەیەك ئەم (٣)سێ ڕەگەزەی تیادابێت، ئەوا لەڕووی یاسای سەرجەم وڵاتانەوە بەتیرۆریزم دەژمێردرێ:

١-بەکارهێنانی توندوتیژی (یاخود هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی).

٢-بەرنامەدانان بۆ دروستکردنی ترس و تۆقاندن و نائارامی، ئەگەرچی کۆمەڵگا یاخود گروپە جێمەبەستەکە ڕووبەڕووی ترس و نائارامیش نەبنەوە.

---

[1] -محمد علی سفری: مفاهیم تروریسم در قاموس زورمداران جهان، مجله الکترونی (صبا). ص (٢٢).

[2] -محمد یونس محب الدین (دکتور): الارهاب فی القانون الجنائی علی المستویین الوطنی و الدولی، دراسه قانونیه مقارنه. مکتبه الانجلو المصریه، ١٩٧٧، ص (٧١).

٣- The New Encyclopedia Britanica, ١٩٨٦, London.

**٣-دروستکردنی فەزایەکی سیاسی گرژاویی لەرێگەی تێکدانی ئاسایشی گشتییەوە[٤].**

**لەفەرهەنگی یاسا** (Dictionary Of Law)**دا بەپێی بواری ئەنجامدانی کردەکە، دوو جۆر پێناسی یاساییانە بۆ تیرۆر کراوە کەبریتین لە:**

***پێناسی یاسا ناوچەییەکان** (local law):

**تیرۆر بەرلە پەرەسەندنی بۆسەر ئاستی جیهانی، پێشتر تەنها لەبازنەی بەرتەسکی وڵات یاخود ناوچەیەکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرا، وەك تیرۆرکردنی کەسایەتییە دیارەکانی دەوڵەتێك یاخود فڕاندن و بێسەروشوێنکردنی کەسێك یا گروپێك.**

**سەرجەم ئەو وڵاتانەش کە ڕووبەڕووی تیرۆر دەبنەوە (بەتایبەتی ئەمریکاو بەریتانیا)، یاسای تایبەت بەسزادان و بنەبڕکردنی تیرۆریستانیان داوە. بەجۆرێك دەکرێ بڵێین وڵاتانیتری جیهانیش هەر یاساو دەستوری ئەمریکاو بەریتانیایان کردۆتە سەرمەشق بۆ دانانی ڕێوشوێنی پێویست لەپێناو سڕینەوەی تیرۆریزمدا.**

**-وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆریزمدا بووە، بەپێی هەلومەرج و میکانیزمی پاراستنی خۆی هەمیشە یاساو ڕێساکانی لەبارەی تیرۆریزمەوە لەگۆڕاندا بووە. لەسەرجەم هێرشە تیرۆریستییەکانی وەك: تەقاندنەوەی فڕۆکەی (پان ئەمریکان** Pan American**) کە کارەساتی کوژرانی (٢٥٩)کەسی لێکەوتەوە، هەروەها تەقینەوەکانی سەفارەتخانەی ئەمریکا لەنایرۆبی کینیاو دارلسەلامی تانزانیا لەساڵی (١٩٩٨)دا، کاریگەری لەسەر گۆڕینی یاساکانی تیرۆر کردووە لەئەمریکا[٥]. بەڵام هێشتا ئەم وڵاتە کار بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکات کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەردەچێت.**

**دوایاسای ئەمریکاش کە دوای ڕووداوی (١١)ی سێپتامبەرەوە و لەرێگەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە هێنایەئارا، بڕیاری (١٣٧٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بوو بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر و لە (٢٨)ی ئەیلولی (٢٠٠١)دا بڕیار لەسەر پیادەکردنی درا، تەنانەت ئەم بڕیارە لەپرۆژەیەکی ئەمریکییەوە بووە ڕێسایەکیش بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی دەخوازن بەگژ بەرەی تیرۆریزمدا بچنەوە[٦].**

**-یاسای سزادان و بەگژداچوونەوەی تیرۆر لەئەڵمانیا، بەپێی ماددەی (١/٢٣٩)ی ساڵی (١٩٧١)ی زایینی، بەدوو ڕێگە کار بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر دەکرێت کە بریتین لە تاوانبارکردن و سزادان[٧].**

**-میسر وەك نمونەیەکی دیاری وڵاتە عەرەبییەکان، بەهۆی لەدایکبوون و نەشونماکردنی (الاخوان المسلمین) تیایدا، مەیدانێکی لەبار بووە بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی تا زۆرترین ڕێژەی تیرۆری سیاسی** (Terrorisme Politique) **لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامییەکاندا ئەنجام بدرێت. یاسای میسری بەپێی ماددەی (١٠٢/ب.ع) "سزای لەسێدارەدانی بۆ کوشتنی سیاسی و لەناوبردن داناوە".**

**-دەوڵەتی عیراق وێڕای چەندین کوشتارو کاری تیرۆریستانە، تا کەوتنی بتی دیکتاتۆر لە (٩)ی نیسانی (٢٠٠٣)دا، خاوەنی یاسایەکی بەگژداچوونەوەی تیرۆر نەبووە. پاش هاتنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان، چەند پرۆژەیەکی یاسایی و سەربازی گەڵاڵە کرا بۆ بەگژداچوونەوەی کاری تیرۆریستی و بنەبڕکردنی تیرۆر.**

---

[٤] -حسن سواری: مبارزه علیه تروریسم و حقوق بین الملل (خطرات و فرصتها)، سایت انترنیتی باشگا. ١٣٨٣/٣/٢٠

[٥] -ناصر قربان نیا: مواجهه با تروریسم رویکرد نظامی، سیاسی و یا حقوقی. فصلنامه نامەمفید، شماره (٤٣)، ١٣٨٤. ص (١٢).

[٦] - کارزان محەمەد: (وەرگێڕان) دەقی بڕیاری (١٣٧٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لا (٦سیاسەت)، ژمارە (٢٥٩٣)، ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٥.

[٧] - محمد یونس محب الدین (دکتور): الارهاب فی القانون الجنائی علی المستویین الوطنی و الدولی..ص (٤١٤-٤١٥).

Kurdistannet کوردستان نێت

دواترینیان (پرۆژەی یاسای بەگژداچوونەوەی تیرۆر) کە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە گەڵاڵە کراوە، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە. ئەم پرۆژەیە لە (٥) مادده پێکهاتووە بەمشێوەیەی خوارەوە:

ماددەی یەکەم: چەمکی تیرۆر.

ماددەی دووەم: ئەو کردەوانەی دەچنە خانەی تیرۆرەوە.

ماددەی سێیەم: سزادانی تیرۆر. (وەك لەسێدارەدانو سزای قورس بۆ ئەنجامدەرانی).

ماددەی چوارەم: لێبوردنەکان لەتیرۆردا بۆ ئەو کەسانەی هێشتا بەرنامەکەیان ئەنجام نەداوە.

ماددەی پێنجەم: بڕیارە کۆتاییەکان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لەکاتی بەرەسمی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە.

لەکۆتایی مەشروعەکەشدا ئەو فاکتەرانە باس کراوە کە بوونەتەمایەی دەرکردنی ئەم بڕیارە، بەتایبەتی زۆربوونی ڕێژەی تیرۆر لەعیراقدا[٨].

هەروەها کوردستانیش سەرەرای بونی چەندین گروپی تیرۆریستی نمونەی (الانصارالاسلام)و ئەنجامدانی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی (١)ی شوباتی (٢٠٠٤)و چەندین کردەوەیتری لەوجۆرە، هێشتا یاسایەکی تایبەت بە سزادانو بنەبڕکردنی تیرۆریزم دەرنەچووە.

***پێناسی یاسا نێودەوڵەتییەکان** (International law):

بەرفراوانبوونو گڵۆبالیزەبوونی کاری تیرۆریستیانە، هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی جگەلەو پێناسانەی لەیاسا ناوخۆییەکانی وڵاتاندا بۆی کراوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتانیش یاسای بۆ دابنرێتو وەك مەترسییەکی گشتی (Commun danger) دابنرێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی تەواوی دەوڵەتانی جیهان. بەتایبەتی لەدوای (١١)ی سێپتامبەرەوە، تیرۆریزم مۆدیلێکی جیهانیانەی بەخۆوەگرت.

یەکەمین پێناسی نێودەوڵەتیانەی پەیوەندیدار بەمەسەلەی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم، لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان (١٩٣٧)ەوە کرا کە بریتی بوو لە:"کاری تاوانبارانە دژ بەدەوڵەتێك بەئامانجی دروستکردنی ترسو تۆقاندن لەکەسێکدا، یان گروپێك یان گشت خەڵکدا"[٩].

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش وەك ڕێکخراوێکی جیهانی نێودەوڵەتان، لەخولەکانی (٢٧ی ١٩٧٢، ٢٨ی ١٩٧٣، ٣١ی ١٩٧٦، ٣٢ی ١٩٧٧، ٣٤ی ١٩٧٩، ٣٦ی ١٩٨١، ٣٨ی ١٩٨٣، ٣٩ی ١٩٨٤، ٤٠ی ١٩٨٥، ٤٢ی ١٩٨٧، ٤٤ی ١٩٨٩، ٤٦ی ١٩٩١)[١٠]دا مەسەلەی تیرۆرو بنەبڕکردنی خستۆتە خشتەی بەرنامە نێودەوڵەتییەکانییەوە.

هەروەها (گۆنز بێرگ)ی پسپۆڕی ئەو بوارە، پێی وایە توخمەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی بریتین لە:

١-دەستدرێژی بۆسەر خزمەتگوزاری گشتی، وەکو سەرقاڵکردنی هاتوچۆی نێودەوڵەتی، ڕفاندنی فرۆکە.

٢-دەستدرێژی بۆسەر سەرۆکی دەوڵەت یان ئەندامێکی حکومەت لەدەرەوە[١١].

بەڵام دوای کارەساتی (١١)ی سێپتامبەرو دابەشبوونەوەی جیهان بەسەر دوو بەرەی تیرۆریزمو دژەتیرۆریزمدا، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە بڕیاری (١٣٦٨)ی دەرکرد کە

---

[٨] – الاتحاد (صحيفة): مشروع قانون مكافحة الارهاب. عدد (١٠٧٥)، الثلاثا (٢٠٠٥/٨/٢) السنة الثالثة عشرة. ص (٢).

[٩] –حبیب زاده (دکتر): اخرين بخش ميزگرد درمورد تروريسم. سایت (.www.isu.ac.ir/Andesh-ye-Sadiq) ، ١٣٨٤/٣/١

[١٠] – ئەحمەد محەمەد ڕەفعەت (دکتۆر) و ساڵح بەکر ئەلتەییار (دکتۆر): تیرۆری نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی: کوێستان جەمال. خانەی وەرگێڕان. ٢٠٠٣، زنجیرە (٢٠) لا (٣٢٩).

[١١] – ئەحمەد محەمەد ڕەفعەت (دکتۆر) و ساڵح بەکر ئەلتەییار (دکتۆر): تیرۆری نێودەوڵەتی... لاپەرە (٢٤٤).

سەرلەنوێ جەختی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو شێوەکانی تیرۆر کردەوە[12]. ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش، بەپراکتیزەترین بڕیار دەژمێردرێت کە لەسەرئاستی نێودەوڵەتیانە بەرەنگاری دیاردەی تیرۆریزم دەبێتەوە. بەومانایەی لەگەڵ فراوانبوونی تۆڕەکانی تیرۆردا، تەنها بەهاوپەیمانێتی جیهانیانەش دەتوانرێ کار بۆ بنەبڕکردنی بکرێت.

**-لەڕووی زاستی سیاسییەوە** (Political Science)**:** زانستی سیاسەت شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لەبارەی لایەنە سیاسییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکات[13]. بەومانایەی هەر دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگا دابنێت، ئەوا زانستی سیاسەتیش بایەخی پێدەدات‌و لەهەوڵی ڕاڤەکردنیدایە. لەکاتێکدا کە دۆسییەی تیرۆریزم بۆتە مەسەلەیەکی هەستیاری سەرجەم کۆمەڵگاکان، تەنانەت بەپلەی یەکەمیش ئاراستەی لە سیاسەتمەدارو مەسەلە سیاسییەکانە، بوونەتە جێی بایەخی یەکتر.

زانستی سیاسەت بەوجۆرە دەنۆڕێتە تیرۆریی سیاسی ((Terrorisme Politique) کە پەنابردنە بۆ چەک‌و توندوتیژی لەپێناو یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان. ئەوانەی هەموو تواناکانی خۆیان بۆ ئامانجێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بەخت کردووە، بەڵام بەرهەمەکەیان سەرکەوتوو نەبووە، بێئومێد دەبن‌و شکست دەخۆن‌و ئەمەش هانیان دەدا بۆ کاری تیرۆریستی لەپێناو خۆسەپاندندا [14].

---

[12] -بروس هۆفمان: تیرۆریزم. وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد)، کتێبی گیرفان زنجیرە (٦٠)، ساڵی ٢٠٠٥. لا (٦٤).

[13]- عبدالرحمان عالم: بنیادهای علم سیاست. نشر نی. تهران. چاپ دوازدهم ١٣٨٤.

[14] -والتر رایش: ریشەهای تروریسم، مترجم: سید حسن محمدی نجم. تهران. ١٣٨١. ص (١٧٤).

## فەسڵی دووەم: ڕەهەندو قۆناغە مێژووییەکانی تیرۆریزم

مێژووی مرۆڤایەتی بەسروشتی خۆی، لەسەرجەم بوارەکاندا لەسەربنەمای ڕووداوە گرنگەکان، پۆلێن کراوە بەسەر چەند قۆناغێکداو هەر قۆناغەش ڕووداوێکی گرنگ بۆتە دەستپێکی و لەگەڵ هاتنی گۆڕانکارییەکی نوێدا، قۆناغێکی تر هاتۆتەپێش.

سەرەتای سەرهەڵدانی مێژوویانەی دیاردەی تیرۆریزمیش لەجیهاندا، تاهەنوکەش بیروڕای جیاواز لەبارەیەوە هەیە، بەجۆرێك هەندێ لەشارەزایانی مێژوو، دیرۆکەکەی دەگەڕێننەوە بۆ پەیدابوونی یەکەمین مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی، یاخود ڕوونتر بڵێین لەساتی کوشتنی هابیلەوە دەست پێدەکات.

تەشەنەسەندنی کێشە مرۆییەکان لەگەڵ یەکترداو زیادبوونی ململانێی توندوتیژیانە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو گرفتانەی لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هەبووە، پەرەی بەدیاردەی تیرۆریزمیش دا بەجۆرێك لەهەموو قۆناغەکانی مێژوودا، تیرۆرو توندوتیژیی بۆ سڕینەوەو قەڵاچۆکردنی یەکتر دەبینرێت.

پسپۆڕانی دۆسییەی تیرۆریزم، هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد، هێشتا یەکڕا نین لەسەر وادەی قۆناغەکانی تیرۆریزم، وەلێ زۆرینەی ئەم شارەزایانە سەرتاپای ڕەهەندو مێژووی قۆناغەکانی تیرۆریان کردۆتە (٣) قۆناغی مێژوویی، هەریەکەشیان خاوەنی پاشخانی تایبەت بەخۆیەتی.

***قۆناغی یەکەم:**

لەشیکردنەوەی قۆناغی یەکەمدا کە بەساتی لەدایکبوونی تیرۆر دادەنرێت، چەند ڕوانگەیەکی جیاواز هەن بۆ ئەم دەستپێکە. بەشێکی زۆری ئەوانەی بڕوایان بە قۆناغبەندی ئاینیانەی مێژوو هەیە بەتایبەت لەبارەی هاتنی باوکە ئادەم بۆ سەرزەوی‌و کوژرانی هابیلی کوڕی بەدەستی قابیلی برای، ئەم ڕووداوە دەکەنە سەرەتای لەدایکبوونی تیرۆر لەسەر زەوی.

یەکەمین ناوەندی تیرۆریستیش لەمێژوودا تۆمارکرابێت، ناوەندە تیرۆریستییەکەی فیساگۆرسە. ناوبراو لە سەدەی (٦)شەشی بەرلەزایین ژیاوەو وتەبێژی باڵی ڕاستی ئەرستۆکراتەکانی یۆنان بوو، دوای شکستخواردنی لەبەرامبەر (تاڵیس)ی ڕێبەری باڵی دیموکرات، هەڵات بۆ (سیسل)و چەندین گروپی خراپەکاری‌و کوشتنی دروستکرد[١٥].

لەم قۆناغەدا، گرنگترین دیاردەی تیرۆر، (تیرۆری پیرۆز) بوو کە سەرەتا لەلایەن جولەکانەوە پیادە کراو بەبێ دادگایی کردن، بڕیاری کوشتن دەدرا. هەروەها کارەتوندوتیژییەکانی ئایینی مەسیحی دژ بەئۆپۆزسیۆنەکانی ئایینی مەسیحی لەسەدەکانی ناوەراستداو [١٦] بەرنامەی ئایینی ئیسلام بۆ دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو بەرەی (ئیسلام‌و کافر)و فتوادان بۆ کوشتنی ئەوانەی بڕوایان بەئیسلام نییە، دیاردەیتری تیرۆریزمی ئایینی بوون لەم قۆناغەدا.

---

[١٥] –محمد علی ذکریایی: ترور حجاریان بەروایت جناحهای سیاسی. چاپ اول اردیبهشت ١٣٧٩. ص (١٠).

[١٦] – والتر رایش: ریشەهای تروریسم، مترجم: سید حسن محمدی نجم. تهران. ١٣٨١. ص (٢٣٧).

* ئامێری سەربڕین‌و لەسێدارەدان بوو لەسەردەمی شۆرشی فەرەنسادا (توێژەر).

Kurdistannet کوردستان نێت

(قورئان)ی پیرۆزیش کە بنەمای کاری هەموو موسڵمانانە، ئاماژەی بۆ چەمکی تیرۆر کردووە (واعدوا لهم ما استطعتم من قوة و من رباط الخیل ترهبون بة عدواللة و عدوکم" کە بۆتە ئامرازێك بەدەست گروپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانەوە[١٧].

ژمارەیەکی کەم لە مێژوونوسانو پسپۆڕانی بواری مێژووی تیرۆریزمیش، پێیان وایە قۆناغی یەکەمی تیرۆریزم هاوکاتە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا. ئەو شۆڕشەی هەزاران کەس لەکەسانی چینی خانەدانو دواتریش ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لەلایەن بەرپرسە سیاسییەکانەوە خرانەژێر چاودێرییەوەو بەگیوتین* سپێردران١٨. بەڵام ئەمە تەنها تێڕوانینی هەندێکەو زۆرینە لەو بڕوایەدان شۆڕشی فەرەنسا، دەکەوێتە خانەی قۆناغی دووەمەوە.

***قۆناغی دووەم**

دوای ڕووخانی حکومەتەکەی لویسی شانزدە لەفەرەنساو هەڵگیرسانی شۆڕش لەو وڵاتەدا لەساڵی (١٧٨٩)، بارودۆخی شۆڕش بەقۆناغێکی خوێناویی‌دا ڕۆیشتو لەساڵانی (١٧٩٢) کۆماری یەعقوبییەکان* بەشێوەیەکی بەربڵاو، تیرۆریان بۆ لەناوبردنی نەیارە سیاسییەکانو لادەرانی شۆڕش بەکارهێنا[١٩]. دامەزراندنی کۆمیتەی (سەلامەتی خەڵك Public Safety) کە تیرۆری کردە ئامرازێك بۆ پاراستنی دەوڵەتی فەرەنسا لەسەردەمی شۆڕشدا، هۆکارێکیتری پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە بوو لەفەرەنسادا[٢٠]. دوای شۆڕشی فەرەنساش، ڕێکخراوێکی زۆری تیرۆریستی لەئەوروپادا دامەزرانو شێوەیەکی بەربڵاوی بەخۆوەگرت[٢١].

بۆچوونێکیتری ناکۆك لەسەر دەستپێکی قۆناغی دووەمی تیرۆریزم هەیە، ئەم بۆچوونە پێی وایە لەسەدەی (١٩) نۆزدەهەمەوە دەستپێدەکات بەتایبەتی کە زۆرترین ڕێژەی کارە تیرۆریستییەکان لەم سەدەیەدا ڕوویانداوەو تیرۆرکردنی قەیسەر (ئەلیکساندەری دووەم) لەساڵی (١٨٨١) سەرەتای دەستپێکردنی ئەم قۆناغەیە[٢٢].

فۆرمەڵەبوونی چەندین دەستەو گروپی تیرۆریستی وەك:

–ئەلنارود نایا فۆلۆلیا لە ڕووسیا ساڵی ١٨٨٠دا.

–ئەلدینامیتیورس لە ئیرلەندا ساڵی ١٨٨٠دا.

–ئانارشیستەکان لە فەرەنساو ئیتاڵیا لەساڵی ١٨٩٦دا.

ڕوویەکیتری پەرەدان بوو بە هێرشو پەلامارە تیرۆریستییەکان لەوڵاتاندا، ئەمەش لەلایەکەوە بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسیو دبلۆماسییەکانی وڵاتان لەگەڵ یەکتراو لەلایەکیترەوە خۆسەپاندنی حکومەتو ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی وڵاتەکان بوو بۆ بەدەستهێنانی پۆستی بەرپرسیارێتی[٢٣].

---

[١٧]– بنۆڕە سایتی (www.wikipedia.org).

[١٨] – أنتونی گیدنز: جامعەشناسی. ترجمه منوچهر صبوری. نشر نی. چاپ دوازدهم ١٣٨٣. ص (٤٠٢)

*یەعقوبییەکان هەندێ لە ئەندامانی مەجلیسی فەرەنسا بوون، زۆربەی کۆبوونەوەکانیان لە دێرێکی یەعقوبیدا دەکردو بە یەعقوبییەکان ناوزەد کران.

[١٩]– محمد یونس محب الدین (دکتور): الارهاب فی القانون الجنائی علی المستویین الوطنی و الدولی، دراسە قانونیە مقارنە. مکتبە الانجلو المصریە، ١٩٧٧، ص (١٩).

[٢٠]– پرویز پیران: ردی از خون بر جای ماندەاست. روزنامە خرداد ١٣٧٨/١/٣٠.

[٢١] – محمد علی ذکریایی: ترور حجاریان بەروایت جناحهای سیاسی. چاپ اول اردیبهشت ١٣٧٩. ص (١١).

[٢٢]- پالە باوانی: دیتنەکا دیروکی بو دیاردا تیرورێ. گۆڤارا بیاڤ. بوهارا ٢٠٠٤. ژمارا (١٣). لا (١٤٩).

[٢٣] – گرنگترین ڕووداوە تیرۆریستییەکانی قۆناغی دووەم بەپێی کرۆنۆلۆژیای ڕوودانیان، بریتین لە:

١٨٠١: تیرۆرکردنی پۆڵی یەکەمی ئیمپراتۆری ڕووسیا.

***قۆناغی سێیەم**

**دوادوای سەدەی نۆزدەهەم بەکۆتایی هاتنی قۆناغی دووەمی تیرۆریزم دەژمێردرێت، هەلومەرجێکی نوێ لەسیستەمی دەوڵەتاندا هاتەئاراوەو قۆناغێکی نوێی تیرۆریزمیشی لەگەڵدا بوو کە بە قۆناغی سێیەم ناسراوەو تائێستاش هەربەردەوامە.**

**لەبارەی ئەم قۆناغەوە، دوو ڕا لەئارادان. تێڕوانینی یەکەم، دۆزینەوەی (دینامیت) لەلایەن ئەلفرید بەرنهارد نۆبلەوە بەدەستپێکی ئەم قۆناغە دادەنێن. ڕای دووەمیش سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو تیرۆرەی بووەمایەی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی24. واتا ڕۆژی (٢٨)ی حوزەیرانی (١٩١٤) کە لە سەرایڤۆ** (Serayevo) **لەلایەن ڕێکخراوێکی خوێندکارییەوە ئەرشیدۆک (فرانسیس فەردیناند** Francis Ferdinand **١٨١٦-١٩١٤)ی پاشای نەمسا تیرۆرکراو جەنگی یەکەمی جیهانی لە (٣)ی ئابی (١٩١٤)دا دەستی پێکرد25. ئەم جەنگە (٤) ساڵی خوێناویی خایاندو ملیۆنان کەسی تیادا کوژراو تیرۆرکرا.**

**سەدەی بیستەم کە بەسەدەی سەرهەڵدانی بیروڕا ناسیۆنالیستییەکان و سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی** (Nation-State) **ناسراوە، دووجۆر شێوازی تیرۆرکردن هاتەئاراوە کە بریتین لە:**

**-تیرۆر لەسەرەوە بۆ خوارەوە (تیرۆری سپی): لەسەرجەم ئەو وڵاتانەی لەسیستەمێکی دیکتاتۆری** (Dictatorship)**دان، بۆ بەگژداچوونەوەی ڕاپەرینە جەماوەرییەکان و پارتە شۆرشگێڕەکان کە خەبات لەپێناو مافەکانیان دەکەن، تیرۆری بەکۆمەڵ لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ پاکتاوکردنی نەیارە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیان بەکاردەهێنرێت. ئەم دیکتاتۆرانە ڕێگا هاوشێوەکانی تیرۆر وەك پاکتاوکردنی جەستەیی دژبە ئۆپۆزسیۆن ئەنجام دەدەن لەڕێگەی تیرۆر و ڕفاندنەوە[26]. وەك لە میکانیزمی پاکتاوکردنەکانی نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتاڵیدا پیادەدەکرا لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا. ئێستاش ئەم جۆرە تیرۆرە لەباروودۆخی ئێستای تورکیادا دەبینرێت.**

**-تیرۆر لەخوارەوە بۆ سەرەوە (تیرۆری ڕەش): زۆربەیجار چینەکانی خوارەوەی دەوڵەت، یاخود ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بەقازانجی خۆیان، هەر بەرپرس یاخود کەسێك ببێتەلەمپەر لەبەردەم ستراتیژی کارەکانیاندا، ئەوا پەنا دەبەنە بەر تیرۆرکردنی. هەندێکجاریش دەوڵەتێك لەبەرامبەر دەوڵەتێکیتردا ئەنجامی دەدات و فۆرمی تیرۆری نێودەوڵەتیانەش بەخۆوەدەگرێت[27].**

---

١٨٦٥: تیرۆرکردنی ئەبراهام لینکۆڵنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەهۆڵی شانۆدا.

١٨٧٦: تیرۆرکردنی عەبدولعەزیزی سوڵتانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی.

١٨٨١: تیرۆرکرانی جیمس گارفێڵدی سەرۆك کۆماری ئەمریکاو ئەلیکساندەری یەکەمی ئیمپراتۆری ڕووسیا.

١٨٩٤: تیرۆرکردنی سادی کارنۆی سەرۆك کۆماری فەرەنسا.

١٩٠٠: تیرۆرکردنی ئەمبرتۆی یەکەمی پادشای ئیتاڵیا

١٩٠١: تیرۆرکردنی مەك کینلی سەرۆك کۆماری ئەمریکا.

١٩٠٣: تیرۆرکردنی ئەلیکساندەری یەکەمی پادشای سربستان.

١٩٠٨: تیرۆرکردنی کارلۆسی یەکەمی پادشای پورتوگال.

١٩١٣: تیرۆرکرانی جۆرجی یەکەمی پادشای یۆنان لەسالۆنیك و فرانسیسکۆ مادرۆی سەرۆك کۆماری مەکسیك

[24]– پالە باوانی: دیتنەکا دیروکی بو... لا (١٤٩).

[25] –پیر رنوون: جنگ جیهانی اول. ترجمە: د.عباس اگاهی. چاپ سوم ١٣٧٥. موسسە أستان قدس رضوی. ص (١٣).

[26] –احمد جلال عزالدین (دكتور): الارهاب..و العنف السياسي. القاهرة١٩٨٦. ص (٦١).

[27] – دیارترین ئەو تیرۆرانەی لەماوەی قۆناغی سێیەمی تیرۆریزمدا ڕوویان دا، بەپێی کرۆنۆلۆژیای تیرۆرکردنیان بریتین لە:

١٩١٤: تیرۆرکردنی ئەرشیدۆك فرانسیس فەردیناندی ئیمپراتۆری.

١٩١٨: تیرۆرکردنی نیکۆلای دوومی تزاری ڕووسیا.

١٩٣٢: تیرۆرکردنی پۆل دۆمەر سەرۆك کۆماری فەرەنسا بەدەستی گۆرگۆلف.

گـرنگترین ڕووداوی تـیرۆر لەسـەدەی بیسـتویەکەمدا، کارەسـاتی (١١)ی سـێپتامبەری سـاڵی (٢٠٠١)بـوو. لەوکارەسـاتەدا، هـەردوو تـاوەرە مەزنەکـەی سـەنتەری بازرگـانی نێودەوڵـەتی (WTO) کـە بەلوتکـەی مـەزنێتی ئەمریکا ناودەبرا، کاتژمێر (٩,٣٨)خولەك بەکاتی ئەمریکا کەوتە بـەر هێرشێکی تیرۆریستیانەو هـەزاران کەسی تیادا بووە قوربانی[٢٨].

کارەسـاتی (١١)ی سـێپتامبەر، هەرتـەنها ڕووداوێکـی سـەربازی نـەبوو، بـەڵکو سـەرلەنوێ وڵاتـانی جیهـانی بەهەمانشێوەی جەنگی سارد (بەڵام بەجۆرێکیتر) دابەش کردەوە بەسەر دوو بەرەدا کە بریتین لـە (بـەرەی تـیرۆر) بەسـەرۆکایەتی ئوسـامە بـن لادنو ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکانیو (بـەرەی دژەتـیرۆر) بەڕێبەرایـەتی ئـەمریکاو هاوپەیمانەکانی، تائێستاش ئەم جەنگە هەر بەردەوامە.

---

١٨٣٤: تیرۆرکردنی ئەلیکساندەری یەکەمی پاشای یۆگۆسلاڤیا لەگەڵ میسیۆ بارتۆی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا.

١٩٤٠: تیرۆرکردنی ترۆتسکی لەمەکسیك.

١٩٤٨: تیرۆرکردنی گاندی پێشەوای مەزنی هیندستان بەدەستی توندڕەوێکی وڵاتەکەی.

١٩٥١: تیرۆرکردنی عەبدوڵڵا پاشای ئەردەن.

١٩٥٨: تیرۆرکردنی فەیسەڵی پادشای عیراقو نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران لەکودەتایەکدا.

١٩٦٣: تیرۆرکردنی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم لەکودەتای ژەنەڕاڵ عارفدا.

١٩٦٣: تیرۆرکردنی جۆن. ئێف. کەنەدی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە دالاسی تەکساس.

١٩٦٨: تیرۆرکردنی د. مارتین لۆتەر کینگی ڕێبەری ڕەشپێستەکان لەشاری مفیسی تەکساس.

١٩٨١: تیرۆرکردنی محەمەد عەلی ڕەجائی سەرۆك کۆماری ئیرانو محەمەد جەواد باهنری سەرۆك وەزیران لەکارێکی تەقینەوەدا.

١٩٨١: تیرۆرکردنی ئەنوەر ساداتی سەرۆك کۆماری میسر.

١٩٨٦: تیرۆرکردنی ئۆڵف پاڵمێی سەرۆك وەزیرانی سوید.

١٩٩١: تیرۆرکردنی راجیۆ گاندی سەرۆك وەزیرانی پێشووی هیندستان بەهۆی کاری تەقینەوەوە[٢٧].

٢٠٠٥: تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری لەلوبنان.

[٢٨] –تیری میسان: دروغ بزرگ. بدون نام مترجم. انتشارات شریف نیوز. تهران ١٣٨٤. ص (١٢).

## فەسڵی سێیەم: شەپۆڵەکانی تیرۆریزم

بەشێکی زۆری پسپۆڕانی بواری تیرۆریزم، دابەشبەندییەکیتری مێژوویی لەسەربنەمای (شەپۆل) بۆ دیاردەی سەرهەڵدانی تیرۆریزمو پەرەسەندنەکانی دادەنێن.

دیڤید راپاپۆرت (Dived rapapaport)، شەپۆلەکانی تیرۆریزم بۆ (٤) سەردەمی مێژوویی ئەنالیزە دەکات کە هەرکام لەم شەپۆلانە خاوەنی خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆیانن[٢٩].

***شەپۆلی یەکەم (١٨٨٠-١٩١٤)**

دوای ڕیفۆرمە بەربڵاوە سیاسیو ئابورییەکانی ئەلیکساندەری دووەمی تزاری ڕووسیا لەئیمپراتۆرییەکەیدا، سەرەنجام بەتیرۆرکردنی ئەو لەساڵی (١٨٨٠)دا کۆتایی هاتو بەمشێوەیە شەپۆلی یەکەمی تیرۆریزم دەستی پێکرد.

دواتریش (دینامیت) لەلایەن (ئەلفرید بەرنهارد نۆبڵ Alfred Bernhard Nobel)ی سویدییەوە دۆزرایەوە کە بووە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کاری تەقینەوەو کوشتن، پەرەی زیاتری بەم شەپۆلە دا.

لەماوەی ئەم شەپۆلەدا، ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیو سەرۆك کۆمارو پادشاکانی وڵاتان تیرۆرکران (هەروەك لەقۆناغی دووەمی تیرۆریزمدا ئاماژەمان بۆ کرد).

***شەپۆلی دووەم ( ١٩١٤-١٩٤٥)**

لەگەڵ تیرۆرکردنی ئەرشیدۆك (فرانسیس فەردیناند)ی ئیمپراتۆری سربستان لە ساڵی (١٩١٤)داو هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی کە ماوەی (٤) ساڵی خایاند، شەپۆلی دووەمی تیرۆریزمیش لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان هاتەئاراوە.

لەماوەی ئەم شەپۆلەدا، دوو ڕووداوی گرنگ سەرتاپای جیهانی هەژاند ئەویش بریتی بوون لە جەنگی یەکەمی جیهانی (World war١ ١٩١٨-١٩١٤) و جەنگی دووەمی جیهانی (World war٢ ١٩٤٥-١٩٣٩)و ملیۆنان کوژراوی لێکەوتەوە.

دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانو خۆتەسلیمکردنی یابان بەئەمریکا بەهۆی کارەساتی هێرۆشیماو ناکازاکییەوە و سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە (٢)ی سێپتامبەری (١٩٤٥)دا[٣٠]، کۆتایی بە شەپۆلی دووەمی تیرۆریزمیش هات.

**-شەپۆلی سێیەم (١٩٤٦-١٩٧٩).**

سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سنوری وڵاتانی جیهان لەسەردەستی هاوپەیمانانو دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UnitedNation) بۆ ئۆرگانیزەکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتانو بەدواداچوونی هەرکێشەیەکی نێودەوڵەتی تا ڕێگە لەهەڵگیرسانەوەی سەرلەنوێی جەنگێکی جیهانی بگرێت، بەدەستپێکی شەپۆلی سێیەمی تیرۆریزم دەژمێردرێت. بەجۆرێك دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (United Nation)و ئۆرگانیزەکردنی ئەو لایەنانەی کاری تیادا دەکات، پەیماننامەی قەدەغەکردنو سزادانی جینۆساید لە (٩)ی دیسامبەری (١٩٤٨) لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە فۆرمەڵە کراو یەك ڕۆژ دواتریش، واتا لە (١٠)ی دیسامبەری

---

[٢٩] -ابوذر گوهری مقدم: تروریسم. منبع باشگا اندیشه ٢٧اردبیشت ماه١٣٨٤ در سایت (www.bashgah.com).

[٣٠] -هانری میشل: جنگ جهانی دوم. ترجمه: د. عباس أگاهی. چاپ دوم مشهد ١٣٧٤. ص(١٠٦).

(١٩٨٤)دا جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤیش ڕاگەیاندرا[٣١] بۆ پاراستنی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ لەبەرامبەر هەر دیاردەیەکی نامرۆڤایەتیانەی نمونەی وەك تیرۆردا.

لەکارنامەی قەدەغەکردن و سزادانی جینۆسایددا، بەندی سێیەم بەمشێوەیە ئاماژە بۆ ئەو کارانە دەکات کە لەلایەن ئەم پەیماننامەیەوە سزایان بۆ داندراوەو سەرجەمیشیان دەچنە خانەی تیرۆریزمەوە:

ا-جینۆساید (Genocide).

ب-پلاندانان بۆ جینۆساید.

ج- بزواندنی ڕاستەوخۆ و ئاشکرایانە بۆ ئەنجامدانی کوشتن.

د- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ه: بەشداریی لەکاری جینۆساید[٣٢].

لەتەواوی ئەو (١٩) بەندەی کارنامەی ئەم پەیماننامەیەیان پێکهێناوە، هەرجۆرە بەگژداچوونەوەیەکی تاوانی مرۆییانە (بەتیرۆریزمیشەوە) بەپێی یاسانێودەوڵەتییەکان (Law International)شیاوی سزادانن و دەوڵەتانی ئەندام لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، پەیوەست دەکا بە جێبەجێکردنی تەواوی ئەم ماددانەوە ئەگەرنا ئەوا بەپشتیگری تیرۆر دادەندرێن.

باڵانسی کارەتیرۆریستییەکان لەدەیەکانی شەست و حەفتادا، گەیشتە زۆرترین ڕێژەی خۆی، فاکتەرەکەشی دەگەڕایەوە بۆ گەرمبوونی ململانێکانی هەردوو جەمسەرەکەی جیهان (ئەمریکاو یەکێتی سۆڤییەت)و توندتربوونی جەنگی سارد لەنێوانیاندا، بەجۆرێك کە هەرکام لەم جەمسەرانە لایەنگرەکانیان دژبە بەرژەوەندییەکانی یەکتر هان دەدا. لەدواداوکانی دەیەی (١٩٦٠)و سەرەتای (١٩٧٠)دا، کاری تەقینەوەو مرۆڤ ڕفاندن لەلایەن گروپی رینگۆ سکیگون (Rengo Sekigun) لەیابان، باڵی سوپای سور (Red army Fation) لە ئەڵمانیای خۆرئاوا، بریگاردە سورەکان (Red Brigades) لە ئیتاڵیا ئەنجام دران. لەوڵاتە یەکگرتووەکانیش ویسرمان (Weatherman) و پڵنگە ڕەشەکان (Black Oanthers) لایەنگری توندوتیژیی سیاسیان دەکرد[٣٣].

جەنگ دژ بەتیرۆریزم (War against Terrorism) لەماوەی قۆناغی سێیەمدا، لەئاستێکی بەرچاودا خرایە ناو کارنامەی هەریەك لە کۆنڤاشیۆنە نێودەوڵەتییەکان(International Convention)ی نمونەی پەیماننامەی جنێڤ، کۆنڤاشیۆنی لاهای، پەیماننامەی ڤییەنا (١٩٦٩) بۆ وڵاتانی دنیای سێ و..هتد. بەڵام بایەخدانی سەرەکی ئەم پەیمان و ڕێککەوتنامانە، بەگژداچوونەوەی ئەو جۆرە تیرۆرە بوو کە ئامانجی کوشتن و ڕفاندنی دیبلۆمات و ڕفاندنی فرۆکە بوو، چونکە لەماوەی ساڵانی ئەو شەپۆلەدا، تیرۆر پتر ئەو دوو پرۆسەیەی کردبووە ستراتیژی کارکردن. لەساڵی (١٩٧١)دا کۆنڤاشیۆنی نێودەوڵەتی ئەمریکایی و ڕفاندنی دیبلۆماتەکان دامەزرا، بۆ جەختکردنەوە لەسەر بنەبڕکردنی دیاردەی ڕفاندنی دیبلۆمات و فرۆکە[٣٤]. سەرەکیترین هاوپەیمانێتی نێوان دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیماننامەو ڕێککەوتننامانەدا، ئاڵوگۆڕکردنی سەنەد (Exchange of Instruments) بوو سەبارەت بەتۆڕە تیرۆریستییەکان.

**-شەپۆلی چوارەم (١٩٧٩-      )**

[٣١] -کارزان محەمەد(وەرگێڕان): پەیماننامەو قەدەغەو سزادانی جینۆساید. گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (٤)ی (٢٠٠٤). لا (٣٢٨).

[٣٢] -سەرچاوەی پێشوو، لا (٣٢٩).

[٣٣] - أنتونی گیدنز: جامعەشناسی. ترجمە منوچهر صبوری. نشر نی. چاپ دوازدهم ١٣٨٣. ص (٤٠٥)

[٣٤] -دپویی ترور نویت: حقوق امنیتی و نظامی بین المللی. ترجمە: سید سعادت حسینی. چاپ اول ١٣٨١. ص(١٤١).

لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێراندا لەسەربنەمای (میللەت، ئیسلامییەت، کۆماریی)و سەرکەوتنی شۆڕشەکە، کاردانەوەیەکی مەزنی نێودەوڵەتیانەشی هەبوو بۆ گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت لەمەسەلەی دۆسییەی تیرۆریزمو تیرۆریزمی ئیسلامیدا.

پەرەسەندنی چەندایەتیو چۆنایەتی تیرۆریزم، فاکتەرەکەی دەگەڕایەوە بۆ:

١-پێشکەوتنو گەشەی تەکنەلۆژیاو بەئاسانی دەستەبەرکردنو بەکارهێنانی جۆرەها چەکی کوشندە.

٢-گەشەکردنی تەکنەلۆژیای چەك کە کاریگەردانەربوون وەك بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی.

٣- پێشکەوتنی رۆژبەرۆژی ئامرازەکانی هەڵگرتنو گواستنەوە کە دەبنەمایەی خێراتربوونی کارە تیرۆریستییەکانو ئاڵوگۆڕکردنی خێرای چەكو ئامرازە تیرۆریستییەکانو جێگۆڕکردنی خێرای تیرۆریستەکان

٤- بەرفراوانبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیو راگەیاندنو خێراتربوونی کە دەرئەنجامەکانی زۆر گرنگن:

ا: هۆکارەکانی تێکدانی تۆڕە کۆمپیوتەرییو ئەلیکترۆنییەکان بەخێرایی بڵاودەبنەوە.

ب: تیرۆرو دڕندەییە ئەنجام دراوەکان، بەخێرایی بڵاودەبنەوەو تەنانەت زیادەڕۆیشی تیادا دەکرێت.

لەماوەی ئەم شەپۆلەدا، هەردوو مۆدیلی تیرۆریزمی فەندەمێنتالیزم (Fundamental Terrorism)و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی (International Terrorism) فۆرمێکی گشتیانەی لەسەر ئاستی وڵاتاندا وەرگرتو کاریگەریشی لەسەر توندترکردنی جەنگی سارد هەبوو. بەپێی ئامارێکی وردی (CIA) نزیکەی (٤٦٢) هێرشی تیرۆریستی لەدەیەی هەشتاکاندا ئەنجام دراوە[٣٥].

بۆ بەگژداچوونەوەی سەرجەم تۆڕە تیرۆریستییەکان، لەساڵی (١٩٨٥) دوای کێشەی (Achill Lauro)، کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دەرکردو بەمجۆرە ئاماژەی بۆ دەکات: "گشت هەنگاو و رێگا تیرۆریستییەکان لەهەرکوێیەك و لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت، سزا دەدرێن. داوا لەدەوڵەتان دەکەین کە پابەند بن بەبەڵێنی مافە نێودەوڵەتییەکانەوە و خۆیان بپارێزن لە ئۆرگانیزەکردنو هاندانی کارە تیرۆریستییەکان لەدەوڵەتانیترو هاوکاریکردنیان"[٣٦].

دیارترین کارە تیرۆریستییەکانو گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی لەبەرامبەریدا بریتین لە:

-ساڵی (١٩٨٨) لەکاتی تەقینەوەی تیرۆریستیانەی فرۆکەی (١٠٣)ی پان ئەمریکان (Pan American)و کوژرانی (٢٥٩) کەس لە ئاسمانی لۆکەربی، جورج بوشی سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا داوای لەدادگای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد رێگەی یاسایی بگیردرێتەبەر. دواتریش لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە کێشەکە چارەسەرکرا.

-کاری تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لەنیویۆرك لەساڵی (١٩٩٣)دا، دەیان کوژراو پتر لە هەزار بریندراری لێکەوتەوە. ئەنجامدەرەکانیشی گروپەکەی (شێخ عومەر عەبدولرەحمان)ی رێبەری گروپێکی ئیسلامی بوو، دواتریش لەلایەن دادگای باڵای ئەمریکاوە سزادران.

-تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لەنایرۆبی کینیاو دارلسەلامی تانزانیا لەساڵی (١٩٩٨)دا، بووە مایەی کوژرانی (١٢) ئەمریکاییو دەیان هاوڵاتی کینیاییو تانزانیایی[٣٧].

---

[٣٥] -رابرت پیپ: ارتباط بنیادگرایی اسلامی به تروریسم انتحاری. روزنامه ایران ٨٤/٥/٤.

[٣٦] - حبیب زاده (دکتر): اخرین بخش میزگرد درمورد تروریسم. سایت (www.isu.ac.ir/Andesh-ye-Sadiq.) روز ١٣٨٤/٣/١.

[٣٧] - ناصر قربان نیا: مواجهه با تروریسم رویکرد نظامی، سیاسیو یا حقوقی. فصلنامه نامەمفید، شماره (٤٣)، ١٣٨٤. ص (١١_١٢).

دامەزرانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە وەك دایکی سەرجەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیهانییەکان، سەرلەنوێ جیهانی بەهەمانشێوەی جەنگی سارد دابەش کردەوە. لەڕووی کاروچالاکیشەوە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەبەرزترین ئاستدا جیهانی خستەبەردەم مەترسی تیرۆرەوە. ڕوودانی کارەساتی (١١)ی سێپتامبەر کە گەورەترین هێرشی تیرۆریستی جیهانی بوو بۆ سەر ئەمریکا، تیایدا (١٩) تیرۆریست (٤) فرۆکەی جەنگیان لە فرۆکەخانەکانی (بۆستن، ماساچوست، نیویۆرك، نیوجێرسی) فڕاند. ئەم فرۆکانە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی هەردوو بورجەکەی سەنتەری بازرگانی جیهانیو بینای پنتاگۆن لە ئارلینگتۆنی ڤێرجینیاو دەشتێکی دەرەوەی پەنسلڤانیای کردە ئامانج[38]. دواتریش زنجیرەیەك شەپۆلی تەقینەوە ولاتە جێ ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوەی گرتەوە.

شەپۆلی یەکەمی هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە لەدوای ڕووداوەکانی (١١ی سێپتامبەری ٢٠٠١)، لەسێ ولاتی یەمەن، کینیاو ئەندەنۆسیا ڕووی دا (لە تشرینی یەکەمو دووەمی ٢٠٠٢)دا. و شەپۆلی دووەمیش لەهەردوو ولاتی عەرەبستانی سعودییەو مەراکیش ڕووی دا. شەپۆلی سێیەم لەعیراقو مالیزیا (لەئابی ٢٠٠٣)داو شەپۆلی چوارەم لە عیراقو عەرەبستانی سعودییە (لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٣)دا ئەنجام دران. پێنجەمین شەپۆلیش لەتورکیا، ئیسپانیا، ئێرانو دووبارە عیراقیشی (لە٢٠٠٣دا) لەخۆگرت[39].

ئەم جەنگەی نێوان ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وەك بەرەی دژەتیرۆریزمو ئەلقاعیدەو ڕێکخراوە ئیسلامییە تیرۆریستییەکان وەك بەرەی تیرۆریزم، تائێستا داگیرکرانی دوو ولاتی عیراقو ئەفغانستانی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە لێکەوتۆتەوە. بەلەبەرچاوگرتنی ستراتیژی نوێی ئەمریکاش، ئەم جەنگە درێژە بەبەردەوامی خۆی دەدات. بەتایبەت ئەمریکا جەخت لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی بڕیارنامەی بڕیاری (١٣٧٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر دەکاتەوە لەپێناو بنەبڕکردنی ڕەگوڕیشەی تیرۆریزم بەهەموو مۆدیلو جۆرەکانییەوە.

---

[38] – بروس هۆفمان: تیرۆریزم. وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد)، کتێبی گیرفان زنجیرە (٦٠)، ساڵی ٢٠٠٥. لا (٨١).

[39] – کارزان محەمەد (وەرگێڕان): پێکهاتەی نهێنی ئەلقاعیدە.بەشی یەکەم ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١٢٠)ی (٢٠٠٥/٧/٣١). لا (٨).

## فەسڵی چوارەم: ڕەگەزو خەسڵەتەکانی تیرۆریزم

دەرکەوتنی دیاردەی تیرۆریزمو بەزاندنی سنورەکانی نێوان وڵاتان، وەك هەر دیاردەیەکی نێو کۆمەڵگاکانی جیهان، خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لەدەرکەوتەکانیتر. هەرچەندە هەر دیاردەیەکی تیرۆر، دەرهاویشتەی بارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی زێدی خۆیەتی، بەڵام لەکۆی هەمووانداا، دەکرێ بڵێین چەندین ڕەگەزو خەسڵەتی گشتی هەن بوونەتە مۆرکی ناسینەوەی. بەتایبەتی پەسەرەندنی تیرۆر لەپرۆسەیەکی ناوچەییەوەو لەهەرەشەیەکی بچوکەوە، بۆ ئەو ئاستەی کە تەواوی وڵاتانی جیهانی خستۆتە بەردەم مەترسی شەڕێکی چاوەڕوانکراو و بێوادەوە، وا لەڕایگشتی جیهانی دەکات هەڵوێستە لەسەر ستراتیژییەتی ئەم دیاردەیە بکەن. تەنها ڕێگاش بۆ ئەو مەبەستە، ناسینەوەی ڕەگەزو خەسڵەتەکانییەتی بەجۆرێك کە سیستەماتیکانە ستراتیژییەتەکەشیمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە.

### *ڕەگەزەکانی تیرۆر:

هەرچەندە تێڕوانینو بۆچوونی جیاواز هەن لەسەر رەگەزەکانی تایبەتییەکانی تیرۆر، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەین کۆی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان بخەینەڕوو تا بەهەموویان، ئەنجامگیرییەکی راستەقینە دەردەست بکەین.

لەراپۆرتی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە ساڵی (١٩٧٢) پێشکەشی کرد، بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزو توخمە سەرەکییەکانی تیرۆر کرد:

١-ڕفاندن.

٢-کوشتنی بەئانقەستو تیرۆرکردن.

٣-تیرۆری ئاراستەکراو.

٤-ئەنجامدانی توندوتیژی بەشێوەی جۆراوجۆر.

٥- کوشتن بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی[٤٠].

رەگەزە پێکهێنەرەکانی تیرۆریزم لەڕوانگەی یاساوە، (٣) رەگەز ستراکتوری تیرۆر پێکدەهێننو بریتین لە[٤١]:

**١-ترس** La terreur:

کاری جەوهەرییانەی تیرۆریزمە، لەڕووی زانستی سایکۆلۆژییەوە (ترس) جەنگێکە لەپێناو دروستکردنی دۆخێکی ئانارشیزمیانەدا، هەتا ئەو جەنگەش درێژەبکێشێتو ڕووداوەکانی ئاڵۆزتر بن، خەڵکی زیاتر دووچاری شڵەژانو ترس دەبن، و داهاتوو لەبەرچاویان تاریكو نادیار دەردەکەوێت[٤٢]

**٢-زاڵبوون (**La Domination**):**

دوای دروستکردنی دۆخی ترس لەناو کۆمەڵگادا، ئامانجی دواتری تیرۆر بریتییە لەزاڵبوون بەسەر هەستو نەستی بەرامبەردا تا مەبەستەکانی خۆیان لەورێگەیەوە بەدی بهێنن. زاڵبوونی تیرۆریزمیش لەم کارەیاندا، پتر

---

٤٠ -Encarta Encyclopedia ٢٠٠٢, Entroduction UN.

٤١ – محمد یونس محب الدین (دکتور): الارهاب فی القانون الجنائی علی المستویین الوطنی و الدولی، دراسة قانونیة مقارنة. مکتبة الانجلو المصریة، ١٩٧٧، ص (٢٧٧).


٤٢ – صلاح نصر: جنگ روانی. مترجم: محمود حقیقت کاشانی. تهران. چاپ دوم، ١٣٨١. انتشارات سروش. ص٣٢٠.

زاڵبوونێکی هەستییەو لەپێناو ڕەخساندنی فەزایەکی ئانارشیستیانەدایە. سەرەکیترین مەبەستەکانی زاڵبوونی فەزای تیرۆریستانیش، تێکشاندنی گیانی ورەبەرزیو لەبەیەك هەڵوەشانی کۆمەڵگایە[٤٣].

**٣-ئامانجی بکەر (تیرۆریست)** (Lintention De Lauteur):

دواتوخمی تیرۆر، بریتییە لەو ئامانجەی تیرۆریست دەیەوێت لە ڕێگەی کاری تیرۆرەکەیەوە بیهێنێتەدی. بەجۆرێك ئاستی پێکانی ئامانجەکە، پێوەریشە بۆ سەرکەوتوویی و زاڵبوونی کارە تیرۆریستییەکە.

دەتوانین لەهەرەمێکیشدا، ستراکتوری توخمەکانی تیرۆر بەمشێوەیە بخەینە ڕوو




**(سترەکتوری تیرۆزیزم)**

## *خەسڵەتەکانی تیرۆریزم:

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، ناتوانرێ تایبەتمەندی تیرۆریزمی ناوچەیەك بەسەر گشت جیهاندا تەعمیم بکرێت، بەڵکو دەبێ لایەنە گشتییەکانی سەرجەم ئەو لایەنو ڕێکخراوە تیرۆریستییانە وەربگرین، بۆ ئەوەی خەسڵەتگەلێکی ڕاستەقینەمان دەست بکەوێت.

باسکردنی ئەم خەسڵەتانە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یاخود نێودەوڵەتی، هەمیشە لەژێر کاریگەری گۆڕانی بارودۆخدایە، بەومانایەی تیرۆریزمیش بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەر پێشهاتو گۆڕانکارییەك کە دێتەپێشەوە، ڕەنگو فۆرمی خۆی دەگۆڕێت. بەڵام بەتێڕوانینێکی لۆژیکیانە سەبارەت بە فۆرمەکانی تیرۆریزم لەمێژووی خۆیدا، بۆمان دەردەکەوێت (٦) خەسڵەت بوونەتە خاسییەتێکی جیانەکراوەی دیاردەی تیرۆریزم چ لۆکاڵی بێت یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت. واتا هەمان ئەو خەسڵەتانەی ڕێکخراوێکی گلۆباڵیزەبووی وەك ئەلقاعیدەی تیرۆریستدا هەن، بەنزیکەیش بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دەیەکانی پێشووش هەر ڕاستن، بەڵام لەفۆرمی پیادەکردندا گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. خەسڵەتە پێنج کوچەکەییەکەی تیرۆریزمیش بەمجۆرەن[٤٤]

١-هۆشمەندیی لە پلاندانانو سودوەرگرتن لەتەکنەلۆژیای نوێ.

٢-نهێنیبوون لەڕاپەراندنی کارەکاندا.

٣-جاڵجاڵۆکەیی تۆڕە تیرۆریستییەکان.

٤-کوێرانە ڕەفتارکردن لەگەڵ بەرامبەردا.

---

[٤٣] -سابیر بەکر بۆکانی: سەرەتایەك لەجەنگی دەروونی. گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە. ژمارە (٤)ی شوباتی ١٩٩٨. لا (٣٨).

[٤٤] -محمود کلاهچیان: تروریسم کور یا سایبری، مقالات پژوهشکده مطالعات راهبردی. سایتی (www.riss.ir)

٥–دروستکردنی فەزای ترس.

لەهەمانکاتـدا بـەپێی ڕاپـۆرتێکی وەزارەتـی دەرەوەی ئـەمریکا، خەسـڵەتە نوێیـەکانی تیرۆریـزم لـەبارودۆخی ئێستای جیهاندا پتر خۆی لە نهێنیبوونی تیرۆریزمو فرەجۆریی ئامرازەکانی هەڕەشەو تەمومژاوییـەتی مەیدانی شەڕە[٤٥].

لەژێرکاریگـەری دیفـاکتۆبوونی تیرۆریـزم لەسـەر ئاسـتی جیهـان بەگشـتی، بـەبێ پرۆسیسـی ناسـینەوەی ئـەو تایبەتمەندییانەی هەر بەرەیەکی تیرۆریستی هەیەتی، ناتوانرێ میکانیزمی بەگژداچوونەوەشی بـۆ بدۆزرێتـەوە، ئەمەش بەهای هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکانی تیرۆرمان بۆ دەردەخات.

---

[٤٥] – سایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (www.usinfo.state.com).

## فەسڵی پێنجەم: هەلومەرج و فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم

تیرۆریـــزم وەك دیاردەیـــەکی نیگـــەتیڤی نـــاو کۆمـــەڵگاکانی جیهـــان، هـــەڵقوڵاوی هـــەناوی کێشـــە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکانـە. بەدرێـژایی قۆناغـەکانی فۆرمەڵەبوونیشـی، چـەندین فاکتـەر زەمینـەیان بـۆ لـەدایکبوون و سەرهەڵدانی ئەو دیاردە ترسناکە ڕەخساندووە.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا تیرۆریزم کۆمەڵگاکانی جیهانی بەخۆیەوە ئاڵودە کردووە، زادەی هەلومەرجی ئێستا نییە بەڵکو پاشخانێکی مێژوویی– فکریی دوورودرێـژی هەیەو (توندوتیـژی سیاسـی) بەیەکـەمین سەرچاوەی سـەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دادەنرێت.

ئـەو هۆیانـەی بەشـێوەیەکی دیـار خـەڵکیان ناچـارکردووە کـاری تیرۆریسـتیانە بکـەن، بـریتین لەڕاپـەڕین و بەرەنگاربوونەوەی ئەو نەهامەتیانەی لەئەنجامی سـەرکوتکردنی سیاسی، جیاکاری ئـەتنیکی و چەوساندنەوەی ئاینییـەوە دەکەونـەوە[٤٦]. یەکـەمین بیـانوی تیرۆریسـتانیش بـۆ کارەکانیـان، ئەوەیـە کـە پێیانوایـە تـیرۆر دواڕێگاچارەسەرە بەجۆرێك لە تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگاکانیتردا شکستیان خواردووە[٤٧].

### *هەلومەرجی ئایینی

لەسـەرەتای دروسـتبوونی کۆمـەڵگای مرۆییـەوە، ئـایین وەك هـەژموونێکی گـەورە کـە خـۆی بەهـەڵگری پـەیامی بێچەندوچونی خوداوەند زانیوە، بەسەر سەرتاپای لایەنە مرۆڤایەتییەکاندا خۆی زاڵکردووە.

سەرەتاکانی توندوتیژی ئایینی کە ببووە زەمینە بۆ دروستبوونی تیرۆر وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر یەکتردا، لەکۆمەڵـە جولەکەکانـەوە دەسـتپێدەکات، هەمیشـە ئەوانـەی لەسـەر ئـایینی ئـەوان نـەبوون بەبـەردباران کـردن دەیانکوشتن٤٨. یەکـەمین کـاری تیرۆریسـتی لەمێـژووی ئایینی جولەکـەدا، دەگەڕێتـەوە بۆ (فینـیس Phineas)ی فـەرمانڕەوای رۆحـانی جولەکـەکان لـەو سـەردەمەدا کـە لەناوچـەی سـینا، فـەرمانی کوشـتنی سـەرۆك هۆزێك و ئاشقەکەی دا بەتۆمەتی بێڕێزی کردن بەرامبەر بە شوێنە پیرۆزەکـان[٤٩]. هـەروەها لەشۆڕشـی جولەکەکانـدا دژبـە دەسـەڵاتی رۆمـانی بەیەکـەمین شۆڕشـی تیرۆریسـتی دادەنرێـت لەمێـژوودا کـە لـەماوەی سـاڵانی (٧٣–٦٦ی بەرلـەزایین)دا هەڵگیرسا٥٠. ئـەم توندوتیژیانـەی ئـایینی جولەکـە، هەمیشـە بـەکاری تیـرۆری نـەیارەکانی ئـایین و بەپێچەوانەشەوە، کۆتاییان دەهات.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ئـایینی مەسـیحییەت و چـونە سەردەسـەڵاتی ئـەم ئایینـە لـەوڵاتانی ئـەوروپاو زۆربـەی ناوچـەکانیترداو دامەزرانـدنی دەزگاکـانی پشـکنینی بیروبـاوەڕ (Inquistion)، بەتایبـەتی دوای شکسـتی دەوڵـەتی رۆمـا لەسـاڵی (٤٧٦ی زایینـی) چـەرخی تـاریکبینی (Obscurantism) دەسـتی پێکـرد. دیـارترین خەسڵەتیشـی، دەسەڵاتی بێسنوری کڵێساو توندڕەویی بوو. هەموو ئامرازەکان بۆ بەگژداچوونەوەی هـەرجۆرە توندوتیژییـەکی سیاسی وەك گرژی و ئاڵۆزی، شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان و کودەتا بەکاردەهات. لەمڕووەوە هەرجۆرە ئینتمایەك بۆ

---

[٤٦] – بروس هۆفمان: تیرۆریزم. وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد)، کتێبی گیرفان زنجیرە (٦٠)، ساڵی ٢٠٠٥. لا (٢١).

[٤٧] – مایکل والتسر: عذرتراشی برای تروریسم. ترجمه (عزت الله فولادوند). مجله فرهنگی و هنری (بخارا). شماره (٣٢).

[٤٨] –تدرابرت گر: چرا انسانها شورش می کنند. ترجمه (علی مرشدی زاد)، چاپ دوم ١٣٧٩. انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی. ص(٢٥٩).

[٤٩] – والتر رایش: ریشەهای تروریسم، مترجم: سید حسن محمدی نجم. تهران. ١٣٨١. ص (٢٣٧).

[٥٠] – احمد جلال عزالدین (دکتور): الارهاب..و العنف السیاسی. القاهرة١٩٨٦. ص (٨٧).

Kurdistannet کوردستان نێت

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییانە هەر لەکۆرپەلەیی‌دا لەناو دەبران. کڵێسا هەرجۆرە شۆڕشێکی دژبەئایینی بەشۆڕش دژ بەخوداوەند ناوزەد دەکردو وەك لادەریی ئایینی، بەگژیاندا دەچۆوە[51].

سـاینت تۆمـاس ئـەکیوناس (Saint Thomas Aquinas ١٢٢٧-١٢٧٤ز)ی ئیتـاڵی وەك بیرمەنـدێکی ئـایینی لـەو سەردەمەدا، چەمکی تیرۆرو توندوتیـژی لەکڵێسا جیاکردەوە، لەوبڕوایەدابوو توندوتیژی بەهـەر ڕوویـەك بێت، بـەگوناه دەژمێردرێـت کـە لەئەسـتۆی دەسـەڵاتداراندایە. بەومانایـەی دەسـەڵاتداران سـودی نیگەتیڤانـەیان لـەو دەسەڵاتە وەرگرتووە کە خوداوەند پێ‌ی بەخشیون٥٢.

دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لەسەدەی حەوتەمی زایینی لەعەرەبستانی سعودییە بەڕێبەرایەتی (محەمەدی کوڕی عەبـدوڵڵا -د.خ)، لـەجیهانبینی ڕزگـارکردنی خـەڵك لەدەسـتی زوڵـم و زۆری دەسـەڵاتدارانەوە هاتـەئارا. چـەندین بیرمەنـدی ئیسـلامبیش وەك فـارابی (٨٧٢-٩٥٠ز)، ئـیبن سـینا (٩٨٠-١٠٣٧ز)، ئـیبن روشـد (١١٢٦-١١٩٨ز)، ئیبن عەرەبی (١١٦٥-١٢٤١ز)، ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦)، سەرجەمیان جەختیان لەسـەر ڕێبازی ئاشتیانە کردۆتەوە لەگەڵ یەکتردا٥٣.

ڕای جیـاوازیش سـەبارەت بـە تـیرۆرو ئیسـلام وەك دوو دیـاردەی هـاوزادی یـەکتر، لەئارادایـە کـە دەقـەکانی (قورئان)یان کردۆتە بەڵگە بۆ مەسەلەی ڕێگەدان بەتوندوتیژی‌و تیرۆرکردنی هەموو ئەو مرۆڤانەی لەگـەڵ ئـایینی ئیسلامدا نین. هەروەك لە ئایەتی (٥)ی سورەتی (مدینە)ی قورئاندا هاتووە (فاقتلوا المشرکین حیث وجدتموهم و خذوهم و احصروهم و اقعدوات لهم کل مرصد فان تابوا و أقاموا الصلاة و أتوا الزکوة فخلوا سبیلهم. ان اللة غفور رحیم).

هـەروەها ئـیبن هیشـام لەکتێبـە بەناوبانگەکـەی خۆیـدا دەڵێـت: ئـەو کەسـانەی پەیامبـەری خـودا (د.خ) فتـوای کوشتنی داون (٨) کەس بوون کە (٣)یان ژنە گۆرانیبێژو ئەوانیتر شاعیر بوون[54].

هـەروەها (تەبـەری)ی مێژوونوسـی گـەورەی ئیسـلام، لـەزاری (ئـیبن ئیسـحاق)ەوە دەڵێـت: لەسـاڵی هەشـتەمی کۆچی‌و دوای فەتحی مەککە، پەیامبەر (د.خ) بەسەرکردەکانی خۆی وت ئەگـەر کەسـێك نەهاتـە شـەڕەوە، شـەڕی لەگەڵدا نەکەن بەڵام ناوی چەند کەسێکی هێنا کە لەگەڵ بینیندا بکوژرێن[55].

هـەروەها تیرۆرو کوشـتاری بەکۆمـەڵی هـۆزی جولەکـەی (بـەنی قورەیزە) لـە مـانگی (ذیحجة)ی سـاڵی پێنجـەمی کۆچی‌و هۆزی (ئەوس) لەسەرەتاکانی حکومڕانی ئیسلامدا، نمونەیەکن بۆ توندوتیژی[56].

لـەماوەی حکومڕانی خولـەفاکانی راشـدەین (ئەبوبـەکر، عوسـمان، عومـەر، عـەلی -ر.خ)و بەتایبـەتی لەسـەردەمی خەلافـەتی ئەمـەوی‌و عەباسـیدا، توندوتیـژی ئـایینی‌و تـیرۆر دوو سـیمای دیـاری حکومڕانی بـوون. هەربۆیەشـە لەسەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە، ڕاپەرینی خەڵك وەك وەڵامدانەوە بەپێداویستییە ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیرییەکان، دەستی پێکردو قەڵەمڕەوی ئیسلام بووە شانۆی چەند ڕاپـەرین‌و بزووتنەوەیـەکی کۆمەڵایـەتی‌و ڕۆشـنبیری. ڕاپەرینەکـەی (بابـەکی خـوڕەمی ٢٠١-٢٢٢ی کۆچـی) و (زەنـگ-٢٥٥ی کۆچـی) و شۆڕشـی

---

[51] -ناصر فکوهی (دکتر): خشونت سیاسی (نظریات، مباحث، اشکال‌و راهکارها). تهران چاپ اول ١٣٧٨. ص (٢٧).

[52] -سەرچاوەی پێشوو لا (٣١).

[53] - بلاذری: فتوح البلدان. ترجمه( أ.أذرتاش)، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران ١٣٤٦.

[54] -ابن هشام: زندگانی حضرت محمد. مترجم : حجت الاسلام هاشم رسولی. تهران. چاپ دوم بهار ١٣٦٤ شمسی. ص (٢٧١).

[55] -محمد بن جریر طبری: تاریخ طبری یا تاریخ الرسل و الملوك. ترجمة: ابو قاسم پاینده. جلد سوم. انتشارات اساطیر. تهران ١٣٦٣. ص (١١٨٧).

[56] - باقر مومنی: نخستین ترورهای فردی سیاسی‌و کشتارهای جمعی در جامعه مدنی اسلامی. نشریه (اتحاد کار)، بهمن (١٣٧٩). ص (١٤).

(قەرمەتییەکان٢٨٦کۆچی) نموونەی بەرجەستەی هەڵوێستی شۆرشگێرانەی خەڵکن دژ بەدەسەڵاتی رەهای تاکەکەس و چینی دەرەبەگی فەرمانڕەوا[٥٧].

لەسەدەی بیستەمیشدا، تیۆری تەکفیرکردنی کۆمەڵگاو بەشەرع زانینی تیرۆریزم مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (سەید قوتب)ی گەورە سەرکردەی فکریی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین[٥٨]. ئاراستەی فکریی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین لەسەردەستی ئەم پیاوە وەرچەرخانێکی ترسناکی خۆوەبینی. بەتایبەت دوای بڵاوکردنەوەی هەردوو کتێبی (فی الظلال القران و معالم فی الطریق)، دیدو بۆچوونەکانی ناو ئەم دوو کتێبە دەرگای بەڕووی ئەو گروپە تیرۆریست و توندڕەوانەدا کردەوە کە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئیسلامی تەنیوەتەوە[٥٩]. تەنانەت دەکرێ کتێبی (معالم فی الطریق) بەیەکەمین چاوگەی تیرۆریزم دابنرێت، هەربۆیەشە دوای بڵاوبوونەوەی چەندین گروپ بەسەرکردایەتی (محەمەد عەبدولسەلام فەرەج، شوکری مستەفا، کەرەم زوهدی، عەبود زومر، ئەیمەن ئەلزەواهیری، محەمەد شەوقی ئیسلامبولی..) لەم تیۆرەی سەید قوتبەوە دەستیان پێکرد. تا تیرۆرکردنی ئەنوەر ساداتی سەرۆك کۆماری میسر لە (٦/١٠/١٩٨١)دا، ئەم گروپانە دیارترین دیاردەی سەر گۆڕەپانی سیاسی بوون[٦٠].

ساڵانی هەشتاکان و دوای توندبوونی ململانێی جەنگی سارد لەنێوان یەکێتی سۆڤییەت و ئەمریکادا، یەکەمین تۆوی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك ئەلقاعیدەش چێندرا. قۆناغی کۆرپەلەییەکەی ئەلقاعیدە لەسوداندابوو، دوای یەکگرتنی لەگەڵ عەرەبە ئەفغانەکان و کۆچکردنیان بۆ ئەفغانستان، دواتر دەوڵەتی تاڵبانیان دامەزراند[٦١]. لە (١١)ی سێپتامبەریشدا، گەورەترین پێکدادانی بەرەی تیرۆر لەگەڵ شارستانیەتی خۆرئاوادا ڕووی دا، بەجۆرێك تائێستاش ئەم جەنگە بەردەوامەو بۆتە مایەی گەورەترین فاکتەر بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریزم.

## *هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

هەروەك پێشتر ئامارژەمان بۆ مێژووی سەرهەڵدانی تیرۆر کرد کە ڕەگوڕیشەکەی لەیۆنانی کۆندا بەڕوونی دەبینرێت، دەکرێ بڵێین جێنزرگەی سیاسیانەی دەرکەوتنی تیرۆرو ئەو فاکتەرە سیاسیانەی کار لە لەدایکبوونی تیرۆریزم دەکەن، هەر پاشخانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتشارەکان (City-State)ی یۆنان.

لەو ڕوانگەوەی کە تیرۆریزم لەپێناو سڕینەوەی بەرامبەردایە، دەتوانین بڵێین بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی چەند فاکتەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەیەکچوو، زەمینەیان بۆ دروستبوونی فەزای تیرۆر خۆشکردووە.

**١-توندوتیژی سیاسیانە** (Political Violenc) **بۆ کورسی دەسەڵات:** بەپێی تیۆرەکەی میللەر، توندوتیژی سیاسی بریتین لە چوار جۆر توندوتیژی (ململانێی کەمینەکان Intensity Comflict، شەڕی سنوردار Limted War، شەڕی جیهانی General War، شەڕی تۆتالی (Total War)[٦٢]. ئەم توندوتیژیانە، سەرجەم جۆرەکانی تیرۆری لێدەکەوێتەوە، لەپێناو گەیشتن بەسەرکەوتن و کورسی دەسەڵات. بەشێوەیەکی گشتیش، ڕێکخراوە بچوکەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمبوونی ڕێژەیان، پەنادەبەنە بەرکاری تیرۆریستی. هەروەکچۆن لەمێژووی عیراقیشدا بەئاشکرا دەبینرێت.

---

[٥٧] –فوئاد مەجید میسری: کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا. چاپی دووەم ٢٠٠٢. لا (٢٥٥-٢٥٦).

[٥٨] –فەرید ئەسەسەرد: سەید قوتب و تیۆری تەکفیرکردنی کۆمەڵ و دەوڵەت. چاپی یەکەم ٢٠٠٢. لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك). لا (٣).

[٥٩] – شوان ئەحمەد: ئیسلامی سیاسی، کتێبی ڕووناکبیری ژمارە (٤٢)، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٤. لا (٤٢).

[٦٠] ٠سەرچاوەی پێشوو، لا (٥٣).

[٦١] – کارزان محەمەد (وەرگێڕان): پێکهاتەی نهێنی ئەلقاعیدە.بەشی یەکەم ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١٢٠)ی (٣١/٧/٢٠٠٥). لا (٨).

[٦٢] – احمد جلال عزالدین (دکتور): الارهاب..و العنف السیاسی. القاهرة١٩٨٦. ص (٨٧).

**٢-ناعەدالـەتی کۆمەڵایـەتی:** بڵاوبوونـەوەی جۆرەهـا نەخۆشـی کۆمەڵایـەتی و دابەشـبوونی چـینایەتیانەی جیهـان بەتایبەتی لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بۆتەمایەی توندڕەویی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان و دواتریش پەنابردنە بەر تیرۆر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو پاشکەوتوویییەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە[٦٣].

**٣-داگیرکـاری و سـتەم:** هەوڵدانـە نەتـەوەیی، ئـایینی، سیاسـی و ئایدۆلۆژییـەکانی وڵاتـانی ئـەمریکاو ئـەورووپا لەجیهانـداو دواتـریش بڵاوبوونـەوەی تیـۆرە حکومڕانییـەکانی فاشـیزم، شـۆڤینیزم، سـەهیۆنیزم، ڕاسـیزم و ئەپارتاید، زۆرینەی وڵاتـانی ژێردەسـتی بێگانەی هـان دا بۆ ڕزگاربوون، پەنابەرنـە بـەر هـەموو جـۆرە ڕێگایـەکی نمونـەی تـیرۆر[٦٤]. ئـەمجۆرە فاکتـەرەی سـەرهەڵدانی تیرۆریـزم، هـەردوو جۆرەکـەی توندوتیـژی لەسـەرەوە بـۆ خوارەوە (دەوڵەت بەسەر گەل)داو لەخوارەوە بۆ سەرەوە (گەل بەرامبەر بەدەوڵەت)ی لێدەکەوێتەوە.

**٤-جەنگ و هەژموونگەرایی:** ئەم هۆکارە، کاریگەرترین سەرچاوەی بزوواندن و باوترین فاکتەری پشت دروستبوونی تیرۆریزمـە. چـونکە لـەکاتی جەنگدا، ژیـانی ئاسایی کۆمـەڵگا لەناودەچێت. بڕەچـەکێکی زۆر دەکەوێتـە دەسـت کەسانی بڕواپێنـەکراو بۆ ئاژاوەنانـەوە[٦٥]. لەمڕۆشـدا هـەژموونی دژبەیـەکی ئـەمریکایی بوون و ئیسـلامیزەکردنی جیهان، بوونەتەمایەی هەڵگیرسانی جەنگێکی گەورەی تیرۆریزمیانە.

**٥-قەیرانی دیالۆگ:** نەبوونی جۆرە پردێکی دیالۆگ لەنێوان هەندێ لـە نەتـەوەو ئـایین و ئایـدۆلۆژیاکانی جیهانـدا، بـەردەوام تـیرۆری بەرهـەم هێنـاوە. ئـەویش لـەڕێگای وەڵامدانـەوەی توندوتیـژی بەتوندوتیژییـەوە. بـەدیهێنانی پێشبینییەکەی (سامۆیل هـانتینگتۆن)یش لـەبارەی نـەبوونی گفتوگۆی شارسـتانییەتەکان و ئەگـەری پێکدادانی شارستانییەتەکان، کارەساتی (١١)ی سێپتامبەری خوڵقاند.

لەپۆلێنبەندییـەکیتردا لـەبارەی ئـەو فاکتەرانـەی دەبنـەهۆی دروسـتبوونی تیرۆریـزم، بـەپێی ڕای (محەمـەد حەداد)[٦٦]، بریتین لە (٧) فاکتەری سەرەکی:

١. تورەیی فکریی.
٢. تورەیی ڕووناکبیری.
٣. تورەیی سیاسی.
٤. نەداری و هەژاریی ئابوری.
٥. نەزانی.
٦. نەخوێندەواریی.
٧. زاڵبوونی بەهێزی سیاسیانەی بێگانە یان داگیرکەر بەسەر کۆمەڵگادا.

---

٦٣ –حجت الله شهابی: پدیده تروریزم. سایت (www.bashgah.net) مرداد ١٣٨٣.

٦٤ – تدرابرت گر: چرا انسانها شورش می کنند. ترجمه:علی مرشدی زاد، چاپ دوم ١٣٧٩. انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی. ص(٤٩).

٦٥ = حجت الله شهابی: پدیده تروریزم. سایت (www.bashgah.net) مرداد ١٣٨٣.

٦٦ – محمد حداد: القاموس الیبرالی– معجم المصطلحات. الحلقة رابعة. الجزء الاول. الارهاب. ص (٦). سایتی (الحزب اللیبرالی الدیمقراطی العراقی). ٢٠٠٥

# بەشی دووەم: پێکهاتەو ستراکتوری تیرۆریزم

فەسڵی یەکەم: سێکوچکەی تیرۆریست، قوربانی، ئامانج

فەسڵی دووەم: ڕێگاکانی تیرۆر


## فەسڵی یەکەم: سێکوچکەی تیرۆریست، قوربانی، ئامانج

تیرۆریست (Terrorist) وەك بکەری کارە تیرۆریستییەکان، پێناسی هەمەچەشنە بۆ ناساندنی کراوە، لەسەرتاسەری جیهانیشدا هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی فرەچەشنە هەن کە کاردەکەنە سەر جۆری کەسە تیرۆریستەکە.

تیرۆریست لەسەرجەم یاسا گشتییەکانی وڵاتاندا، بەوە پێناس دەکرێت کە: بەکارهێنانی توندوتیژییە لەلایەن مرۆڤەوە دژ بەمرۆڤ. واتا لایەنی جەستەیی کەسەکە (کوشتن، لێدان، بریندارکردن) و توندوتیژی دژ بەشتومەك (لەناوبردن، وێرانکردن) دەگرێتەوە[٦٧]. بەڵام (محەمەد حەداد)ی پسپۆری بواری یاسا دەڵێت: کەسێك یاخود کۆمەڵێك کەسن کاری توندوتیژی و هەڕەشە دەکەن لەپێناو دروستکردنی فشار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانیان[٦٨].

بەگوێرەی ئەم پێناسانەی سەرەوە، قۆناغی کۆرپەلەیی دیاردەی تیرۆریزم، لەلادانی یاساییانەی ئەو کەسەوە دەست پێدەکات کە بە تیرۆریست ناوزەد دەکرێت. تیرۆریست لەپانتایی کارەکانیدا، (ئامانج)ێکی هەیە کە بریتییە لەو کەسەی دەیکاتە (قوربانی)ی کارەکەی خۆی.

ستراکتوری تیرۆریزم بەپێی تێڕوانینەکەی (یۆجین ڤاڵتەر) لەم سێ کوچکەیە پێکدێت[٦٩]




لەپرۆسەی جێبەجێکردنی کاری تیرۆریستیدا، تیرۆریست یان کەسێکی لەیاسالادەرە یاخود ئەندامی گروپێکی ئۆرگانیزەکراوە و بەپێی ستراتیژێکی داڕێژراو ئامانج و کەس و لایەنی قوربانی دەستنیشان دەکات. واتا دووجۆر تیرۆریستمان هەیە[٧٠]

**١-تیرۆریست لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتاندا (**State Controlled Teroorism**):**

ئەمجۆرە تیرۆریستە یا لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە ڕێنما دەکرێت یاخود یەك یا چەند وڵاتێك سەرپەرشتی دەکەن و پێی دەوترێ تیرۆریستی نێودەوڵەتی (Governmental Terrorist). تیرۆریستی ڕێنماکراو لەلایەن وڵاتانەوە، فەرمان و ئاراستەی کارکردنیان لەلایەن ئەو وڵاتەی هاوکاریان دەکات، وەردەگرن و بەگشتی،

---

[٦٧] – محمد یونس محب الدین (دکتور): الارهاب فی القانون الجنائی علی المستویین الوطنی و الدولی، دراسه قانونیه مقارنه. مکتبه الانجلو المصریه، ١٩٧٧، ص (١٠٤).

[٦٨] –محمد حداد: القاموس الیبرالی– معجم المصطلحات. الحلقة رابعة. الجزء الاول. الارهاب. ص (٦). سایتی (الحزب اللیبرالی الدیمقراطی العراقی). ٢٠٠٥

[٦٩] –علی یوسفی: ابعاد تروریسم. سایت (ایران امروز)، تیر ١٣٨٣.

[٧٠] –Zilinskas, R,A. (Terrorism and Biological Weapons: Inevitable alliance?) Perspectives in biology and medicine ١٩٩٠:٣٤(١): ٤٤–٧٢.

ئەم فەرمانانە بەشێوەی کاری تیرۆریستیانە ئەنجامی دەدەن. چالاکییەکانیان فرەجۆرن لە کوشتن‌و تیرۆرکردنی نەیارانەوە بگرە تاوەکو وێرانکردن‌و تەقاندنەوەی دامەزراوەکان کە سەرجەمیان بۆ گۆڕینی سیاسەتی وڵاتی نەیار بەکاردەهێنرێت.

**٢-تیرۆریستی سەربەخۆ (Autonomous Terrorist):**

ئەمجۆرە تیرۆریستە، بریتییە لەکاری وێرانکارانەی گروپێکی نادەوڵەتی دژ بەگروپێکیتر یا حکومەت یاخود وڵاتێکیتر. ئەم جۆرە تیرۆریستانەش بۆ (٣) جۆر پۆلێنبەندی دەکرێن:

ا: تیرۆریستە ئانارشیستەکۆمۆنیستەکان یا تیرۆریستە کۆمۆنیستە ئانارشیستییەکان.

ب: تیرۆریستە فاشیستەنوێیەکان.

ج: تیرۆریستە ناسیۆنالە جوداخوازەکان[٧١].

لەڕووی ئامانجەوە، زۆربەیجار تیرۆریستان هاوڵاتیانی بێتاوان دەکەن بەنێچیر بۆئەوەی کەش‌و هەوای ترس‌و تۆقین‌و نائارامی بڵاوبکەنەوە. هەندێك تیرۆریستیش نیشانەکانی خۆیان لەناو دیبلۆمات‌و جێگا دیبلۆماسییەکاندا هەڵدەبژێرن.

---

[٧١] – بروس هۆفمان: تیرۆریزم. وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد)، کتێبی گیرفان زنجیرە (٦٠)، ساڵی ٢٠٠٥. لا (٤٠).

Kurdistannet کوردستان نێت

## فەسڵی دووەم: ڕێگاکانی تیرۆر

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئەو ڕێگایانەوە کراون کە تیرۆریزم دەیکاتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بەتایبەتی لەسەدەی بیستەمو سەرەتای هەزارەی نوێدا، فرەچەشنەنو هەرکام لەو ڕێگایانە، وابەستەن بەکاتو ناوچەیەکی دیاریکراوەوە.

گرنگترین ڕێگاکانی تیرۆریزمیش بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکانیان، دەتوانرێ بەمشێوەیە پۆلێنبەندی بکرێن.

**یەکەم: تیرۆرکردن**

سەرەکیترین ئامانجی تیرۆریزم لەبەرامبەر نەیارەکەیدا، لەناوبردنو سڕینەوەیە. هەریەك لە (دیبلۆماسییەکان، پیاوی کارە گەورەکان، سەرکردە سەربازییەکان، کەسایەتییە حکومەییەکان، کەسایەتییەکانی ناو خەڵك، کەسانی ئاساییو..هتد)[٧٢] جێمەبەستی ئەم جۆرە ڕێگای تیرۆرن بەجۆرێك کە زۆربەیان لە ئەنجامی ئەم کارەدا، گیان لەدەست دەدەن.

**دووەم: فڕاندنو بەبارمتەگرتن**

مەبەست لەم ڕێگایەی تیرۆر، دەستبەسەرداگرتنو دیلکردنی ئەو کەسانەیە کە دەتوانرێ لەڕێگەی ئەو کارەوە گوشار بخرێتە سەر لایەنێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەی تیرۆریستان داوایان کردووە. هەروەك تۆماس شلینگ (Thomas schelling) دەڵێت: بەبارمتەگرتن (بۆ ڕفێنەرەکان واتا تیرۆریستەکان) دەرخستنی هێزێکە بۆ زیانگەیاندن بە (نەیارەکانیان). ڕووکردنە ئەمجۆرەی تیرۆر لەدوای ساڵی (١٩٦٨)ەوە، لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بووبەباو و تیایدا بووینە شایەتحاڵی سەرهەڵدانو دەرکەوتنی دیاردەی ڕفاندنی دیبلۆماتو فرۆکەی جۆراوجۆر[٧٣].

دووجۆر رفاندنو بەبارمتەگرتن هەیە

**ا: دژ بەدیبلۆمات**

دیبلۆماس کە نوێنەرایەتی وڵاتێك لەوڵاتێکیتردا دەکات، بریتییە لەو کەسەی کە هونەری ئۆرگانیزەکردنو بەکارهێنانی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان ئەنجام دەدات. گرنگترین کارەکانی دیبلۆماسییەکانیش، بریتین لە:

-گفتوگۆی سیاسی.

-نوێنەرایبەتی.

-کۆکردنەوەی زانیاری.

-پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی.

-پتەوکردنی پەیوەندییە گشتییەکان.

-بەڕێوەبردن[٧٤].

---

٧٢ – احمد جلال عزالدين (دكتور): الارهاب..و العنف السياسى. القاهرة١٩٨٦. ص (١٢٢-١٢٣).

٧٣ – والتر رايش: ريشەهاى تروريسم، مترجم: سيد حسن محمدى نجم. تهران. ١٣٨١. ص (٣٤).

٧٤ – سيد على اصغر كاظمى: ديپلماسى نوين در عصر دگرگونى در روابط بين المللى. تهران. چاپ سوم ١٣٧٠. ص (١١١).

Kurdistannet کوردستان نێت

گرنگی ئەم کارانەو ڕۆڵی کاریگەرانەی دیبلۆمات لەوڵاتەکەی خۆیو ئەو وڵاتەش کە نوێنەرایەتی تیادا دەکات، بوونە هۆکاری دانانی چەندین ڕێسا بۆ دیاریکردنی مافو ئەرکەکانیانو پاراستنیان لەهەر هەڕەشەیەکی تیرۆریستیانە. دیارترین ئەو ڕێسایانەش، کۆنڤاشیۆنی ڤییەننایە دەربارەی پەیوەندییە دیبلۆماتییەکان، ئەم کۆنڤاشیۆنە لە (٥٣) ماددە پێکهاتووەو لە(١٨)ی نیسانی (١٩٦١) بەڕەسمی ڕاگەیەندرا.

**ب: دژبە فرۆکەوانی**

سیستەمی هێڵی ئاسمانی کە فرۆکەوانی دەگرێتەوە، لەدوای گەشەکردنی گەشتی ئاسمانییەوە زۆرترین کاری تیرۆریستی لەبەرامبەریدا ئەنجام دراوە. ئەم جۆرە تیرۆرە، لەپۆلێنبەندیەدا دەچێتە خانەی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە[٧٥]. کردەوەکانی توندوتیژی ئاراستەکراوی دژ بەفرۆکەوانی مەدەنی نێودەوڵەتی لەسەرجەم شوێنەکانی جیهاندا، لەساڵی (١٩٤٨)ەوە تا ئەم کاتەی ئێستامان لەزیادبووندایە، لەماوەی نێوان کانونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨)ەوە تا ئەیلولی ساڵی (١٩٦٩)دا، (١٢١) فرۆکەی مەدەنی فڕێنراو گەشتی فرۆکە مەدەنییەکان لە (٤٧) دەوڵەتدا پەکخرا[٧٦]. هەروەها تەقاندنەوەی فرۆکەی (١٠٣)ی پان ئەمریکان (Pan American) لەکێشەی لۆکەربیو فڕاندنی چوارفرۆکە بۆ خولقاندنی کارەساتی (١١)ی ئەیلولی (٢٠٠١) دیارترین نمونەی تیرۆری بواری فرۆکەوانین.

**سێیەم: تەقینەوەو خۆتەقاندنەوە**

بەشێوەیەکی گشتی، هێرشی خۆتەقاندنەوەو تەقینەوە بەیەکێك لەتایبەتمەنییە سەرەکییەکانی تیرۆریزمی هاوچەرخ دادەنرێت. بەدوو شێوازیش ئەنجام دەدرێن[٧٧]:

ا: تەقاندنەوەی بەکۆمەڵ: وەك خۆکوشتنی بەکۆمەڵ، نمونە: خۆکوشتنی بەکۆمەڵی جولەکەکان لەقەڵای ماسادادا لە ساڵی (٧٣)ی بەرلەزایین. هەروەها تەقاندنەوەی بەکۆمەڵی دانیشتوانی کوردی قەڵای دم دم لەساڵی (١٦٠٩) بۆ ڕزگاربوون لەژێردەستەیی شاعەباسی سەفەوی.

ب: تەقاندنەوەی یەك لەدوای یەك: بریتین لەکۆمەڵێك کاری تەقینەوە کە نزیکەی هاوساتن لەگەڵ یەکتردا، بەڵام ڕەنگە شوێنەکانیان جیاواز بێت. نمونە: تەقینەوە یەك لەدوای یەکەکانی لەندەن لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵ (٢٠٠٥)دا.

**چوارەم: هەڕەشەو ترساندن**

ئەم جۆرەی تیرۆر ، پتر دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە (Violence)و بەبڵاوکردنەوەی هەڕەشەو تۆقاندن، خەڵك دەخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە هیچ رۆڵێکیان بۆ ڕزگاربوون نییە.

---

[٧٥] – دیویی ترور نویت: حقوق امنیتی و نظامی بین المللی. ترجمە: سید سعادت حسینی. چاپ اول ١٣٨١. ص(١٢٥).

[٧٦] – ئەحمەد محەمەد ڕەفعەت (دکتۆر) و ساڵح بەکر ئەلتەییار (دکتۆر): تیرۆری نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی: کوێستان جەمال. خانەی وەرگێڕان. ٢٠٠٣، زنجیرە (٢٠) لا (١٠٢).

[٧٧] – والتر رایش: ریشەهای تروریسم، مترجم: سید حسن محمدی نجم. تهران. ١٣٨١. ص (٣٤٠-٣٤١).

## بەشی سێیەم: ئاست و کاتو مۆدیلەکانی تیرۆریزم

فەسڵی یەکەم: بەپێی دابەشبوونی جیۆگرافی

–ناوچەیی و نەتەوەیی

– نێودەوڵەتی

فەسڵی دووەم: بەپێی جۆرو مۆدیلەکانی

١) تیرۆریزمی چەکدارانە

٢)تیرۆریزمی سیاسی

٣) تیرۆریزمی کۆمەڵایەتی

٤) تیرۆریزمی فکریی و جەستەیی

٥)تیرۆریزمی دەوڵەتی

٦) تیرۆریزمی ئایدۆلۆژیو مەزهەبی

٧) جۆریتری تیرۆریزم

فەسڵی سێیەم: بەپێی دەرکەوتنی

–هەمیشەیی

–کاتی یاخود ناوبەناو

فەسڵی چوارەم: بەپێی ئامانجو ستراتیژ

–ئاراستەکراو

– ئاژاوەگێڕیو پەشێوی

## فەسڵی یەکەم: بەپێی دابەشبوونی جیۆگرافی

پلانی تیرۆریزم بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، زادەی هەلومەرجی جوگرافیایانەی خۆیەتی. بەومانایەی کە بازنەی ململانێی تیرۆریزم لەگەڵ فراوانی پانتایی ئامانجەکەی، بڕیار لەسەر بڵاوبوونەوەو دابەشبوونی جیۆگرافیایانەی تیرۆر دەدات.

ئەگەر مێژووی دابەشبوونی تیرۆر لەسەر نەخشەی جیهان بخەینەبەر توێژینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە تیرۆر بەدوو جۆر، خۆی بەسەر نەخشەی جیۆگرافیایی (Geographic) جیهاندا دابەش کردووەو بریتین لە:

–ناوچەیی و نەتەوەیی

– نێودەوڵەتی

*تیرۆریزمی ناوچەییو نەتەوەیی

جۆرێکە لەتیرۆرو ئامانجەکانی لەچوارچێوەی سنورداری وڵاتەکەیدا سنورداره، پتر ئامانجی سیاسیان هەیە وەك گۆڕینی ڕژێمی دەسەڵاتدار، یاخود سیاسەتێکی دەستنیشانکراو[78]. لەدوای سەرهەڵدانی سۆزی ناسیۆنالیستی بەتایبەتی کەمێك بەرلە ڕوودانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەمجۆرە تیرۆرە سەری هەڵدا.

لەوگروپە تیرۆریستە ناسیۆنالیستیانەی کە بەرلەجەنگی جیهانی یەکەم پەیدابوون، سۆشیالیستە لهستانیو هەندێ لەگروپە هیندییەکان بوون کە تا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەر بەردەوام بوون[79]، هەروەها بریگاردی سور (Red Briqade)لە ئیتاڵیا، گروپی سوپای سور (Red Army Faction) لەئەڵمانیاو ئەنجامدانە ڕاستەوخۆکان ( Action Directs)نمونەیەك بوون لەمجۆرە تیرۆرە. زۆربەیجاریش نازناوی تیرۆریزمی ناوچەیی، بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانیش دەوترێت. یاخود بەتیرۆریزمی ناسیۆنالیستیش ناسراوە کە مەبەست لێی هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی نەتەوەیی یاخود جیابوونەوەی نەتەوەییانە، ئەمجۆرە تیرۆرە لەبەرئەوەی پەنادەباتە هەموو ڕێگایەك بۆ لەناوبردنی دوژمنەکەی، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ناوی تیرۆریزمی بەسەرداسەپێنراوە بەڵام جیاوازە لە ناسیۆنالیزم بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی.

تیرۆریزم لەسەدەی بیستەمدا، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییە شۆڕشگێڕییەکاندا هەبوو، تەنها جیاوازی واقیعیانەیان ئەوەیە کە شۆڕشگێڕەکان (Guerrilas) دژ بە ئامانجە سەربازییەکان چالاکییان دەکردو تیرۆریستانیش دژبە ئامانجە ناسەربازییەکان.

بێگومان ئەمجۆرەی تیرۆر، بەهۆی سنورداربوونی پانتایی دوژمنەکەی، خۆی لەچوارچێوەی ناوچە یاخود شوێنی دانیشتنی نەتەوەیەکدا قەتیس کردووە. بەڵام لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیاکانی پەیوەندیو گواستنەوە، زۆربەیجار گەشەی کردووەو بۆتە تیرۆرێکی نێودەوڵەتیانە، بەومانایەی لەهەرشوێنێك ئامانجەکانی لێبێت، ئەوا لەو شوێنەش کاری تیرۆریستیانەی خۆی ئەنجام دەدات. بەمجۆرەش تیرۆریزمی نێودەوڵەتیش هاتەئارا.

*تیرۆریزمی نێودەوڵەتی

---

[78] – احمد جلال عزالدين (دكتور): الارهاب..و العنف السياسي. القاهرة١٩٨٦. ص (٧٥).

[79] –علیرضا طیب: تروریسم در فرازو فرود تاریخ. مجله راهبرد، شماره (٢١)، پاییز ١٣٨٠. ص (٥٧).

لەگەڵ دەستپێکی دەیەی (٦٠)ی سەدەی رابردوواو پەرەسەندنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تیرۆرکردنی دیبلۆماتەکان، فرۆکەڕفاندنو بەبارمتەگرتن، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرەسمی دانی بەمجۆرە تیرۆرەدا ناو لەنزیکەی (١٢) ڕێککەوتنامەو (٧) کۆنڤاشیۆنی بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی گەڵاڵەکرد[٨٠].

پێناسو خەسڵەتەکانی ئەم مۆدیلەی تیرۆر، جیاوازە لەگەڵ جۆرەکانیتری تیرۆردا. هەروەك (ئێریك دێڤید) لەسۆنگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە پێی وایە کە تیرۆر بەهەموو ئەو کردانەی توندوتیژی چەکدارانە دەگرێتەوە کە لەپێناوی ئامانجی سیاسی، فەلسەفی، ئایدۆلۆژی، یان ئایینی ئەنجام دەدرێن[٨١]. هەروەها دەکرێ بڵێین تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ئاماژەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی لەگروپە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن بەمەبەستی نفوزپەیداکردن لەسیاسەتی وڵاتانیترو جێگیرکردنو پتەوکردنی رۆڵی ناوچەیی یاخود جیهانیانەی خۆیان بەمەبەستی لەناوبردنی نەیارەکانی وڵاتەکەیانو یا نەتەوەی وڵاتە دوژمنەکانی خۆی.

دەوڵەتان بەدوو شێواز بەشدارن لەتیرۆریزمی نێودەوڵەتیدا

١-بەشێوازی راستەوخۆ: واتا خودی دەوڵەتەکە کاری تیرۆریستی دژبە دەوڵەتەکەیتر ئەنجام دەدات.

٢-شێوازی ناراستەوخۆ: واتا لەڕێگەی ناردنی کۆمەکی ماددی وەك چەك، کەرەستەو ئامرازی پێشکەوتووی سەربازی بۆ گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەوڵەتێکیتر، هەروەها پشتیوانیکردنی ئەوجۆرە گروپانە لەڕووی سیاسی یا ئابوری یا راگەیاندنەوە.

ئەو مەرجانەش کە پێویستە هەبن تا شێوازی تیرۆریزم بخاتە خانەی نێودەوڵەتییەوە بریتین لە:

١-ئاڵۆزی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بوروژێنێت.

٢-تاوانەکە ئاراستەی ئەو وڵاتە بکرێت کە تاوانەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت.

٣-ئەنجامدەران لەدەرەوە هاتبن

لەدوای کارەساتی (١١)ی ئەیلولو سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمدا، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی پتر پەرەی سەندو ڕێکخراوێکی وەك ئەلقاعیدە بووە مۆرکی ئەم جۆرە تیرۆرە.

---

٨٠ – حسن  سواری: مبارزه علیه تروریسمو حقوق بین الملل (خطراتو فرصتها)، سایت انترنیتی باشگا. ١٣٨٣/٣/٢٠

٨١-  ئەحمەد محەمەد رەفعەت (دکتۆر) و ساڵح بەکر ئەلتەییار (دکتۆر): تیرۆری نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی: کوێستان جەمال. خانەی وەرگێڕان. ٢٠٠٣، زنجیرە (٢٠) لا (٢٤٢-٢٤٣).

٨٢ –د.عبدالرحیم صدقی: الارهاب السیاسیو القانون الجنائی، میصر ١٩٨٠. ص (٩٧)

## فەسڵی دووەم: بەپێی جۆرو مۆدیلەکانی

تائێستا چەندین پۆڵێنبەندی بۆ جۆرو مۆدیلەکانی تیرۆریزم کراوە، کە هەرکامیان زادەی چەند فاکتەرو هەلومەرجێکی تایبەت بەخۆیانن. ئەم فرەجۆرییە بۆتەمایەی ئەوەیکە هێشتا نەتوانرێ پۆڵێنێکی گشتگیر بۆ جۆرەکانی تیرۆر بکرێت، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بۆ گرنگترین و بەربڵاوترینیان دەکەین کە هەتائەمڕۆ لەسەرئاستی جیهان سەریانهەڵداوە.

**١) تیرۆریزمی چەکدارانە**

ئەم شێوازەی تیرۆریزم بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن دەوڵەت و گروپ و لایەنە چەکدارییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، پتریش مرۆڤی بێگوناهو مەدەنی دەبنەقوربانی. دوو جۆر تیرۆریزمی چەکدارانەش هەیە[٨٣]:

**-ناوخۆیی:** ئەو گروپە تیرۆریستیانەن کە تەنها لەناوخۆی وڵاتێکدا کاری تێکدەرانەو کوشتن ئەنجام دەدەن وەك لە شیلی و کامبۆج و ئێستای عیراق دەبینرێت و زۆربەی کارەکانیان کوشتن، تیرۆر، تەقینەوەو کاری تێکدەرانەیە.

**-دەرەکی:** جۆرە تیرۆریزمێکی بەربڵاوەو لەلایەن وڵات، گروپ و کەسانێکەوە دژ بەبەرژەوەندییەکانی وڵاتێکیتر ئەنجام دەدرێت.

**٢)تیرۆریزمی سیاسی** (Polotical Terrorism)

تیرۆریزم بەسروشتی خۆی جوڵانەوەیەکی سیاسییە، چونکە هانا دەبات بۆ بەکارهێنانی هێزو بەدەستهێنانی هێز بەمەبەستی ناچارکردنی ئەوانیتر بۆ جێبەجێکردن یان پەسەندکردنی داواکارییەکان. ئەم مۆدیلەی تیرۆریزم، بەئامانجی گۆڕانی ڕێڕەوی سیاسەتی دەوڵەت یاخود گروپ و لایەنێك ئەنجام دەدرێت و ڕواڵەتێکی ئاشکرای سیاسیانەی هەیە. تیرۆرەکانی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی لەدەیەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دیارترین نمونەی ئەم جۆرە تیرۆرەیە[٨٤].

هەروەها بزووتنەوە نیشتمانییە توندڕەوەکانی نمونەی ئیرلەندیی و مەکەدۆنی و سربی و ئەرمەنییەکان سەرجەمیان شێوازەکانی تیرۆریان بەکارهێناوە لەململانێکانیاندا، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی و ئۆتۆنۆمی. لەمڕۆشدا بۆتە دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگاکانی جیهان و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی.

**٣) تیرۆریزمی کۆمەڵایەتی** (Socio Terrorism):

هەڕەشەکردن لەکۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ سەپاندنی بیروڕاو ڕێبازو نەریتە تایبەتییەکانی خۆیان[٨٥]، دیارترین خەسڵەتی ئەم تیرۆرەن و کاریگەری لەسەر ستراکتوری کۆمەڵگاو تاکەکەس دادەنێت.

**٤) تیرۆریزمی فکریی و جەستەیی:**

پەرەسەندنی ستەم و بەرتەسکبوونەوەی ڕادەربڕین، دوو فاکتەرن بۆ سەرهەڵدانی ئەمجۆرە تیرۆریزمە. ئامانجەکەی دژایەتیکردنی فکرو سزادانی هەڵگرانی فکرە[٨٦] هەروەکچۆن دژ بە بیرمەندانی نمونەی نەسر حامد ئەبوزەیدو شێرکۆ بێکەس و..هتد بەکارهێنراوە

---

[٨٣] – محمد یونس محب الدین (دکتور): الارهاب فی القانون الجنائی علی المستویین الوطنی و الدولی، دراسه قانونیه مقارنه. مکتبه الانجلو المصریه، ١٩٧٧، ص (١١٩).

[٨٤] – محمد حداد: القاموس الیبرالی– معجم المصطلحات. الحلقة رابعة. الجزء الاول. الارهاب. ص (٦). سایتی (الحزب اللیبرالی الدیمقراطی العراقی). ٢٠٠٥

[٨٥]– ریچارد، هنل: تروریسم شکل جدید جنگ. سایتی (www.irandidaban.com )

[٨٦] – محمد حداد: القاموس الیبرالی– معجم المصطلحات. الحلقة رابعة. الجزء الاول. الارهاب. ص (٤). سایتی (الحزب اللیبرالی الدیمقراطی العراقی). ٢٠٠٥

**٥)تیرۆریزمی دەوڵەتی** (International Terrorism)**:**

**پیادەکردنی تیرۆرو پشتیوانیکردنییەتی لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژ بەدەوڵەتێکیتر[٨٧]. تیرۆریزمی دەوڵەتی لەراستیدا (جەنگێکی هەرزان)ەو پشتیوانی دەوڵەتەکەش دەتوانرێ بریتی بێت لە پروپاگەندەو پشتیوانی سیاسی، دابینکردنی بودجە، زانیاری، فێرکردنو ئامادەکردنی چەكو دەستوەردانی راستەوخۆی نهێنیانە بێت. لەسەدەی بیستەمدا، لەلایەن رژێمە تۆتالیتارەکانی نمونەی رژێمی ئەڵمانیای نازی بەسەرکردایەتی هێتلەرو رژێمی یەکێتی سۆڤییەتی سەردەمی ستالین، بەکردەوە تیرۆریزمیان وەك ستراتیژێکی دەوڵەتی گرتبووەبەر[٨٨]. لەئێستاشدا هەندێ دەوڵەت پلانیان بۆ تیرۆرکردنی هاوڵاتیانی وڵاتانیتر هەیە. ئەم دیاردەیەش بۆتەمایەی لەدایکبوونو پەرەسەندنی هەردوو مۆدیلی تیرۆریزمی دەوڵەتی** (State Terrorism) **و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی** (International Terrorism).

**٦) تیرۆریزمی ئایدۆلۆژیو مەزهەبی:**

**تیرۆریزمی ئایدۆلۆژی وەك جۆرە هەوڵێك بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی پێناس دەکرێت[٨٩]. سەرەتاکانی ئەمجۆرە تیرۆریزمە دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی ئایینو بیروباوەڕە ئاسمانییەکان لەسەر گۆی زەوی، بەڵام یەکەمین پاشخانی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆتستانتیسزمی ئەمریکایی کە لەدوادوای سەدەی (١٩)و سەرەتای سەدەی رابردوودا وەك بزووتنەوەیەك لەئەمریکا هاتەئارا.**

**لەمڕۆدا تیرۆریزمی مەزهەبی وەك ئەو رێکخراوانەی کە لەژێرباڵی ئایینی ئیسلامدا هاتوونەتەئارا، دیارترین جۆری تیرۆریزمی جیهانین. لەسەدەی بیستەمدا، هاتنەئارای شێخ حەسەن بەننا (١٩٠٦-١٩٤٩)و سەید قوتب (١٩٠٦-١٩٦٥)و دامەزرانی رێکخراوی ئیخوان موسلمین لەمیسردا، بەیەکەم هەنگاوی رێکخراوی فەندەمێنتالیستی ئیسلامی دەژمێردرێت. بەومانایەی ئەو رێبازەی (سەید قوتب) لەکتێبی (معالم علی الطریق)دا رەنگرێژیکرد، جیهانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد کە ئیسلامو دژە ئیسلامنو ئەوانەی دژەئیسلامن پێویستە بەهۆی کافربوونیانەوە، لەناوببردرێن، چونکە پێی وابوو ناکۆکییەکی توند لەنێوان دوو بیرۆکەو دوو کۆمەڵگەو رژێمو دوو راستیدا هەیە: ئیسلامو جاهیلیەت، باوەڕو کوفر، هەقو ناهەق، خێرو شەڕ، فەرمانڕوایی خواو فەرمانڕوایی مرۆڤ، خواو تاغوت.. هیچ لایەك لەمانە نامێنێتەوە تاوەکو لاکەیتر لەناونەچێت، هیچ بوارێك بۆ سازشو پێکهاتن لەئارادانییە[٩٠].**

**لەکۆتایی سەدەی بیستیشداو لەگەڵ ڕووخانی بلۆکی رۆژهەڵاتو سیستەمی نوێی جیهانی، رێکخراوی ئەلقاعیدەش وەك درێژەدەرێك بە گوتاری فەندەمێنتالیستی ئیسلامی** (Islamic Fundamentalism) **هەوڵی سەرلەنوێ تەکفیرکردنەوەی جیهانی دا کە بەرهەمەکەی خوڵقاندنی کارەساتی (١١)ی سێپتامبەر بوو. ئەوکارەساتەی تیایدا دوای ئەوە وڵاتەیەکگرتووەکان جاڕی جەنگێکی جیهانی دا دژی تیرۆر. تائێستاش ئەم جەنگە بەردەوامەو دنیای بەهەمان شێوەی جەنگی سارد (بەڵام بەمۆدیلێکیتر) دابەشکردەوە بەسەر دووبەرەی جەنگی خوێناویدا.**

**٧) جۆریتری تیرۆریزم**

---

[٨٧] – ابراهیم عمیقی ابر قویی: مراد از تروریسم دولتی چیست؟. مجله حورا، شماره (٥)، ص (٢٤)

[٨٨] -Encyclopaeclia Britannica, op, cit.

[٨٩] – ناصر قربان نیا: مواجهه با تروریسم رویکرد نظامی، سیاسیو یا حقوقی. فصلنامه نامەمفید، شماره (٤٣)، ١٣٨٤. ص (١٤).

[٩٠] –محەمەد حەسەنین هەیکەل: گەڕانەوە بۆ بنجو بناوان. وەرگێڕانی: ئارام جەمال. گۆڤاری بیرووشیاری، ژمارە (١) لا (٢١٢-٢١٣).

**کۆمەڵێك پسپۆڕیتری بواری مەسەلەی تیرۆریزم، چەند جۆرێکیتری تیرۆر وەك**[٩١] **تیرۆری ئەفسانەیی** (Mytho Terrorism)، **تیرۆریزمی ئانارشیستانە** (AnarchoTerrorism)، **تیرۆریزمی ماددەبێهۆشکەرەکان** (Narco Terrorism)، **تیرۆریزمی دژە تیرۆریزم** (Anti Terrorism) **دەخەنە خانەی دۆسییەی تیرۆریزمەوە، وەلێ بەهۆی کەمبوونیان لەسەر ئاستی جیهاندا کەمتر باسیان لێوەدەکرێت.**

---

[٩١] **– ناصر قربان نیا: مواجهه با تروریسم رویکرد نظامی، سیاسیو یا حقوقی. فصلنامه نامەمفید، شماره (٤٣)، ١٣٨٤. ص (١٦).**

## فەسڵی سێیەم: بەپێی دەرکەوتنی

تیرۆریزم بەپێی زەمینەو ژینگەی سەرهەڵدانی تایبەت بەخۆی، سەرهەڵدەداتو هەرکاتێك ئەم ژینگەیە ڕەخسا، ئەوا تیرۆریزمیش وەك دیاردەیەك لەدایك دەبێتو بەردەوامییەتیشی هەربەندە بەبوونی ئەم ژینگەیەوە.
ستراتیژی تیرۆریزم لەڕوانگەی دەرکەوتنییەوە، پێویستی بەکاتو کۆمەکی جەماوەرە بۆ ئانارشیستییەتیو نائارامیو هەروەها پەیوەندی نێوان دەوڵەتو ئۆپۆزسیۆنەکانی زۆر گرنگە[٩٢]. بەپێی هەلومەرجی ژینگەکەش بۆ دروستبوونی تیرۆر، لە (٢) ئاستدا تیرۆر دەردەکەوێت. بەمانایەکیتر دەتوانین تیرۆر لەڕووی کاتەوە بۆ (٢) ئاست یاخود جۆر پۆلێنبەندی بکەین.
*دەرکەوتنی هەمیشەیی
تەمەندرێژترین جۆری تیرۆرەو زادەی هەلومەرجێکی دیاریکراو نییەو کۆتاییەکەشی دیاریی ناکرێت. پتر لەلایەن شۆڕشە درێژخایەنەکان یاخود ململانێی دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێتو بەتیرۆریزمی نێودەوڵەتیش ناودەبرێت، ئەزموونە مێژووییەکانی سەدەی بیستەمیش نیشانی دەدات کە تەواوی سیستەمە دەوڵەتییەکان بەئاستو شێوازی جۆراوجۆر یەکێك لەڕێگاکانی تیرۆریان بەکارهێناوە.
دواقۆناغی گەشەکردووی ئەمجۆرە تیرۆرە بەتایبەتی لەدوای کەمبوونەوەی بەرچاوی شۆڕشە درێژخانەکان، تیرۆریزمی پۆست مۆدێرنە کە بەرەچاوکردنی نادادپەروەرییە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای جیهاندا وەك نەژادپەرستی، نایەکسانی لەگەشەوپەرەسەندنی نێوان وڵاتانی باکورو باشور، برسێتیو هەژاریو...هتد پەنادەباتە بەرکاری تیرۆرو توندوتیژی٩٣.
فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیش کە لەڕێگەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە گەیشتە لوتکەی تیرۆریزمی خۆی، ئێستا لەگروپێکی ناوچەییەوە بۆتە تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەییو نێوقارەییو پێشبینی دەکرێت وەك تیرۆریزمێکی هەمیشەیی، سیستەماتیکانە ڕێبەرایەتی بەرەی تیرۆریزم بکات لەسەرتاسەری جیهاندا.
*دەرکەوتنی کاتی یاخود ناوبەناو
زۆرینەی گروپو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، تەمەنێکی سنورداریان هەیەو چالاکییەکانی بەپێی کات، فۆرمەڵەدەبێت٩٤. بەومانایەی (کات) بڕیار لە لەدایکبوونو کۆتایهاتنی تیرۆرەکە دەداتو تیرۆر لێرەدا پتر تاکتیکییە نەك ستراتیژ.
ئەم مۆدیلەی تیرۆر کە کاتییەو بەندە بەوادەیەکی دیاریکراوەوە پتر بریتییە لە ڕفاندنی فرۆکە، مرۆڤڕفاندن، کوشتنی کەسە دیارەکانو تەقینەوەو ئەو کەسانەی ئەم کارانە دەکەن هەڵگری بیروباوەڕی سیاسی جۆراوجۆرن لەچەپڕەوەوە بگرە تا ڕاستڕەوەکانو بریتین لەجۆرەها گروپی جودایخوازو ناسیۆنالیست[٩٥].

---

[٩٢] – والتر رایش: ریشەهای تروریسم، مترجم: سید حسن محمدی نجم. تهران. ١٣٨١. ص (٢٨).
[٩٣] –زهرا سادات کاڤمی: تروریسم پست مدرن، سایتی (www.bashgah.net/fa/content). از ٢٠٠٥/٧/١٠.
[٩٤] – والتر رایش: ریشەهای تروریسم، مترجم: سید حسن محمدی نجم. تهران. ١٣٨١. ص (١٨١).
[٩٥] – أنتونی گیدنز: جامعەشناسی. ترجمە منوچهر صبوری. نشر نی. چاپ دوازدهم ١٣٨٣. ص (٤٠٥)

## فەسڵی چوارەم: بەپێی ستراتیژو ئامانج

پۆلێنبەندی سەرجەم لایەن و گروپە تیرۆریستییەکان بەپێی ئەو ئامانجانەی کردوویانەتە ستراتیژی کارکردن، بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت و فرەچەشنەشن.

لەڕوانگەی مێژووی ڕەهەندە ستراتیژییەکەیەوە، ئەم پۆلێنبەندییە تیرۆریزمی بۆ دوو ئاراستە دابەش کردووەو ئامانجەکانیشی هەرلەو ئاراستەیەدا دەبینرێت.

**یەکەم: ئاراستەکراو:**

تیرۆریزمی ئاراستەکراو، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەدایك بوو و هەرلەدەستپێکییەوە، جۆرەها مۆدیلی هەبوو. بەڵام لەدوورنما مێژووییەکەیەوە، بەچاوپۆشین لە جیاوازی ئامانجەکانی، یەك چاوگەی هاوبەشیان هەیە ئەویش هەموویان پەیوەندیدار بوون بە شەپۆلی دیموکراسی و ناسیۆنالیزمەوە[٩٦].

ئەمجۆرەی تیرۆریزم، پلان و نەخشە بۆ داڕێژراوەو خاوەن ئامانج و ستراتیژێکی دیاریکراوە ئەویش گوشاردروستکردنە سەر بەرامبەرەکەیەتی بۆ هێنانەدی داواکارییەکانیان.

ستراتیژی تیرۆریستان، هەرلەسەپاندنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە بەسەر کۆمەڵگەدا، درێژدەبێتەوە تادەگاتە ئامانجی تەسکتری بەبارمتەگرتنی خەڵکی بۆ دەستکەوتنی پارە[٩٧].

لەسەر ئاستی ناوخۆ بریتین لەگروپ و ڕێکخراوە سیاسی و ئایدیۆلۆژیانەی دژ بەدەسەڵات کاردەکەن، یاخود لەلایەن دەستە نێودەوڵەتییەکانەوە هان دەدرێن بەئامانجی کاریگەری خستنەسەر دەسەڵات. هەندێ لەچاودێران و لێکۆڵەرەوان لەبارەی تیرۆریزمی ئاراستەکراوەوە لەو بڕوایەدان کە تیرۆریزم توندوتیژی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە سایکلۆژییەکان نەك سەربازییەکان (بەشێوە کلاسیکییەکەی) بەکاردەهێنێت، واتا تیرۆریست بەدوای ئامانجە دیاریکراوە سەربازی یاخود بەرپاکردنی ڕێکخراوێکی سەربازی نییە، بەڵکو لەهەوڵداندایە بڕوابەخۆبوون و ئارامی کۆمەڵگا لەناوببات.

کۆنگریسی ئەمریکا، لەیاسای (چاودێریکردنی هەواڵگرییەکان)دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تیرۆریزمی ئاراستەکراو، خاوەنی یەکێك لەم ستراتیژو ئامانجانەیە:

١. پیادەکردنی هەڕەشەو زۆرەملێکردن لەبەرامبەر دانیشتوانی مەدەنیدا.
٢. پیادەکردنی هەڕەشەو زۆرەملێکردن لەبەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتدا.
٣. هەوڵدان بۆ کاریگەریدانان لەسەر ڕەفتارەکانی دەوڵەت لەڕێگەی مرۆڤڕفاندن یامرۆڤ کوشتنەوە[٩٨].

ئەمجۆرە تیرۆریزمە، تەمەنی بەندە بەهاتنەدی داواکاری و ئامانجەکانییەوە.

**دووەم: ئاژاوەگێڕی و پەشێوی (ئانارشیستی)**

ئەم مۆدیلەی تیرۆریزم، دەکرێ بڵێین پتر تاکتیکیە و سەرهەڵدانەکەشی ناوبەناوە. ستراتیژی کارکردنی ڕێبازی ئانارشیزم، لەسەر فەلسەفەیەکە کە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی بەهەرشێوەیەك بێت، بەخراپی دەزانێت[٩٩].

---

[٩٦] – علیرضا طیب: تروریسم در فرازو فرود تاریخ. مجله راهبرد، شماره (٢١)، پاییز ١٣٨٠. ص (٥٧).

[٩٧]– بروس هۆفمان: تیرۆریزم. وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد)، کتێبی گیرفان زنجیره (٦٠)، ساڵی ٢٠٠٥. لا (٤٧).

[٩٨]–– رضا سیمبر (دکتر): تروریسم در روابط بین الملل چالش هاو امیدها. فصلنامه راهبرد، شماره (٢١)، پائیز ١٣٨٠، ص (٧٢–٧٣).

[٩٩]– ملك یحیی صلاحی (دکتر): اندیشه‌های سیاسی غرب در قرن بیستم. نشر قومس. چاپ اول ١٣٨١. ص (١٥١).

ئامانجەکانی تیرۆریزم لەم مۆدیلەدا، کاریگەری لەسەر ستراکتوری کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیش دادەنێت.
چوارچێوەی چەمك و ئەو وێنایانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا پێیەوە وابەستەن و متمانەیان پێیەتی، لەناودەبات.
لادان لەسیستەم دروست دەکات و هەمووان هەر لەخەمی مانەوەی خۆیاندان.

لەڕووی تەمەنەوە، کورتترین جۆری تیرۆریزمەوەو لەگەڵ نەمانی هەلومەرجی ئانارشیستیانەشدا، لەناودەچێت.

## بەشی چوارەم: بەگژداچوونەوەو بنەبڕکردنی تیرۆریزم

فەسڵی یەکەم: یاسایی

فەسڵی دووەم: سەربازی

فەسڵی سێیەم: راگەیاندنو ماس میدیا

فەسڵی چوارەم: دیالۆگو بەکلتورکردنی هزری ناتوندوتیژی

## فەسڵی یەکەم: یاسایی

هەوڵەکانی دەوڵەتان بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی تیرۆریزم، گەلێك ڕەهەندو شێوازی جۆربەجۆری بەخۆوە گرتووە تا کاریگەرییەکانی هەڕەشە جیهانییە بگەیەننە کەمترین ئاستی خۆی. ستراتیژی بەگژداچوونەوەی یاساییانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەیاسای وڵاتاندا زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێتو چەمکی (سزادانی تیرۆر) بەمانا فراوانەکەی، لەهیچکام لەیاساکانی وڵاتاندا بەرچاو ناکەوێت. هەربۆیەشە ناچارین بۆ باسکردنی یاساییانەی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی تیرۆر، لەدوو ڕوانگەوە لێی بکۆڵینەوە:

-بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

- بڕیارەکانی یەکێتی ئەوروپاو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا

هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕوانگەیەش دەگەڕێتەوە بۆ گلۆباڵیزەبوونی بڕیارو یاساکانیان کە لەسەرتاسەری جیهاندا بوونەتە پرۆژەی بەگژداچوونەوەی دیاردەی تیرۆریزم.

**١)بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.**

لەگەڵ دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکان (United Nations) لەساڵی (١٩٤٥)دا، چەختێکی یاساییانە لەسەر بەگژداچوونەوەی تیرۆر کرایەوەو بەپێی ماددەی (٢)ی پەرەگرافی (٤)ی پەیڕەونامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، گرنگترین یاسایە کە هەڕەشە یاخود بەرکارهێنانی زۆرەملێ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا قەدەغە دەکات.

لەم یاسایەدا ڕاگەیەندراوە کە"تەواوی ئەندامان پێویستە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیاندا خۆیان بپارێزن لەهەڕەشە یاخود بەکارهێنانی زۆرەملێ دژ بەیەکپارچەیی خاك یاخود سەربەخۆیی سیاسی هەردەوڵەتێك یا بەهەرشێوەیەك کە دژ بەئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت". مەبەستی ڕوونی ماددەی (٢)ی پەرەگرافی (٤)دا ئەمەیە کە ڕەفتارە پەلاماردەرییەکانی نێوان دەوڵەتان کۆنترۆڵ بکرێت[١٠٠].

بەپێی ماددەیە، هەرجۆرە شێوازێکی پەلاماردەرانەی نمونەی تیرۆریزم دەچێتە خانەی شەڕانگێزییەوەو ئەو دەوڵەتە لەلایەن دادگای تایبەت بەسزادانی نێودەوڵەتیانە سزا دەدرێن.

دوای بەرفرەبوونی هێرشە تیرۆریستییەکان بەتایبەت لەسەرەتای دەیەی حەفتاکاندا، کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارنامەی (١٩٧٠)ی ناوبراو بە (ڕاگەیاندنی پرەنسیپە مافییە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بە پەیوەندیی دۆستانەییو هاوکاری نێوان دەوڵەتان)ی دەرکرد، گرنگترین بنەمای ئەم بڕیارنامەیە بریتی بوو لەوەی هەر دەوڵەتێك ئەرکی سەرشانییەتی لە ئۆرگانیزەکردنو هاندانی کارە جەنگە ناوخۆییەکان یان هەنگاوە تیرۆریستییەکان لەسەر خاکی وڵاتانیتر، هاوکاریکردن یان بەشداریکردنیان یا خستنەئەستۆی ڕوودانی کارە نەخشەبۆداڕژێراوەکان لەسەر خاکی خۆیاندا" خۆیان بپارێزن[١٠١].

لەساڵی (١٩٨٥)دا دوای کێشە تیرۆریستییەکەی(Achill Lauro)، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی سەبارەت بە تیرۆریزم دەرکردو تیایدا گشت هەنگاو و میتۆدە تیرۆریستییەکان لەهەرکوێیەكو لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت، مەحکوم دەکات. هەروەها لەساڵی (١٩٨٧)یشدا، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

---

[١٠٠] – دپویی ترور نویت: حقوق امنیتیو نظامی بین المللی. ترجمە: سید سعادت حسینی. چاپ اول ١٣٨١. ص(١٤٧).

[١٠١] – حبیب زادە (دکتر): اخرین بخش میزگرد درمورد تروریسم. سایت (.www.isu.ac.ir/Andesh-ye-Sadiq) روز ١٣٨٤/٣/١.

**پەیڕەونامەیەکی بۆ بنەبڕکردن و سزادانی تیرۆریزم گەلاڵە کردو تیایدا داوای هاریکاری لەنەتەوەو دەوڵەتەکان کرابوو لەسەر دوو ئاست، ناوچەیی و نێودەوڵەتی و جەخت لەسەر دوو بنەما کرایەوە:**

**ا)هاوکاریی و بەشداریی کارا بۆ لەناوبردنی هۆکاری سەرەکی فۆرمەڵەبوونی تیرۆریزم.**

**ب)قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی و سەرەنجام لەناوبردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی[١٠٢].**

**دوای کارەساتی (١١)ی سێپتامبەر، بۆ بەگژداچوونەوەی خێرای ئەو مەترسییە گەورەیەی تیرۆریزم لەسەر باری ئاسایشی جیهان دروستی کرد، بڕیارنامەی (١٣٧٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری لەسەر درا[١٠٣]، لەبەندەکانی ئەم بڕیارەدا ئەرکی بەگژداچوونەوەی بەرەی تیرۆری خستە ئەستۆی هەموو دەوڵەتانی جیهان، هەروەکچۆن تائێستاش جەنگی دژەتیرۆر لەزۆرینەی ناوچەکانی جیهاندا بەردەوامە لەنێوان ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و ڕێکخراوە تیرۆریستی و گروپەکانی سەربە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا.**

**ب) بڕیارو ئاراستەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا**

**مێژووی ئەمریکاو ئەوروپا، لێوانلێوە لەڕووداوی تیرۆرکردنی ڕێبەران و سەرکردە ناسراوەکانیان و هەمیشە بوونەتە جێی ئامانجی ڕێکخراو و دەستەو گروپە تیرۆریستییەکان.**

**ستراتیژی یاساییانەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، هەرلەسەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لەلایەن دەزگای ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی** (Federal Bureau of Investigation)**ی ناسراو بە** (FBI)**یەوە کە یەکێکە لەلقەکانی دەزگای داد لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، دڕێژراوەو تیایدا هاتووە کە:** (FBI) **بەرپرسە لەپێناسەکردن و ڕێکخستن و پلاندانان بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەو تواناکان بۆ نەهێشتن و دەستبەسەرداگرتن و پوچەڵکردنەوەی کردەوەکانی تیرۆریزم[١٠٤]. پلانی بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیەش، بەپێی بڕیارەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتییە لەئەنجامدانی (٤) هەنگاو کە ئەرکە لەسەر تەواوی دەوڵەتانی جیهان پراکتیزەی بکەن:**

1) **قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی کاڵای پەیوەندیدار بەچەکەوە.**
2) **کۆنترۆڵکردنی ئەو بەرهەمانە زیاتر بکرێت کە بەکارهێنانیان دووسەرەیە. بۆ ئەمجۆرە کاڵایەو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە توانستی سەربازیانەی وڵاتانی ناوبراو زیاد دەکات بۆ پشتیوانیکردنی لەتیرۆریزم.**
3) **قەدەغەکردنی هاوکارییە ئابورییەکان.**
4) **سنورداركردنی كارە جۆربەجۆرە داراییەكان و..هتد. وەك:**

---

[*] خۆسەپاندنی تیرۆر لەدەیەکانی حەفتاو هەشتاکاندا، بووبەمایەی دەرکردنی ئەم بڕیارانەی خوارەوە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە:

-بڕیاری (١٠٢)ی خولی (٣١) کە لە (١٥)ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦دا دەرچوو.

-بڕیاری (١٤٧)ی خولی (٣٢) کە لە (١٦)ی کانونی یەکەمی ١٩٧٧دا دەرچوو.

-بڕیاری (١٤٥)ی خولی (٤٣) کە لە (١٧)ی کانونی یەکەمی ١٩٧٩دا دەرچوو.

-بڕیاری (١٠٩)ی خولی (٤٣) کە لە (١٠)ی کانونی یەکەمی ١٩٨١دا دەرچوو.

-بڕیاری (١٣٠)ی خولی (٣٨) کە لە (١٩)ی کانونی یەکەمی ١٩٨٣دا دەرچوو.

-بڕیاری (١٥٩)ی خولی (٣٩) کە لە (١٧)ی کانونی یەکەمی ١٩٨٤دا دەرچوو.

-بڕیاری (١٥٩)ی خولی (٤٢) کە لە (٧)ی کانونی یەکەمی ١٩٨٧دا دەرچوو.

-بڕیاری (٢٩)ی خولی (٤٤) کە لە (٤)ی کانونی یەکەمی ١٩٨٩دا دەرچوو.

-بڕیاری (٥١)ی خولی (٤٦) کە لە (٩)ی کانونی یەکەمی ١٩٩١دا دەرچوو.

[١٠٢] -رضا سیمبر (دکتر): تروریسم در روابط بین الملل چالش هاو امیدها. فصلنامه راهبرد، شماره (٢١)، پائیز ١٣٨٠، ص (٧١-٧٢).

[١٠٣] - حسن سواری: مبارزه علیه تروریسمو حقوق بین الملل (خطراتو فرصتها)، سایت انترنیتی باشگا. ١٣٨٣/٣/٢٠.

[١٠٤] - بروس هۆفمان: تیرۆریزم. وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد)، کتێبی گیرفان زنجیرە (٦٠)، ساڵی ٢٠٠٥. لا (٥٩).

- قەدەغەکردنی قەرز لەلایەن بانکی جیهانی و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانیترەوە.
- ڕێگەخۆشکردن بۆ خێزانی قوربانیانی دەستی تیرۆریزم تا بتوانن لەدادگا ئەمریکاییەکاندا داوا مەدەنی و یاساییەکانیان بخەنەڕوو.
- قبوڵ نەکردنی لێخۆشبوون لەو داراییانەی لەلایەن کۆمپانیاو کەسایەتییەکانەوە دەست دەکەوێت کە لەوڵاتانی لایەنگری تیرۆریزمدان.
- قەدەغەکردنی بەستنی ڕێککەوتنامە لەسەروو بڕی (١٠٠,٠٠٠ دۆلار)ی وەزارەتی بەرگری لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەربە وڵاتانی لایەنگری تیرۆریزم[١٠٥].

دوای تەقینەوە تیرۆریستییەکەی فڕۆکەی (Pan American)ی ئەمریکی لە لۆکەربی لەساڵی (١٩٨٨)داو کوژرانی نزیکەی (٢٥٩) سەرنیشین، ستراتیژی ئەمریکا گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات و دەکرێ بڵێین ئەمە بووە دەستپێکی کارنامەی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکیدا. جۆرج بوشی یەکەم (سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا) بڕیاری جێبەجێکردنی یاسای بۆ تەسلیمکردن و دادگایکردن (Extradition or Trial)ی تاوانباران دا[١٠٦]. ئەم بڕیارنامەیە، پەیڕەوی کارکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو، هەربەپێی ئەم بڕیارەش ڕێوشوێنی یاسایی دژ بەو تیرۆریستانە جێبەجێکرا کە دەستیان لەتەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی (لەساڵی ١٩٩٣)دا هەبوو. تا کارەساتی (١١)ی سێپتامبەر بڕیارەکە وەك ڕێسایەکی ئەمریکی بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم، گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات.

جورج بوش (George Bush)ی سەرۆك کۆماری ئەمریکا، هەر لەساتەکانی دوای کارەساتی (١١)ی سێپتامبەر، سەرلەنوێ جیهانی بەشێوەی دوو جەمسەریی دابەش کردەوەو لەگوتارێکی گرنگدا سەبارەت بەستراتیژی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم ڕایگەیاند: هیچ کەسێك لەم جەنگەدا بێلایەن نامێنێتەوە. بۆ بە یاسایکردنی ئەم تێڕوانینەی سیاسەتی ئەمریکا، ئەنجومەنی ئاسایش لەکۆبوونەوەی (٤٣٨٥)مینی خۆیدا بڕیارنامەی (١٣٧٣)ی لە (٢٨)ی ئەیلولی (٢٠٠١)دا دەرکرد. لەم بڕیارنامەیەدا، لەچوارچێوەی (٩)بەنددا، گەڵاڵەنامەی چاودێریکردن و بەگژداچوونەوەی مەسەلەی تیرۆریزم گەڵاڵەکرا.

یەکێتی ئەورووپاش وەك هاوپەیمانێکی هەمیشەییانەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەردەوام هەموو ئەو بڕیارانەی پەسەند کردووە کە لەلایەن ئەمریکاو ئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەرچووە. چونکە بەگژداچوونەوەی یاساییانەی تیرۆریزم هەرتەنها تایبەت نییە بەئەمریکا، وڵاتانیتریش ڕووبەڕووی مەترسی تیرۆر بوونەتەوە هەربۆیەشە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا چەندین یاسای دژەتیرۆریستیان لەدەیەکانی ڕابردوودا داناوە، گرنگترین ئەم یاسایانەش کۆنڤاشیۆنی پەیوەندیدار بە ئەنجامدانی تاوان و فڕۆکەڕفاندن (١٩٦٨)، کۆنڤاشیۆنی سەرکوتکردنی بەکارهێنانی نایاساییانەی فڕۆکە (١٩٧١)، کۆنڤاشیۆنی سەرکوتکردنی کارە نایاساییەکانی دژبەئاسایشی فڕۆکەوانی وڵاتان (١٩٧١)، کۆنڤاشیۆنی بەرگرتن و سزادانی تاوانەکانی دژبەکەسایەتییەکانی نمونەی دبیلۆماتەکان (١٩٧٣)و کۆنڤاشیۆنی نێودەوڵەتی دژبە بارمتەگرتن (١٩٧٩)" گرنگترین جۆری ئەو یاسایانەن کە لەیەکێتی ئەورووپادا دەرچوون.

---

[١٠٥] –بنۆڕە سایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (www.usinfo.state.gov).

[١٠٦] -U.S issues warning on terrorist attacks: state departments concern partly based on seizure of expiosuves, arrests in spain. Los Angeles Times, Dec.١٥,١٩٨٩.p٢

**جەنگ دژ بەتیرۆریزم بەمانا راستەقینەکەی، لەساڵی (١٩٩٧)دا چووە دەستوری کاری یەکێتی ئەوروپاوە، بەڵام جێبەجێکردنی بەرنامەکە لەدوای (١١)ی سێبتامبەرەوە دەستی پێکرد[١٠٧].دوای تەقینەوەکانی مەدرید لەساڵی (٢٠٠٤)و تەقینەوەکانی لەندەن لەناوەراستی ئەمساڵ (٢٠٠٥)دا، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لە کە ناوەندی کۆبوونەوەکەیان لە (برۆکسل)ە، بەئامادەبوونی وەزیرانی وڵاتی ئەوروپا لە (١٣)ی تەمموزی ئەمساڵ (٢٠٠٥)دا، بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، (١٦) هەنگاویان بۆ ئەم مەبەستە دانا[١٠٨]. لەم (١٦) هەنگاوەدا، توندترین سزاو باشترین چاودێری بەسەر هەموو دانیشتوانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاداو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەلایەن دەزگا ئاسایشییەکانی ئەم وڵاتانەوە، بووە میکانیزمی کار تا تیرۆریزم بنەبڕبکەن.**

---

[١٠٧]- ئاژانسی گویا (www.gooya.com)، سه شنبه ٢٨ تیر ١٣٨٤.

*لەم تەقینەوانەدا، (٥٦) کوژراو و زیاتر لە (٧٠٠) بریندارى لێکەوتەوە.

[١٠٨]-ئاژانسی کۆماری ئیسلامی ئێران (ایرنا)، ١٧ تیرماه ١٣٨٤، (www.irna.ir).

## فەسڵی دووەم: سەربازی

بەرەنگاربوونەوەی سەربازی دژ بە تیرۆریزم، لە دوای (١١)ی سێپتامبەرەوە چووە فۆرمە رەسمییەکەی خۆیەوە. بەتایبەت کە (جۆرج بوش)ی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بەرەسمی شەڕی جیهانیانەی دژ بەتیرۆر ( global war of terror) راگەیاند*وەك بەرگرییەکی مەشروعانەی چەکدارانەو هێرشی (١١) سێپتامبەری وەك هێرشێکی سەربازی خەملاند کە لەلایەن دوژمنانی ئازادییەوە دژ بەوڵاتەکەی ئەنجام دراوە، کە بەم پێیە ئەمە ململانێیەکی چەکدارانەیە[١٠٩].

مەبەستی سەرۆك بوش لەم وتەیە، رێگاخۆشکردن بوو بۆ وەڵامدانەوەی سەربازییانەی تیرۆر لەسەرتاسەری جیهاندا. لەناوبردنی تیرۆریزم ئەولەویەتێکە نەك تەنهابەهەڵمەتی سەربازی، کە سود لەهاوکاری چەند لایەنە لەجێبەجێکردنی یاساو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریش وەردەگرێت بۆ جڵەوکردنی تیرۆریستان و دەستگیرکردنی لایەنگرەکانی وەردەگرێت، بەڵکو ئەم بەگژداچوونەوەیە ئەو هەوڵانەش دەگرێتەوە کە هەم تیرۆریزم بەدناو دەکات وەك ئامرازێکی سیاسی و هەم دەبێتەمایەی کەمکردنەوەی ئەو سەرچاوە شاراوانەی دەبنەمایەی دنەدان و کێشکردنی هێزی تیرۆریستی.

***هەوڵە سەربازییەکانی ئەمریکا**

لەپرۆسیسی بەگژداچوونەوەی سەربازیانەی تیرۆریزم، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشدەستی کردو لەرۆژی (٢٦)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٠١)دا لەرێگەی کۆنگریسی ئەمریکاوە یاسایەکی دانا کە بەناوی ( Provide Appropriate ools Required to Inspect and Obstruct Terrorism)، ئەم یاسایە چەندین دەسەڵاتی باڵای خستەبەردەم هێزی سەربازیی و لایەنە هەواڵگرییەکانەوە. ئەم یاسایە رێگە بەدەستگیرکردن، دەرکردن و زیندانیکردنی کەسانی گومانلێکراو دەدات و بەم پێیە، لێپرسراوانی سەربازی دەتوانن بیانییەکان دەستگیر بکەن و تاماوەیەکی دیارینەکراویش زیندانیان بکەن. ئەم یاسایە توانای هەرجۆرە بڕیارێکی دادوەریی بۆ ئەنجامدانی پشکنینی شوێنەکان، گوێبیستکردنی تەلەفۆنی و یاخود کۆنترۆڵکردنی نوسینگەو پەیوەندییە ئینتەرنێتییەکان هەیە[١١٠].

ستراتیژی بەگژداچوونەوەی تیرۆریستان لەدیدی ئەمریکاوە دوو ئاراستەیە:

–رێکخراوی ئەلقاعیدەو گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان: ئەلقاعیدە کە لەساڵانی هەشتاکاندا لەسودان دامەزراو لە(١٩٩٤)دا بەرەسمی بوونی خۆی راگەیاند، بەهاوکاری بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەیلوی(١٩٩٦)ەوە تا کانونی یەکەمی (٢٠٠١) حکومڕانی ئەفغانستانیان گرتەدەست[١١١]. دوای کارەساتی (١١)ی سێپتامبەریش بەرەسمی جەنگی سەربازیانە لەنێوان ئەمریکا وەك ڕێبەری بەرەی دژەتیرۆریزمو ئەفغانستانیش وەك گەورەترین وڵاتی لایەنگری تیرۆریزم، هەڵگیرساو دواجار بەڕووخانی حکومەتەکەی تاڵیبان کۆتایی هات.

–دەوڵەتانی لایەنگری تیرۆریزم: لەڕوانگەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، هەریەك لەدەوڵەتانی (عیراق، ئیران، کوبا، سوریا، کۆریای باشور، لیبیا، سودان) لایەنگرانی سەرەکی بەرەی

---

[١٠٩] – سایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (www.usinfo.state.com).

*سەرۆك بوش لەوتە بەناوبانگەکەیدا رایگەیاند: ( on September ١١th enemies of freedom committed an act of war against our country)

[١١٠] –لۆمۆند دیبلۆماتیك: انتی تروریسم، شمارە مارس ٢٠٠٤.

[١١١] – کارزان محەمەد (وەرگێڕان): پێکهاتەی نهێنی ئەلقاعیدە.بەشی یەکەم رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١٢٠)ی (٢٠٠٥/٧/٣١). لا (٨).

تیرۆریـزمن[١١٢]. گـرنگترین هـەوڵی ئـەمریکا دژبـەم دوو ئاراسـتەیەی تـیرۆر، دروسـتکردنی هاوپەیمانییـەتێکی بـەرفراوان بـوو لەگـەڵ یـەکێتی ئـەوروپاو وڵاتـە دۆسـتەکانی خـۆی لەسەرتاسـەری جیهانـدا، لەوڕێگەیـەوە تـوانی هەردوو دەوڵەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و حیزبی بەعس لەعیراقدا بڕوخێنێت.

***هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی**

پراکتیزەکردنـە نێودەوڵەتییـەکان سـەلماندیان کـە تاوانـە تیرۆرییـەکان نابەسـترێنەوە بەسـنورێکی دیـاریکراوە، ئەنجامـدەرانی ئـەم تاوانانـە ڕەنگـە خۆیـان ئامادەبکـەن بـۆ تاوانـەکانیان لـەوڵاتێکیتردا، دواتـر تاوانـەکانیان لەوڵاتێکیتردا ئەنجام بدەن بۆیە پێویستە وڵاتان هاوکاریی یەکتر بکەن[١١٣]. ئەمە بەومانایـە دێت کـە ئـەو تیرۆرەی ئـەمڕۆ هەڕەشـە لەئـەمریکا دەکـات، پێدەچـێت لەئایندەیـەکی نزیکیشـدا وڵاتـانیتر بکاتـە ئامـانج، ئەمـەش پێویستبوونی هاریکاریی نێودەوڵەتیانە دەسەلمێنێت.

وڵاتـانی یـەکێتی ئـەوروپا دوای کارەسـاتی (١١)ی سـێپتامبەر، لـەڕووی ئـاڵوگۆڕکردنی زانیـاری و هاریکـاریی سیاسـی و سـەربازییانەوە بوونـە هاوپـەیمانێکی نزیکـی وڵاتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، ئـەم هاوپەیمانێتییـەش لەجـەنگی دژ بـەحیزبی بـەعس لەعیراقـدا بەئاشـکرا دەرکـەوت. لایەنـە هاوپەیمانـەکانی دژبەبـەرەی تیرۆریـزم کـە (ئەمریکا، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ناتۆ، ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقاو وڵاتـانی ئـەوروپا)بـوون، پێویسـت بوو لەسەریان دژبەهەر کردەوەیەکی جینۆسایدو تیرۆر دەستوەربدەن[١١٤].

دواهەنگاوی ئەم هاوپەیمانییەتییەش، یەکەمین کۆنفرانسی دژبەتیرۆریزم بوو کە تیایدا چەندین لیژنـە لـە (٤٩) وڵاتـی نمونـەی وڵاتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، بـەریتانیا، فەرەنسـا، ئـەڵمانیا، ڕووسـیاو نوێنـەرانی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکان ئامادەبوون. ئەم کۆنفرانسە لە (٥ تا ٨)ی شوباتی (٢٠٠٥) لە (ڕیاز)ی پایتـەختی عەرەبسـتانی سعودییە کۆبوونەوە[١١٥].

جـەنگی دژبـەتیرۆریزم هێشـتا هەربەردەوامـەو پێشـبینی دەکرێـت وەك جـەنگی سـارد، چـەندین دەیـە بخایـەنێت تاهەنوکەش بەرەی دژەتیرۆریزم لەسەرکەوتندایە.

---

[١١٢] – سایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (www.usinfo.state.com).

[١١٣] –– ئەحمەد محەمەد ڕەفعەت (دکتۆر) و ساڵح بەکر ئەلتەییار (دکتۆر): تیرۆری نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی: کوێستان جەمال. خانەی وەرگێڕان. ٢٠٠٣، زنجیرە (٢٠) لا (٢٦٣).

[١١٤] –مایکل والزر: پنج پرسش دربارە تروریسم. ترجمە:أرش صالحی. روزنامە همشهری (٨ابان ١٣٨٣).

[١١٥] –سایتی (www.bbc.co.uk/persian).

Kurdistannet كوردستان نێت

## فەسڵی سێیەم: ڕاگەیاندن و ماس میدیا

بواری ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی، لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە بەشێوە سەرەتاییەکەی تاوەکو ئێستا، گەشەی بەردەوامی لەڕووی ئامرازەکانی و پانتایی کاریگەرییەکانییەوە کردووە. ئەم گەشەکردنە لەسەدەی بیست و یەکەمدا گەیشتە لوتکەی خۆی و جیهانیشی گلۆباڵیزە کردووە.

ڕاگەیاندن لەڕووی پێناسەوە، شێوەیەکە لەشێوەکانی پەیوەندی (Communication) و بەمەبەستی ڕازیکردنی جەماوەرو گۆڕینی ڕێڕەویان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردێت[116]. ئەم بوارە وەك چەکێکی دووسەرە بەهۆی بەرفراوانی ئامرازەکانییەوە، گرنگترین ڕۆڵ لەئاراستەکردنی کۆمەڵگادا دەگێڕێت و ئەو هۆیانەی ڕاگەیاندنیش کە ڕۆڵەکە دەگێڕن بریتین لە

١–هۆ ڕاگەیاندنە چاپکراوەکان: ڕۆژنامە بەهەموو جۆرەکانییەوە (ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە...هتد) و (کتێب، گۆڤار، نەخشەو..هتد).

٢–هۆ ڕاگەیاندنە بیستراوەکان: ئێزگە، تەلەفۆن، کاسێت، ڕیکۆردەر..هتد دەگرێتەوە.

٣–هۆ ڕاگەیاندنە بینراوەکان: پێشانگا، شانۆ، سینەما، تەلەفزیۆن، سەتەلایت، ئینتەرنێت، وێنەکێشان...هتد دەگرێتەوە.

٤–هۆ ڕاگەیاندنە لێکدراوەکان: لەلێکدانی چەند هۆیەك لەهۆیەکانی پێشوو، دێتەکایەوە[117].

ستراتیژی کارکردنی ڕاگەیاندن و ماس میدیا بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆرو هەڕەشەکانی، دەتوانێ لەدوو ئاستدا هەوڵ بدات بۆ:

١–وشیارکردنەوەی خەڵك لەمەترسییەکانی تیرۆر.

٢– بەرەنگاربوونەوەی ڕاگەیاندن و واتەواتەکانی گروپە تیرۆریستییەکان.

ئەم دوو ئاستە هەستیارەش بریتین لە:

**ئاستی یەکەم: ڕایگشتی جیهانی**

ڕایگشتی هەروەك فلۆید ئەلپۆرت (Floye Allport) دەڵێت: بریتییە لەو بارودۆخەی کە تیایدا کەسەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (یا دژایەتیکردن) دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە[118]. هەربۆیەشە، مەیدانی ڕایگشتی، هەستیاترین بواری کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی تیرۆریزمە بۆ بەلاڕێدابردنی بیرکردنەوەو تێڕوانینی ڕایگشتی تاکەتاکەی کۆمەڵگاکانی جیهان. بەمپێیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی ڕاگەیاندنی تیرۆریزم، دەبێ ئامرازەکانی میدیا بەهەر چوار هۆیەکەیەوە، لەهەوڵی بەرپەرچدانەوەی ساتبەساتی پروپاگەندە (Propaganda)ی تیرۆریستاندا بێت و ڕاستییەکان بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە.

هەروەکچۆن ئەیزنهاوەر لەبارەی هێرشی پروپاگەندەی تیرۆریستانەوە لە (١٧)ی دیسامبەری (١٩٥٥)دا ڕایگەیاند: گەورەترین جەنگ کە لەبەردەماندایە، جەنگێکە بۆ دیلکردنی ڕای مرۆڤ[119].

---

[116] – هەڤاڵ ئەبوبەکر: چەند هەنگاوێك بەرەو ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنوسی، پروپاگەندەو ڕایگشتی. چاپی دووەم ١٩٩٧. لا٥.

[117] – هەڤاڵ ئەبوبەکر: ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی. چاپی یەکەم ٢٠٠٢، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیر. لا (٢٨،٢٧).

[118] –ريو.ام– كريستنسن، رابرت. او– مك ويليام: صداى مردم. مترجم: محمود عنايت. نشر كتاب سرا. چاپ اول بهار ١٣٦٥. ص (٢٠).

[119] – د. سيد محمد دادگران: مبانى ارتباط جمعى، چاپ سوم ١٣٧٩، چاپ گلشن. ص (٥٢).

لەئەمڕۆشدا، تیرۆریزم پەی بە گرنگی تەواوی رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن بردووەو لەڕێگەیەوە هەوڵ دەدەن پەیامەکەیان بگەیەنن، بەهەمان ئاراستەشدا پێویستە ئەو پەیامە لەسەرئاستی جیهان ڕەت بدرێتەوە کە هەوڵی بەتیرۆریزمکردنی جیهان دەدات.

**ئاستی دووەم: لەسەر ئاستی میللی**

**شوێنی جیۆگرافیای میللی بەبەراورد لەگەڵ جیهاندا، پانتاییەکی گچکەتری هەیە بۆ کارکردنی تیرۆریزمو تائەندازەیەکیش، بەرەنگاربوونەوەی ئاسانترە. راگەیاندن دەتوانێ بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕان لەکۆمەڵگادا دروست بکات بەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێت، واتا ڕاگەیاندن کۆمەڵگا بەئاراستەدا دەبات بەرەو گۆڕان.**

**گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانیش بریتین لە:**

**-گۆڕانی مەعریفی** (Cognitive Change).

**-گۆڕان لەکرداردا** (Change in Action).

**-گۆڕانی رەفتاریی** (Behavioural Change).

**-گۆڕان لەبەهادا** (Change in Values)[١٢٠].

لەم ڕوانگەیەوە، ڕاگەیاندن لەهەر چوار گۆڕانەکەدا، دەبێ خاوەنی پرۆژەیەکی بەگژداچوونەوەش بێت بۆ دیاردەیەکی نمونەی وەك تیرۆر تا وەك لەمپەرێك لەبەردەم ئەم گۆڕانانەدا، بەجەماوەرەکەی بناسێنێتو هەوڵ بدات ڕایگشتی کۆمەڵگاکە لەدژی ئەو دیاردە ترسناکە بخاتەگەڕ.

---

[١٢٠] -د. منى سعيد الحديدى، د. سلوى امام على: الاعلام و المجتمع، مكتبة الاسرة ٢٠٠٤. ص (٣٣).

# فەسڵی چوارەم: بەکلتورکردنی دیالۆگ‌و هزری ناتوندوتیژی

هەوڵدان بۆ دروستکردنی دیالۆگ وەك ڕایەڵێك لەنێوان بیروڕا جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای جیهانیدا، بەردەوام خەسڵەتێك بووە لەخەسڵەتەکانی ئاشتی‌و دوورکەوتنەوە لەجەنگ‌و توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانییەوە.

بەمشێوەیە، لەهەر قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا کە سایکۆلۆژییەتی توندوتیژی لەدەوری تەوەری خولیای دەسەڵاتخوازی‌و هێزی کاولکاریدا دەخولێتەوە، جۆرە دەرکەوتنێکی هۆشیاری سەبارەت بە ناتوندوتیژی مرۆڤ، بۆیە مێژووی ناتوندوتیژی بریتییە لەڕەتکردنەوەی توندوتیژی.

مەهاتما گاندی (١٨٦٩-١٩٤٨) دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە کە لەویلایەتی خۆرئاوای هیندستان لەدایکبووە، دوای ئەوەی وڵاتەکەی خۆی ڕزگارکرد، میراتێکی فکریی نوێشی بۆ جیهان جێهێشت کە بە (هزری ناتوندوتیژی) ناوزەد دەکرێت، لەم هزرەدا گاندی دەڵێت: ئێمە ئازادیمان بردەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانین بەبێ ڕۆحی لێبوردەیی‌و پێکەوەژیان ڕێگە لەجەنگ بگرین هەربۆیەشە دیالۆگ تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانە[١٢١].

بۆ ڕێگە گرتن لەبەرهەمهاتنی تیرۆر لەکۆمەڵگاداو بەگژداچوونەوەی ئەو تیرۆرەش کە لەمڕۆدا هاتۆتە ئاراوەو جاڕی جەنگی داوە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان دەکرێ لەدوو تێڕوانینەوە ڕێگاچارەی بۆ بدۆزرێتەوە.

**١)کلتوریزەکردنی دیالۆگ:**

پەنابردنە بەر دیالۆگ‌و گفتوگۆو ڕەخساندنی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، ڕێگەیەکیشە بۆ دوورکەوتنەوە لەهەرجۆرە توندوتیژییەك. لەم دیدەوە، هەرکات گفتوگۆی ئازادانە هەبێت ئەوا توندوتیژیش دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی. لێرەدا پێویستە ئەخلاقی قوربانی (مەبەست لە تیرۆرکراوە) ئەوە نییە درێژە بەسەربڕین بدات، بەڵکو ئەوەیە هەموو چەقۆکان بنێژێت‌و کارێك بکات کە چەقۆهەڵگرەکان بەناو پرۆژەکانی تێکەڵبوونەوەو سیستەمی پەروەردەو فێرکردن‌و ڕۆشنبیریدا بێنەوە ناوکۆمەڵگاو تەبایی ژیانی هاوبەش وەك دۆخێکی ئاسایی قبوڵ بکەن‌و ببنەوە بەکائینێکی کۆمەڵایەتی[١٢٢]. کاتێك ئەم کلتورەمان لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا چەسپاند، ئەوا وەك میراتێك لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوێزرێتەوەو دەتوانین بڵێین بۆ هەمیشە، لەتوندوتیژی‌و پەنابردنە بەرتیرۆر دووردەکەوینەوە. هەر ئەم فاکتەرەشە، بەرهەمهێنانی تیرۆر لەهەناوی کۆمەڵگای ئەوروپیدا لەنزمترین ئاستدایە.

**٢) گفتوگۆ لەگەڵ تیرۆریزمدا:**

مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو لەبەردەم گۆڕاندایە، بەومانایەی دەکرێ پیاوکوژانی ئەمڕۆ هیومانیستی سبەی بن‌و بەپێچەوانەشەوە.

لەکاتێکدا جیهان بەهەمانشێوەی جەنگی سارد، بەسەر دوو جەمسەری وەك بەرەی دژەتیرۆریزم‌و بەرەی تیرۆریزمدا دابەش بووە، هەردووکیان ڕەنگدانەوەی سیاسەتی یەکترن، هەروەکچۆن (دێزمۆند توتو) دەڵێت: مرۆڤایەتی من پەیوەستە بەمرۆڤایەتی تۆوە، چونکە ئێمە تەنها پێکەوە دەتوانین مرۆڤ بین[١٢٣].

ڕەنگە دەوڵەتێك بتوانێ خواستەکانی تیرۆریزم ڕەت بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ لەبەرچاویان نەگرێت. لەبەرچاوگرتنی پەیامەکانی تیرۆریزم لەلایەن بەرەی دژەتیرۆرەوە، ڕێگای گفتوگۆ هەموار دەکات‌و زۆربەیجاریش

---

[١٢١]- مەهاتما گاندی: هزری ناتوندوتیژی. سایتی (www.mkgahdhi.com ).

[١٢٢] -ڕێبوار سیوەیلی: نەتەوەو حیکایەت. دەزگای سپیرێز، چاپی یەکەم هەولێر٢٠٠٢. لا (٧٤-٧٥).

[١٢٣] - رامین جەهانبەگلو: هزری ناتوندوتیژی. وەرگێڕانی: مراد حەکیم. پێداچوونەوەی: موسڵح ئیروانی. چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢. لا (٢٩-٣٠).

ئەنجامێکی ئاشتیانەی لێدەکەوێتەوە. باشترین نمونەش، کەمبوونەوەی کارە تیرۆریستییەکانە لەو دەوڵەتانەی ناکۆکی میللی و مەزهەبییەکانیان لەڕێگەی ئاشتیخوازییەوە چارەسەر کرد. وەك دەوڵەتانی ئەوروپا لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا.

***دەرئەنجام:**

**دوای توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر دۆسییەی تیرۆریزمو هەڕەشەکانی بۆسەر کۆمەڵگای جیهانی، هەروەها دەستنیشانکردنی جۆرو مۆدیلو میکانیزمی بەگژداچوونەوەو بنەبڕکردنیشی، بەچەند دەرئەنجامێك گەیشتین وەك:**

**١-پەرەسەندنی ڕۆژبەڕۆژی دیاردەی تیرۆریزمو بوونی مۆدیلەجۆربەجۆرەکانی، بۆتەمایەی ئەوەیکە خوێندنەوەی جیاوازی بۆبکرێتو بەردەوام لایەنی شاراوەو نوێی ئاشکرابکرێت. لەم توێژینەوەیەشدا، پەردە لەسەر فاکتەرەشاراوەکانی پشت پەرەسەندن (بەبەراورد لەگەڵ لەگەڵ دەیەکانی ڕابردوودا) هەڵماڵرا کە هەقیقەتەکەی دەگەڕێتەوە گەرمبوونی ململانێکان لەپێناو دەستبەسەرداگرتنی گلۆباڵییانەی جیهان**
**٢-بەپێی ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەوە هاتنەئارا، تاوەکو ژینگەی دیالۆگو گفتوگۆی ئازاد بۆ ڕادەربڕینو ژیانی ئازادانە فەراهەم بکرێت، ئەوا دیاردەی تیرۆریزمیش دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی.**
**٣-بنەمای ململانێی بەرەی تیرۆریزمو بەرەی دژەتیرۆریزم، لەسەر زەوتکردنی بەرژەوەندیی یەکترەو پێناچێت بەمزووانە کۆتایی پێبێت، بەڵکو بەردەوام لەبەرهەمهاتنەوەدایە.**
**٤-بەپێی راڤەیەکی خێرای سەرجەم ئەو راستیانەی لەبەشو پارەکانی ئەم توێژینەوەیەدا هەن، سات لەدوای سات هەڕەشەکانی تیرۆر بەرەو زیادبوون دەچن. بەتایبەتی کە بەهۆی گلۆباڵیزەبوونیشییەوە، ناتوانرێ ڕێگە لەم پەرەسەندنەی تیرۆر بگیردرێت. چاوەڕوانیش دەکرێت پتر لەو سەردەمە پڕلەململانێیەی توێژینەوەمان لەبارەیەوە کردووە، کێشەو مەترسییەکانی تیرۆر بەرەو زیادبوون بچن. یاخود لەئایندەیەکی نزیکدا، تەواوی جیهان بەهەمان شێوەی جەنگی سارد، ڕووبەڕووی جەنگێکی سەرتاپاگیر ببنەوە.**
**٥- ڕێگاکانی بنەبڕکردنی تیرۆریزم زۆرن، بەڵام بەسودترینیان کە دەتوانرێ ڕەگوڕیشەی ئەم مەترسییە وشك بکرێتو هەم کۆمەڵگاش کەمترین زیانی بەربکەوێت، بریتییە لەڕێگای یاساییو بەکلتورکردنی هرزی ناتوندوتیژیو دیالۆگ لەکۆمەڵگاکانی جیهاندا.**

Kurdistannet کوردستان نێت

## سەرچاوە کوردییەکان


***کتێب**

١. ئەحمەد محەمەد رەفعەت (دکتۆر) و سالّح بەکر ئەلتەییار (دکتۆر): تیرۆری نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی: کوێستان جەمال. خانەی وەرگێران. ٢٠٠٣، زنجیرە (٢٠).

٢. بروس هۆفمان: تیرۆریزم. وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد)، کتێبی گیرفان زنجیرە (٦٠)، ساڵی ٢٠٠٥.

٣. رامین جەهانبەگلو: هـزری ناتوندوتیـژی. وەرگێڕانی: مـراد حـەکیم. پێداچوونەوەی: موسڵح ئیروانی. چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢

٤. ڕێبوار سیوەیلی: نەتەوەو حیکایەت. دەزگای سپیرێز، چاپی یەکەم هەولێر٢٠٠٢.

٥. شوان ئەحمەد: ئیسلامی سیاسی، کتێبی ڕووناکبیری ژمارە (٤٢)، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٤.

٦. فوئاد مەجید میسری: کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا. چاپی دووەم ٢٠٠٢.

٧. فەرید ئەسەسەرد: سەید قوتب و تیۆری تـەکفیرکردنی کۆمـەڵ و دەوڵـەت. چاپی یەکەم ٢٠٠٢. لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك).

٨. هـەڤاڵ ئەبوبـەکر: چـەند هـەنگاوێك بـەرەو راگەیانـدن، رۆژنامەنوسـی، پروپاگەنـدەو ڕایگشـتی. چـاپی دووەم ١٩٩٧.

٩. هەڤاڵ ئەبوبەکر: راگەیاندن و راگەیاندنی کوردی. چاپی یەکەم ٢٠٠٢، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیر.

***گۆڤارو ڕۆژنامە**

١٠. پالە باوانی: دیتنەکا دیروکی بو دیاردا تیروریّ. گۆڤارا بیاڤ. بوهارا ٢٠٠٤. ژمارا (١٣).

١١. سابیر بەکر بۆکانی: سەرەتایەك لەجەنگی دەروونی. گۆڤاری ڕێبـەری پێشـمەرگە. ژمـارە (٤)ی شوباتی ١٩٩٨.

١٢. محەمەد حەسەنین هەیکەل: گەڕانەوە بۆ بنج و بناوان. وەرگێڕانی: ئارام جەمال. گۆڤاری بیرووشیاری، ژمارە (١)

١٣. کارزان محەمەد: (وەرگێران) دەقی بڕیاری (١٣٧٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر. رۆژنامەی کوردستانی نوێ، (لاپەرەی سیاسەت)، ژمارە (٢٥٩٣)، رۆژی ٢٥/١٠/٢٠٠١.

١٤. کـارزان محـەمـەد:(وەرگێـڕان) پەیماننامـەو قەدەغـەو سـزادانی جینۆسـاید. گۆڤاری ئـەنفال، ژمـارە (٤)ی (٢٠٠٤).

١٥. کارزان محەمەد (وەرگێڕان): پێکهاتەی نهێنی ئەلقاعیدە.بەشی یەکەم رۆژنامـەی ئاسـۆ، ژمـارە (١٢٠)ی (٢٠٠٥/٧/٣١).


## سەرچاوە عەرەبییەکان


***کتێب**

١٦. احمد جلال عزالدين (دكتور): الارهاب..و العنف السياسى.(كتاب الحرية)، القاهرة ١٩٨٦.

١٧. د.عبدالرحيم صدقى: الارهاب السياسى و القانون الجنائى، ميصر ١٩٨٠.

١٨. محمـد يـونس محـب الـدين (دكتـور): الارهـاب فـى القـانون الجنـائى علـى المسـتويين الـوطنى و الـدولى، دراسة قانونية مقارنة. مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٧.

١٩. محمد حداد: القاموس اليبرالى– معجم المصطلحات. الحلقة رابعة. الجزء الاول. عراق ٢٠٠٥

٢٠. د. منى سعيد الحديدى، د. سلوى امام على: الاعلام و المجتمع، مكتبة الاسرة ٢٠٠٤.

***الصحف**

٢١. الاتحاد (صحيفة): مشروع قانون مكافحة الارهاب. عدد (١٠٧٥)، الثلاثا ْ (٢٠٠٥/٨/٢) السنة الثالثة عشرة.

## *سەرچاوە فارسییەکان

***کتێب**

٢٢. ابن هشام: زندگانى حضرت محمد. مترجم : حجت الاسلام هاشم رسولى. تهران. چاپ دوم بهار ١٣٦٤ شمسى.
٢٣. انتونى گيدنز: جامعەشناسى. ترجمه منوچهر صبورى. نشر نى. چاپ دوازدهم ١٣٨٣.
٢٤. بلاذرى: فتوح البلدان. ترجمه( أ.أذرتاش)، انتشارات بنياد فرهنگ ايران ١٣٤٦.
٢٥. پير رنوون: جنگ جيهانى اول. ترجمه: د.عباس أگاهى. چاپ سوم ١٣٧٥. موسسه أستان قدس رضوى.
٢٦. تدرابرت گر: چرا انسانها شورش مى كنند. ترجمه:على مرشدى زاد، چاپ دوم ١٣٧٩. انتشارات پژوهشكده مطالعات راهبردى.
٢٧. تيرى ميسان: دروغ بزرگ. بدون نام مترجم. انتشارات شريف نيوز. تهران ١٣٨٤.
٢٨. دپويى ترور نويت: حقوق امنيتى و نظامى بين المللى. ترجمه: سيد سعادت حسينى. چاپ اول ١٣٨١.
٢٩. صلاح نصر: جنگ روانى. مترجم: محمود حقيقت كاشانى. تهران. چاپ دوم، ١٣٨١. انتشارات سروش.
٣٠. عبدالرحمان عالم: بنيادهاى علم سياست. نشر نى. تهران. چاپ دوازدهم
٣١. سيد على اصغر كاظمى: ديپلماسى نوين در عصر دگرگونى در روابط بين المللى. تهران. چاپ سوم ١٣٧٠.
٣٢. محمد بن جرير طبرى: تاريخ طبرى يا تاريخ الرسل و الملوك. ترجمه: ابو قاسم پاينده. جلد سوم. انتشارات اساطير. تهران ١٣٦٣.
٣٣. محمد على ذكريايى: ترور حجاريان بەروايت جناحهاى سياسى. چاپ اول ارديبهشت ١٣٧٩
٣٤. ملك يحيى صلاحى (دكتر): انديشەهاى سياسى غرب در قرن بيستم. نشر قومس. چاپ اول ١٣٨١.
٣٥. مهدى يدالهى: اطلاعات عمومى.چاپ اول ١٣٧٣.
٣٦. مهرداد مهرين: اطلاعات عمومى. چاپ اول انتشارات خشايار ١٣٨١.
٣٧. ناصر فكوهى (دكتر): خشونت سياسى (نظريات، مباحث، اشكال و راهكارها). تهران چاپ اول ١٣٧٨.
٣٨. والتر رايش: ريشەهاى تروريسم، مترجم: سيد حسن محمدى نجم. تهران. ١٣٨١.
٣٩. هانرى ميشل: جنگ جهانى دوم. ترجمه: د. عباس أگاهى. چاپ دوم مشهد ١٣٧٤.

***گۆڤارو ڕۆژنامە**

٤٠. باقر مومنى: نخستين ترورهاى فردى سياسى و كشتارهاى جمعى در جامعه مدنى اسلامى. نشريه (اتحاد كار)، بهمن (١٣٧٩

٤١. رابرت پیپ: ارتباط بنیادگرایی اسلامی به تروریسم انتحاری. روزنامه ایران ٨٤/٥/٤.
٤٢. ریو.ام– کریستنسن، رابرت. او– مك ویلیام: صدای مردم. مترجم: محمود عنایت. نشر کتاب سرا. چاپ اول بهار ١٣٦٥.
٤٣. پرویز پیران: ردی از خون بر جای ماندهاست. روزنامه خرداد ١٣٧٨/١/٣٠.
٤٤. سید محمد دادگران (دکتر): مبانی ارتباط جمعی، چاپ سوم ١٣٧٩، چاپ گلشن.
٤٥. عباس خلجی: رویکرد سیاست خارجی امریکا بەتروریسم. بخش نخست. مجله سیاست دفاعی، شماره (٤) پاییز ١٣٨٢.
٤٦. علیرضا طیب: تروریسم در فرازو فرود تاریخ. مجله راهبرد، شماره (٢١)
٤٧. لۆمۆند دیبلۆماتیك: انتی تروریسم، شماره مارس ٢٠٠٤.
٤٨. مایکل والتسر: عذرتراشی برای تروریسم. ترجمه (عزت الله فولادوند). مجله فرهنگی و هنری (بخارا). شماره (٣٢).
٤٩. محمد علی سفری: مفاهیم تروریسم در قاموس زورمداران جهان، مجله الکترونی (صبا).
٥٠. مسعود عالمی: ریشەهای بنیادگرایی، قسمت اول. ماه نامه میهن، شماره (٦١)، فروردین ١٣٨٢، مارس– اوریل ٢٠٠٣،
٥١. ناصر قربان نیا: مواجهه با تروریسم رویکرد نظامی، سیاسی و یا حقوقی. فصلنامه نامەمفید، شماره (٤٣)، ١٣٨٤

## *وتارە ئینتەرنێتییەکان

٥٢. ابراهیم عمیقی ابر قویی: مراد از تروریسم دولتی چیست؟. سایتی (www.halgheh.net) ٢٠٠٥/٧/١١
٥٣. ابوذر گوهری مقدم: تروریسم. منبع باشگا اندیشه ٢٧اردیبیشت ماه١٣٨٤ در سایت (www.bashgah.com).
٥٤. حبیب زاده (دکتر): اخرین بخش میزگرد درمورد تروریسم. سایت (www.isu.ac.ir/Andesh-ye-Sadiq.) ، ١٣٨٤/٣/١
٥٥. حجت الله شهابی: پدیده تروریزم. سایت (www.bashgah.net) مرداد ١٣٨٣.
٥٦. حسن سواری: مبارزه علیه تروریسم و حقوق بین الملل (خطرات و فرصتها)، سایت (www.bashgah.net). ١٣٨٣/٣/٢٠
٥٧. ریچارد هنل: تروریسم شکل جدید جنگ. سایتی (www.irandidaban.com)، تیر ١٣٨٣.
٥٨. زهرا سادات کاظمی: تروریسم پست مدرن، سایتی (www.bashgah.net/fa/content). از ٢٠٠٥/٧/١٠.
٥٩. علی یوسفی: ابعاد تروریسم. سایت (ایران امروز)، تیر ١٣٨٣.
٦٠. علی تهرانی: تروریسم پست مدرن. سایتی نواندیش (www.noandish.com).
٦١. محمود کلاهچیان: تروریسم کور یا سایبری، مقالات پژوهشکده مطالعات راهبردی. سایتی (www.riss.ir)

## *سەرچاوە ئینگلیزییەکان

٦٢. Encarta Encyclopedia ٢٠٠٢, Entroduction UN.
٦٣. Encyclopaeclia Britannica, op, cit.

٦٤. M.Galanter, R. Rabkin, J. Rabkin. And A. Deutsch "The Moonies" A Psychological Study of Conversion and Membership in a Contemporary Religious Sect," American Journal of Psychiatry ١٣٦ (١٩٧٩):١٦٥

٦٥. The New Encyclopedia Britanica, ١٩٨٦, London.

٦٦. –Zilinskas, R,A. (Terrorism and Biological Weapons: Inevitable alliance?) Perspectives in biology and medicine ١٩٩٠.

**پاشكۆی ژماره (١)**

## دەقی بڕیاری (١٣٧٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر[١]

ئاماژە: دوای كارەساتی (١١)ی سێپتامبەری ئەمریكاو دەستپێكردنی جەنگی دژی تیرۆریزم، ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لە (٢٨ی ئەیلول)دا بڕیارنامەیەكی لەمبارەیەوە دەركرد. ئەمەش دەقەكەیەتی

***          ***          ***

بریارنامەی (١٣٧٣)ی ساڵی (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە (٤٣٨٥)مین كۆبوونەوەی خۆیدا لە (٢٨)ی ئەیلولی (٢٠٠١)دا بڕیاری لەسەر دا.

*ئەنجومەنی ئاسایش

بەپشت بەستن بەبڕیاری (١٢٦٩)ی (١٩)ی تشرینی یەكەمی (١٩٩٩)و بڕیاری (١٣٦٨)ی (١٢ی ئەیلولی ٢٠٠١)یش بۆ دووپاتكردنەوەی ئیدانەكردنی ئاشكرای هێرشە تیرۆریستییەكانی ڕۆژی (١١ی ئەیلولی ٢٠٠١) كە لەنیویۆرك، واشنتۆن، سلڤانیا ڕووی داو دەرخستنی ئیرادە بۆ پێشگرتن لەتەواوی ئەم جۆرە كارانە. هەورەها بەدووپاتكردنەوەی ئەو ڕاستییەی كە ئەم جۆرە كارانە وەك هەركارێكی تیرۆریستی نێودەوڵەتیترە بۆ هەڕەشەكردن لەئاسایش‌و ئارامی جیهان‌و بەپشتبەستن بەمافی بەرگری بەكۆمەڵ‌و بەرگریی لەخۆكردن كە لەلایەن جاڕنامەی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە بەڕەسمی ناسێندراوەو لەبڕیاری (١٣٦٨ی ٢٠٠١)دا ڕاگەیەندراوە، بۆ زەرووڕەتی بەگژداچوونەوەی بەهەموو ئامرازێك‌و بەپێی جاڕنامەی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان دەربارەی ئەو هەڕەشانەی كە لەئاسایش‌و ئارامی نێودەوڵەتی دەكرێت، بەهۆی كارە خراپە تیرۆریستییەكانەوە، دوای نیگەرانییەكی قوڵ بەرامبەر زیادبوونی كاری تیرۆریستی‌و نەبوونی میانڕەوی‌و تاكگەرایەتی لەناوچە جۆربەجۆرەكانی جیهان، لەسەر خواستی وڵاتان بۆ ئەنجامدانی هاوكارییەكی بەپەلە بۆ پێشگرتن‌و سەركوتكردنی كارە تیرۆریستییەكان، لەڕیزیاندا لەڕێگەی زیادكردنی هاوكاری‌و جێبەجێكردنی تەواوی پەیماننامە نێودەوڵەتییەكانی پەیوەندیدار بەتیرۆریزم.

بەپشت بەستن بەو بڕیارەی كە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لەڕاگەیاندنی خۆیدا لەتشرینی یەكەمی (١٩٧٠) ((بڕیارنامەی ٢٥ی ٢٦٢٥)، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری لێ داو بڕیاری (١١٨٩ی ١٩٩٨)ی (١٣ی ئابی ١٩٩٨)دا ڕایگەیاندووە.

واتە هەموو وڵاتێك ئەركی سەرشانییەتی خۆی بەدووربگرێت لەبزواندن‌و یارمەتیدان یان لەبەشداریكردن لەكارە تیرۆریستییەكان لەوڵاتانیتراو تەرخان نەكردنی كەس بۆ چالاكی ئەم ڕێكخراوانە لەژێردەسەڵاتیانداو خۆدوورخستنەوە لەكارە تاوانكارییەكانی ئەم گروپانە. بەپێی بەشی حەوتەمی جاڕنامەی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان.

١-بڕیار درا كە لەهەموو وڵاتاندا پێویستە:-

*پێشگرتن لەدابینكردنی سەرچاوەی ئابوری كارە تیرۆریستییەكان‌و ڕاوەستاندنیان.

[١]- دەقی ئەم بڕیارنامەیە پێشتر لەلایەن نوسەری ئەم باسەوە وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی كوردی‌و لەژمارەی (٢٥٩٣)ی (٢٥/١٠/٢٠٠٣)ی ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)دا بڵاوكراوەتەوە.

Kurdistannet کوردستان نێت

*پێشکەشکردن و کۆکردنەوەی ئارەزوومەندانەی سەرچاوە ئابورییەکان لەڕێگەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەلایەنگرەکانی خۆیان یان لەژێر دەسەڵاتیاندا بەئامانجی ئەوەی کە ئەم سەرچاوە ئابورییانە بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی بەکاردەهێنرێت یان لەبەرنامەدابێت بەکاربهێنرێت" ئەوا بەکارێکی تاوانبارانە دەژمێردرێت.

* بەبێ دواکەوتن سەرچاوە ئابورییەکان و سەرجەم دارایی و ئابوری یان سەرچاوەی ئابوری ئەو کەسانەی کە ئەنجامدەری کارە تیرۆریستییەکانن یان لەبەرنامەیاندایە یان لەئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکاندا بەشداری دەکەن یاخود ئاسانکاری بۆ دەکەن" بلۆك بکرێت.

سەرچاوەی دارایی و سەرجەم ماڵە داراییەکان یان ئیمکانیاتە ئابورییەکان کە بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم گروپانەوە هەیە یان لەخزمەتیاندایە بەپەلە بلۆك بکرێت.

لەوانەش سەرچاوە داراییە خاوەکان یان بەرهەم هێنراوەکان و ئەو کەلوپەلانەی بەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکەسانی ئەو گروپ و لایەنانەوە هەیە.

*لایەنگرەکانیان یا هەرکەس و لایەنێك لەژێر دەسەڵاتیاندا سەرچاوەی ئابوری، داراییە ئابورییەکان یان خزمەتگوزارییە داراییەکان کە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە کاری تیرۆریستی دەکەن، یان لەبەرنامەیاندایە یان ئاسانکاری دەکەن یان لەکارە تیرۆریستییەکاندا بەشداری دەکەن" قەدەغە بکرێن. ئەم قەدەغەکردنە پێویستە ئەو گروپە خزمەتگوزارییانەش لەخۆبگرێت کە پێشبینی دەکرێت یارمەتی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆی ئەو گروپ و کەس و لایەنانە بکات کە بەفەرمانی ئەو، ئەو گروپ و کەسانە کاردەکەن.

٢- بڕیار درا کەلەسەر هەموو وڵاتان پێویستە:-

*دوورکەوتنەوە لەپێشکەشکردنی هەرجۆرە پشتیوانییەك لەچالاکی ئەو ناوەندو کەسانەی کە دەستیان لە تیرۆریزمدا هەیە. لەوانەش ڕاگرتنی ئەندامبوون لەگروپە تیرۆریستییەکان و قەدەغەکردنی پێدانی چەك بەتیرۆریستەکان.

* هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ پێشگرتن لەئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکان وەکو ئاگادارکردنەوەی سەرەتایی بۆ سەرجەم وڵاتان لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری.

*خۆپاراستن لەپەنادانی ئەو کەسانەی کە دابینکەری سەرچاوەی ئابوری و پشتیوان و بەرنامەدانەری کارە تیرۆریستییەکانن یان ئەنجامی دەدەن یان پاڵپشتیان دەکەن.

*قەدەغەکردنی سودوەرگرتن لەناوچەکانی خۆی دژ بەوڵاتانیتر، یان هاوڵاتیانی خۆی ببن بەکەسانێك کە دابینکەری ئابوری و بەرنامەڕێژو ئاسانکارو ئەنجامدەری کارە تیرۆریستییەکانن.

*لەو بڕیارە دڵنیابن هەر کەسێك بەشداربێت لەدابینکردنی سەرچاوەی ئابوری، پلاندانان، ئامادەسازی یان ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی یان پشتیوانی لەکارە تیرۆرستییەکان" بەدەستی یاسا دەسپێردرێن و سەرەڕای ئەمەش سەرجەم بەرنامەدانەرەکانی ئەم کارانە پێویستە دڵنیابن کە ئەم گروپانە کارە تیرۆریستییەکانیان وەکو تاوانێکی گەورە لەیاساو بڕیارەکانی ناوخۆدا دەژمێدرێت و سزای توندی ئەو گروپانە دەدرێت کە کاری تیرۆریستی دەکەن.

*لەکاتی لێکۆڵینەوە لەتاوان، یان کاتی ڕوودانی تاوان لەبواری دابینکردنی دارایی یان پشتیوانی لەکارە تیرۆریستییەکان زۆرترین هاوکاری لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ بکرێت وەکو یارمەتیدان بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەی پێویست.

Kurdistannet کوردستان نێت

*کاری بەرنامەڕێژی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی سنور و ئاشکراکردنی ناسنامەی ڕەگەزو بەڵگەنامەی گەشت کردن، کارکردن بۆ پێشگرتن لەتەزوویرکردنی بەڵگەنامە یان سودوەرگرتن لەتەزوویرکردنی ناسنامەی ڕەگەزو بەڵگەنامەی گەشت کردن.

*پێشگرتن لەجوڵانی تیرۆریستەکان یان گروپە تیرۆریستییەکان.

٣-بڕیارەکە داوا لەهەموو وڵاتان دەکات:

-دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ بەهێزکردن و خێراکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری دەربارەی چالاکییەکان بەتایبەتی لەبواری کار یان چالاکی تۆڕە تیرۆریستییەکان، بەڵگەنامەی تیرۆریستی گەشت کردن، وەرگرتنی چەك، ماددەبێهۆشکەرەکان یان ماددە هەستیارەکان، سودوەرگرتنی گروپە تیرۆریستییەکان لەداهێنانە سیخوڕییەکان و هەڕەشەکردن بەهۆی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە.

-بەپێی یاساناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان هاوکاری بکرێت لەئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەبواری ئیداری و دادوەریی، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەکارەتیرۆریستییەکان.

-بەمەبەستی ڕێگەگرتن و سەرکوتکردنی کارە تیرۆریستییەکان و ئەنجامدانی کاری پێویست بەرامبەر تاوانبارانی ئەم گروپە، هاوکاری یەکتر بکەن بەتایبەتی لەڕێگەی ئۆرگانیزەکردن و پەیماننامە دوولایەنی و فرەلایەنییەکان.

-هەرچی زووترە پابەندبن بەپەیماننامەو پرۆتۆکۆلەکانی تایبەت بەتیرۆریزم. لەوانەش پەیماننامەی نێودەوڵەتی وەستاندنی سەرچاوەی ئابوری تیرۆریزم لە (٩ی کانونی یەکەمی ١٩٩٩).

-بەپێی ناوەرۆکی مافە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، هەنگاوی پێویست بنرێت پێش بەخشینی مافی پەنابەری، بۆئەوەی دڵنیابن کە پەنابەران بەشدارنین لەپلاندانان، ئاسانکاری یان ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکان.

-بەپێی مافە نێودەوڵەتییەکان لەوە دڵنیابن کە ئەنجامدەران، ڕێکخەران یان ئاسانکەرانی کارە تیرۆریستییەکان سود لەپەنابەران وەرناگرن و پروپاگەندەکانیان بۆ هۆکاری سیاسی بەڕەسمی نەناسن لەژێرناوی بەڵگەی ڕەتکردنەوەی خواستی گەڕانەوەی تاوانبارانی تیرۆریست.

٤-بەنیگەرانییەوە ئاماژە دەکەین بۆ پەیوەندی نزیکی نێوان تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و تاوانبارانی سەرسنور لەبواری ماددە بێهۆشکەرەکان، وەرگرتنی چەك، جێبەجێکردنی نایاسایی، چەکی ناوەکی، کیمیاوی، بایۆلۆجی و سەرجەم ماددەکۆمەڵکوژەکان. ئەمەش پێویستی بەبەهێزکردنی هاوکاریی و هەوڵەکانە لەسەرئاستی میللی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەمەبەستی پتەوکردنی وەڵامی جیهان بۆ ئەم جەنگە نوێیەو هەڕەشەکانی لەبەرامبەر ئاسایشی نێودەوڵەتی.

٥-ڕایدەگەیەنین کە کارو ڕێگاکانی کردە تیرۆریستییەکان، پێچەوانەی ئامانج و بەرنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەو دابینکردنی سەرچاوەی ئابوری و پلاندانان و بزاوتنی کارە تیرۆریستییەکانیش پێچەوانەی ئامانج و بەرنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

٦-بڕیار درا بەپێی ماددەی (٢٨)ی یاسای کاتی، کۆمیتەیەك لەئەنجومەنی ئاسایش پێکبهێنرێت کە تەواوی ئەندامانی ئەنجومەن لەخۆدەگرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارنامەیە. بۆ یارمەتی و کۆمەکی زانستی و هونەری گونجاو" داوا لەهەموو وڵاتان دەکرێت بەلایەنی کەمەو لەماوەی (٩٠)ڕۆژدا لەمێژووی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە

دوای ئەوەی بەپێی خشتەی کاتی کە کۆمیتەکە پێشنیازی دەکات دەربارەی ئەو هەنگاوانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارنامەیە ئەنجامیان داوە" بەکۆمیتەکە ڕابگەیەنن.

٧- ئەم کۆمیتەیە ڕادەسپێردرێت ئەرك‌و بەرنامەکاریی خۆی لەماوەی (٣٠)ڕۆژدا دوای دانانی ئەم بڕیارنامەیە، دیاری بکات‌و بەڕاوێژکردن لەگەڵ سکرتێری گشتیدا ئەو کۆمەکانەی کە پێویستە" لێ‌ی بکۆڵدرێتەوە.

٨- بڕیاردرا لەسەر ئەنجامدانی سەرجەم هەنگاوە پێویستەکان بۆ دڵنیابوون لەجێبەجێکردنی تەواوی ئەم بڕیارنامەیە بەپێی بەرپرسیارییەکانی خۆی، لەڕاگەیاندنەکانیشیدا ئاشکرا بکرێت.

٩-هەروەها بڕیار درا ئەم مەسەلەیە چاودێری بکرێت.

**پاشکۆی ژماره (٢)**

# هەرەمی ڕێکخراوی ئەلقاعیده[٢]

**ڕێکخراوی ئەلقاعیده بەپێی دابەشبوونی جیۆگرافی جیهان، خۆی دابەش کردۆتەسەر (٥) ناوچەو (ئوسامه بن لادن)یش لەڕووی لێپرسراویەتییەوە لوتکەی هەرەمەکەدایە.**

*** ناوچەی هیندوپاکستان**

**لەلایەن (موجاهیدولخالس)ەوە سەرپەرشتی دەکرێتو دابەش کراوە بەسەر سێ بەرەدا:**

**- سوپای محەمەد بەفەرماندەیی (مەولەوی مەسعود ئەزهەر).**

**- بزووتنەوەی موجاهیدەکانی کشمیر بەفەرماندەیی (سەید سەلاحەدین).**

**-کۆمەڵەی ئیسلامی کشمیر بەفەرماندەیی (عبدالرشید الترابی).**

***ناوچەی ئاسیای ناوەند**

**پێکهاتووە لەئۆزبەکستان، چیچان، گورجستانو باشوری چین. فەرماندەیی ئەم ناوچەیە لەئەستۆی (تاهیر یوڵداشیف)دایەو سەرپەرشتی چوار ڕێکخراوی لۆکاڵی دەکات.**

**-بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان کە خودی (یوڵداشیف) دامەزرێنەرییەتی.**

**-ڕێکخراوی موجاهیدینی عەرەبە چیچانییەکان بەفەرماندەیی (ابو الولید عەبدالعزیز الغامدی).**

**-تۆڕی تەوحیدو جیهاد لەناوچەی (بەنکیس)ی گورجستان بەفەرماندەیی (ابوالعتبه).**

**-بزووتنەوەی ئیسلامی ئاویغورها کە لە پارێزگای (زین جیانگ)ی (چین)دایە لەفەرماندەیی (ئاوجیماندی عەباس).**

***ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا**

**پێکهاتووە لەئەندەنۆسیا، مالیزیاو فلیپین. فەرماندەیی ئەم ناوچەیە لەئەستۆی (سەرهەنگ سۆمیرۆ)ی ناسراو بە (ذوالقرنین)دایە. سەرپەرشتی (٥) گروپی لۆکاڵی دەکات بەمشێوەیە:**

**-کۆمەڵەی ئیسلامی ئەندەنۆسیا بەفەرماندەیی (ذوالمتین)ی ناسراو بە (النابغە).**

**- گروپی سەربازی جیهادی ئەندەنۆسیا بەفەرماندەیی (جعفر ابوالطالب).**

**-کۆمەڵەی ئیسلامی مالیزیا بەفەرماندەیی (یزید صفعت).**

**-بزووتنەوەی ئەبوسەیافی فلیپین بەفەرماندەیی (عبدالرزاق جنجلانی) ناسراو بە(ابوصبایا).**

**-بەرەی ئیسلامی ئازادیخوازی مۆرۆ بەفەرماندەیی (ئاوستافا زاریف گولابی)**

***ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو کەنداوی فارس**

**پێکهاتووە لە عەرەبستانی سعودییە، یەمەن، کوێت، عیراق، تورکیاو لوبنان. لێپرسراوییەتی ئەم ناوچەیە لەئەستۆی (عبدالکریم المجاطی)دابوو کە تیرۆریستێکی مەراکیشی بوو و لە مانگی (نیسانی ٢٠٠٥)دا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عەرەبستانی سعودییەوە کوژرا، هێشتا دیارنییە کێ وەك جێگر لەلایەن ئەلقاعیدەوە**

---

[٢] —ئەم هەرەمەی ئەلقاعیده، بریتییە لە بەشی سێیەمی ئەو وتارەی لەلایەن نوسەرەوە کراوە بەکوردیو لەرۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٢٦)ی (٢٠٠٥/٨/١٤)دا بڵاوکراوەتەوە لەژێرناونیشانی (پێکهاتەی نهێنی ئەلقاعیده).

دەستنیشـان کـراوە. چـالاکترین ناوچـەی ڕێکخـراوی ئەلقاعیدەیـەو سەرپەرشـتی (٥) ناوچـەی لۆکـاڵی دەکـات بەمشێوەیە:

–ئەنسـارولقاعیدە لەدوورگـەی عـەرەب کـە فەرماندەییەکـەی لەئەسـتۆی (سـعود العتیبـی)دابـوو و لەناوەڕاسـتی ساڵی (٢٠٠٥)دا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سعودییەوە کوژرا.

–ڕێکخراوی سەلەفییەکانی کوێت بەفەرماندەیی (خالد بن عیسی السلطان).

–سوپای (عەدەن ئابین) بەفەرماندەیی (طارق الفضلی).

–ئەنسارولقاعیدە لەیەمەن بەفەرماندەیی (محمد ابوغیث).

لقی دووەمـی ئـەم ناوچـەیە لەعیراقدا چڕکراوەتەوەو سێ ڕێکخـراوی سـەربەئەلقاعیدەی تیادایـەو (ابومصـعب الزرقاوی)ی بەڕەگەز ئوردنی سەرپەرشتیارێتی دەکات:

– کۆمەڵەی تەوحیدو جیهاد بەفەرماندەیی (ابومصعب الزرقاوی)ی بەڕەگەز ئوردنی.

–بزووتنەوەی ئەنسارولئیسلام بەفەرماندەیی (مەلا کرێکار).

–سوپای ئەنسارولسوننە لەعیراق بەفەرماندەیی (ابو عبدالله حسن بن محمود).

لقی سێیەمی ئەم ناوچەیەش پێکهاتووە لە ئەردەن، لوبنان و تورکیاو ئەم سێ گروپە لەخۆدەگرێت:

–بزووتنەوەی سەلەفی ئەردەنی بەفەرماندەیی (ابو محمد المقدسی).

–عوسبەتولئەنسار بەفەرماندەیی (عبدالکریم السعدی) ناسراو بە (ابو محجن).

–بەرەی ئیسلامی سوارانی خۆرهەڵاتی مەزن لەتورکیا بەفەرماندەیی (حبیب اقداش).

***ناوچەی خۆرئاوای عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

پێکهاتووە لە (١١) وڵاتی ئەوروپایی و ئەفریقایی وەك:"ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، جەزائیر، تونس، مەراکیش، لیبیا)و (١١) گروپیش لەخۆدەگرێت.

– (جماعة السلفیة للدعوة و القیتال الجزائر) بەفەرماندەیی (ابو مصعب عبدالودود).

–(جناح سلفیة الجهادیة) بەفەرماندەیی (محمد الفیزازی).

–ڕێکخراوی (صراط المستقیم) لەمەراکیش بەفەرماندەیی (میلودی زکریا).

–کۆمەڵەی (الهیجرەو التفکیر)ی مەراکیش بەفەرماندەیی (داود مخملی).

–کۆمەڵەی ئیسلامییە جەنگاوەرەکانی مەراکیش بەفەرماندەیی (محمد الکربوزی) کە لە (لەندەن) دادەنیشێت.

–کۆمەڵەی ئیسلامییە جەنگاوەرەکانی لیبیا بەفەرماندەیی (عبدالله الصادق).

– کۆمەڵەی ئیسلامییە جەنگاوەرەکانی تونس بەفەرماندەیی (نزار الطرابلسی)، ئەم ڕێکخـراوە چاودێرە بەسـەر وڵاتانی بەلجیکاو هۆڵەنداوە.

–بەرەی ئیسلامی تونس بەفەرماندەیی (علی بن طاهر).

–ڕێکخراوی ئەنسارولشەریعەت لەلەندەن بەفەرماندەیی (ابو حمزة المصریة).

–ڕێکخراوی (المهاجرون) بەفەرماندەیی (عمر بکری محمد).